# گوتاری ئایینی له‌ کوردستاندا

**٢- ١**



سالار عوسمان

له‌پێناو ڕێکخستن و یه‌کگرتنه‌وه‌ی و هه‌مدیس هاوچه‌رخیی گوتاری ئاینی له‌کوردستاندا، وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف و کاروباری ئایینی له‌٢٠٠٩/٢/١٧به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز نێچیرڤان بارزانی سه‌رۆکی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان کۆنفرانسێکی فراوانی به‌ست که‌ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ روناکبیرانی ئاینی و پسپۆڕانی بواری ئایین تێیدائاماده‌بوون. به‌رله‌هه‌رشت به‌پێویستی ده‌زانم ده‌ست خۆشیی له‌سه‌رۆکایه‌تی حکومه‌تی هه‌رێم و وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف بکه‌م چونکه‌ ئه‌مجاره‌یان له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگ هه‌ڵوه‌سته‌یان کرد که‌ئه‌ویش گوتاری ئاینییه‌ له‌کوردستاندا، ده‌مه‌وێ له‌دوو ئه‌ڵقه‌دا په‌نجه‌له‌سه‌رگرنگترین بوارو پرسه‌ په‌یوه‌ند داره‌کان دابنێم و له‌گه‌ڵیشدا ئه‌گه‌ر به‌خێراییش بێت خوێندنه‌وه‌یه‌کی وتاری پڕ نێوه‌رۆکی سه‌رۆکی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان پێشکه‌ش بکه‌م.

## گرنگیی گوتاری ئایینی له‌کۆمه‌ڵگای کوردستاندا:-

به‌رله‌ئێستاگوتمان گوتاری ئایینی مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگه‌، گرنگییه‌که‌شی له‌عه‌قیده‌و بڕوای خه‌ڵکی کوردستانه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێت، کارکردن له‌نێو عه‌قیده‌ و بڕوادا قووڵبوونه‌وه‌ی ده‌وێت، هه‌موو ئه‌وهه‌وڵانه‌ی عه‌قیده‌ و بڕوای به‌رامبه‌ر ڕه‌ت ده‌که‌نه‌وه‌ ناتوانن گفتوگۆبکه‌ن، پته‌ویی زه‌وینه‌ی هه‌ر گفتوگۆیه‌ک سه‌ره‌تا له‌ڕێزگرتنی به‌رامبه‌ره‌وه‌ ده‌ست پێده‌کات، که‌واته‌ ئێمه‌ ده‌بێ له‌و مونته‌ڵه‌قه‌وه‌ ده‌ست به‌ گفتوگۆ بکه‌ین، مونته‌ڵه‌قی ڕێزگرتن له‌ بڕواو قه‌ناعه‌ت و عه‌قیده‌ی به‌رامبه‌ر، به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر ئه‌و عه‌قیده‌یه‌ ئایینی بێت و خۆیشمان له‌نێو بازنه‌ی ئه‌و ئایینه‌دابین، ئه‌م چه‌ند رسته‌یه‌م بۆ ئه‌وه‌ گووت تابتوانم بڵێم گوتاری ئاینی له‌کوردستان گوتارێکی خودان بڕواو پیرۆزیی و له‌هه‌مان کاتیشدا فراوانترین پانتایی بڵاوکردنه‌وه‌ی هه‌یه‌و ده‌کرێ بڵێین خاوه‌ن زۆرترین کاریگه‌ریشه‌ له‌هه‌مان کاتدا.. هه‌ربۆیه‌ پێویسته‌ هه‌ڵوه‌سته‌کردنمان جدی بێت و ئه‌رکه‌کانی نێو ئه‌و هه‌ڵوه‌سته‌ کردنه‌شمان دابه‌ش و پۆلێن بکه‌ین، چونکه‌ گوتاری ئایینی و ئه‌رک و به‌رپرسیه‌تی ئه‌وگوتاره‌ هه‌رته‌نیا کاری زانایانی ئایینی و وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف نییه‌ - به‌ڵکو کاری وڵاته‌، کاری روناکبیران و میدیا و بژارده‌ی کۆمه‌ڵگایه‌.. ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف ده‌یکات کارێکی زۆرباشه‌، چونکه‌ کاتی ئه‌وه‌ هاتووه‌ به‌مینبه‌ری مزگه‌وته‌کاندا بچینه‌وه‌، مه‌به‌ستم له‌مینبه‌ر گوتاری ئایینییه‌، چونکه‌ هه‌ندێ گوتار به‌هه‌موو پێوه‌رێک ده‌بی رابگیرێ، هه‌ندێکیشیان ده‌بێ ئازاد و ئازاد تربکرێ، ئه‌وه‌ی رابگیرێ ئه‌و ته‌رزه‌گوتاره‌یه‌ که‌ هانی توندو تیژیی ده‌دات، ئه‌وه‌ی پێویسته‌ ئازادیش بکرێ، گوتارێکه‌ هه‌ڵگری په‌یامێکی ئایینی مۆڤدۆستانه‌ی نیشتمانییه‌، ئه‌وه‌ی یه‌که‌م دژ به‌ئایین و ئه‌وه‌ی دووه‌م کۆک، که‌واته‌ ئه‌رکی هه‌موومانه‌، به‌رله‌هه‌مووشمان زانایانی ئایینیه‌ ڕێ له‌وجۆره‌ گوتاره‌ بگرن که‌ دژه‌ به‌ئایین.

## ڕێکخستن + یه‌کگرتوویی + هاوچه‌رخیبوون:-

ده‌کرێ بڵێین ئه‌مانه‌ ( ٣) سێ ئامانجی هه‌ره‌سه‌ره‌کی کۆنفرانسه‌که‌ بوون، وا لێره‌دا به‌کورتی و به‌خێرایی لا له‌ هه‌رسێ ئامانجه‌که‌ ده‌که‌ینه‌وه‌:-

### ١- ڕێکخستنی گوتاری ئایینی:-

به‌دڵنیاییه‌وه‌ ده‌توانین بڵێین گوتاری ئایینی ڕێک نه‌خراوه‌، هه‌ربۆیه‌ هه‌ر وتاربێژه‌و له‌ئاوازێک ده‌خوێنێ، قه‌ینا ئاوازه‌کان جودان، بگره‌ باشیشه‌، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئاوازی دژ، لێره‌و له‌وێ به‌فیتی ئه‌م و ئه‌و درووست بوو ده‌بێ هه‌ڵوه‌سته‌ی له‌سه‌ربکه‌ین و بپرسین ئه‌م ئاوازه‌ دژه‌ بۆ و له‌پێناو چی؟! که‌واته‌ دره‌نگه‌ و زوو نییه‌ تا ئه‌م بواره‌گرنگه‌ی ژیانی کۆمه‌ڵگا (گوتاری ئایینی ) ڕێک بخرێته‌وه‌و له‌ ڕێکخستنه‌وه‌شیدا به‌رژه‌وه‌ندی کوردستان له‌سه‌رووی هه‌موو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانه‌وه‌ دابنرێت که‌ئه‌مه‌شیان خاڵێکی گه‌وهه‌ر ئاسای نێو ئایینه‌و به‌شێکیشه‌ له‌ چاکه‌ و ئیمان و ئیمانداریی..

### ٢- یه‌کگرتوویی گوتاری ئایینی:-

دیاره‌ مه‌به‌ست له‌ یه‌کگرتوویی ئه‌وه‌نییه‌ که‌ گوتاره‌ کان وه‌ک یه‌ک بن، به‌ڵکو مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه‌ که‌ هه‌موویان له‌ئایین و نه‌ته‌وه‌ و مرۆڤدۆستی ده‌رنه‌چن، چونکه‌ ناکرێت وتاربێژێک به‌ دروستی کاربکات به‌ڵام ئه‌ویتر سوکایه‌تی به‌شۆڕشی میله‌تێک بکات و ئه‌وی تریش جنێو بدات و ئه‌وی دیکه‌شیان شه‌وانه‌ تاکێکی تیرۆریست به‌رهه‌م بێنێت !!. هه‌مووشیان له‌سه‌ر یه‌ک وه‌زاره‌ت و حکومه‌ت بن!..

ده‌بێ گوتاری ئایینی له‌سه‌رچه‌ند بنه‌مایه‌ک دابڕێژرێ و بازنه‌یه‌ک هه‌موویان کۆبکاته‌وه‌ و گرنگ ترین خاڵی کۆکردنه‌وه‌ش تێکه‌ڵکردنی (ئایین و نه‌ته‌وه‌) بێت.

### ٣- هاوچه‌رخیبوون:-

دیاره‌ چه‌مکی (هاوچورخیبوون) چه‌مکێکی ئاڵوزو قسه‌هه‌ڵگره‌ و هه‌رته‌نێ له‌بواری ئایینیشدا نه‌بۆته‌ مایه‌ی گه‌نگه‌شه‌ و مشتومڕ، بگره‌ له‌ بواره‌کانی تری سیاسه‌ت و فیکرو هونه‌ر و فه‌لسه‌فه‌ و ئه‌ده‌بیشدا، به‌هه‌مان شێوه‌ مشتومڕ و گفتوگۆیه‌کی زۆری ناوه‌ته‌وه‌ که‌ قووڵبوونه‌وه‌لێی جێی ئێره‌ نییه‌، ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیی به‌نووسینه‌که‌ی ئێمه‌وه‌هه‌یه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌پێویسته‌ گوتاری ئایینی ئه‌م کراسه‌ کۆنه‌،باوه‌،سواوه‌، ته‌قلیدییه‌، به‌سه‌رچووه‌ی له‌به‌ریه‌تی دایکه‌نێ و ئیتر له‌گه‌ڵ چاخدا خۆی بگونجێنی و ڕێ بکا، ڕێ کردنێک ده‌ره‌قه‌تی کێشمه‌کێش و هاوکێشه‌ و پرسیاره‌ قورسه‌کانی ئه‌م چاخه‌بێت، چونکه‌ ئه‌گه‌ر وانه‌کات، وه‌ک ئه‌وه‌ی ئێستا هه‌یه‌ جێ ده‌مێنی، چونکه‌ ئه‌گه‌ر به‌راوردی گوتاری ئایینی بکه‌ین (به‌شێوه‌یه‌کی گشتی ) ده‌گه‌ڵ باقی گوتاری بواره‌ هزریی و مه‌عریفییه‌کانی تری کۆمه‌ڵگای کوردستان ده‌بینین گوتاری ئایینی له‌دواوه‌یه‌ و نه‌یتوانیوه‌ ده‌گه‌ڵ زه‌مه‌ندا ڕێ بکات!..

هاوچه‌رخیبوونی گوری ئایینی پێویستی به‌:-

١- پشتگیری حکومه‌ت و نێوه‌نده‌ کلتووری و مه‌عریفییه‌کانی کوردستانه‌، به‌تایبه‌ت میدیا و زانکۆکان .

٢- نه‌وه‌یه‌کی نوێی زانای ئاینییه‌ له‌ کوردستاندا که‌ له‌نێو هاوچه‌رخیبوون و نوێ بووندا گه‌وره‌بووبێ!.

# ئاکامە سیاسیەکانی دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان....



فوئاد سدیق

راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان، زۆر چاوەڕوانکراو نەبوو،راستە هەڵبژاردنی ئەمجارە لە هی ٢٠٠٥ جیاواز بوو، ئەمجارە عەرەبی سوننە بە گەرمی بەشداری کرد، پێچەوانەی شیعە کە لە ٢٠٠٥ دا گەرمتر بەشداریان کردبوو، ئەمجارە خەمساردیی شیعەکانی پێوە دیار بوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ململانێیانەی ناو خودی شیعەکان دا هەبوو، کە نیو ئەوەندە ئاوڕیان لە کارە خزمەتگوزارییەکان نەدابۆوە.ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەهۆی ئەو ململانێ و مەیلە تاکڕەوییانەی لەناو خودی حزبی دەعوەوە دروستبووەو لەوێوەش گەرای خۆی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت داناوە، کاردانەوەیەکی نەگەتیڤانەی دروستکردووە، بە جۆرێك خودی عێراقییەکان ترسیان لە دووبارە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت هەبێت، بەڵام ئەمجارە لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هێشتا سایکۆلۆژییەتی خەڵکی عێراق تا رادەیەك لەگەڵ دروستکردنەوەی حکومەتێکی بەهێزدایە، لەبیریان چوو حکومەتی بەغدای سەردەمی بەعسیش هەڕەشەی لەناوچوونی لە ئیسرائیل دەکردو چاویشی لە وڵاتانی عەرەبی سووردەکردەوە، بەڵام دواجار خەڵکی عێراقی کردە سووتەمەنی دیکتاتۆرییەتەکەی و دواجاریش خودی رژێمەکە خۆیشی بە مەرگەساتئامێزی لەناوچوو.

بەهەرحاڵ ئەوەی پێویستە ئێمەی کورد لەسەری هەڵوەستە بکەین، ئەوەیە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان،دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە لە لایەك رێژەی بەشداریکردنی خەڵك بە گشتی کەمتر بوو لە هی ساڵی ٢٠٠٥ سەرباری بەشدارینەکردنی عەرەبی سوونە لەوکاتدا، لەلایەکی تریشەوە ریشەی دیکتاتۆرییەت خەریکە لە عێراق دەچێنرێتەوەو تەنها کورد باس لە عێراقێکی فیدڕاڵی دەکات، ئەگینا لە راگەیاندنی حزبەکانی عێراق و تەنانەت لە هی حکومەتیشدا باس لە عێراقی فیدڕاڵی ناکرێت، مالیکیش نەیشاردۆتەوەو نایشارێتەوە کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ فیدراڵیەت نییە و دژی ئەو ئەزموونەیشە کە لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، هەر لەبەر دژایەتیکردنی ئەزموونی کوردستان و بەهێزکردنی عێراقیش بووە تەنانەت هەندێك لە باڵە شۆڤینییەکانی عەرەبی سوننەش وردە وردە دەچنە پاڵ مالیکی، دیارترینیان سالح موتلەگ و خەلەف عەلەیانە.رابردووی هەردووکیشیان دیارە چی بووە .کەواتە ئەو هاوپەیمانی و ئیئتیلافییەی لە ماوەی دووسێ ساڵی رابردوودا هەبوو، بارو زروفێکی ناجێگیر کە ئەوکات تیرۆر لە پەرەسەندندابوو، بەرنامەو میتۆدی گرووپ و لایەنەکان تەواو جێگیر نەبووبوو، بۆیە ئێستا خەریکە هاوپەیمانێتییەکی دیکەی دروست تر دێتە کایەوە، ئەویش ئەوانەن کە کارو بەرنامەیان لەیەك نزیکە، لەم ناوەندەدا، ئەوانەی لەگەڵ مالیکی یەکدەگرنەوە، هەموو ئەوانەن کە دژی ئەزموونی کوردستانن، واتا باڵ و گرووپ و لایەنە توندڕەوەکان لەگەڵ مالیکین، باشترین نموونەش کۆسپ دروستکرنی ئەمجارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان بوو، کە مالیکی دژی سامەرائی وەستا، کەواتا دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، بۆ هەڵبژاردنی سامەرائی کوردو ئەنجوومەنی باڵاو حزبی ئیسلامی و ئەلعێراقییەو هەندێك لە کەسایەتی دیموکرات و سەربەخۆکانیش یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بوون، بەڵام نەیانتوانی سەرکەون، بەڵکو باڵەکەی تر کە مالیکی هەڵیدەسووڕاند سەرکەوتن، ئێ باشە ئەگەر ئەم باڵو حزب و لایەنانە هەمدیسان یەکبگرنەوە، چۆن دەتوانن مالیکی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لابدەن؟، پێم وایە ئەمەیان ئەستەمتر دەبێت، بۆیە کورد ئەمجارە بە زەحمەتتر رووبەڕووی مالیکی دەبێتەوە، بەڵام ماحاڵیش نییە، چونکە کوردیش هێشتا کارتی باشی هەن، دەکرێ لە هەر کات و ساتێکدا دژ بە مالیکی بەکاریان بهێنێ، چونکە بوارێك بۆ تێکگەیشتنی کوردو مالیکی نەماوەتەوە، ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە مالیکی سەرفی نەزەر لە هەندێ شت دەکات تا ئەمجارە دەبێتەوە بە سەرۆکی وەزیران، دەنا ئەو دەستکەوتانەی وەدەستیشمان هێناوە، هەوڵی لێسەندنەوەیان دەدات. کەواتە چیبکەین، کورد بە مەیلە تاکڕەوییەکەی مالیکی رازی بێت، یان هەوڵی جیابوونەوەی بدات، کە نازانرێ ئاکامە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکەی چۆن دەبێت؟ رەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاوا ئاسان نەبێت، بەڵام کورد بە گشتی هەوڵی لۆبی دروستکردنی نەداوە، ئەو بودجەیەی تورکیا لە لۆبییەکانی خۆی خەرجی دەکات، ئێکجار زۆرن، راستە کورد ناتوانێ وەکو تورك یا عەرەب لۆبی دروست بکات، بەڵام دەشمانتوانی کارێك بکەین کە قەناعەتی گەورە وڵاتان تا رادەیەك بگۆڕین، هاوکات دەشمانتوانی لە رابردوودا باشتر لەگەڵ تورکیا هەڵمان بکردایەو تورکیامان بە دەروازەیەکی گرنگی خۆمان دابنایە، راستە ئاسان نەبوون، بەڵام مەحاڵیش نەبوون، لەم رووەوە کورد دەیتوانی شتێك بە شتێك بکات ئەگەر بەرنامەی چڕی هەبوایە. ئێستاش کورد دەتوانێ لەگەڵ تورکیا هەنگاوی جیدیترو خێراتر بنێ و بەرژەوەندییەکانی کورد زیاتر لەگەڵ تورکیا باشترە هەتا لەگەڵ بەغدا، بەهۆی تورکیاوە زۆر دەرگا بەسەر خۆماندا دەکەینەوە کە پێشووتر نەکراونەتەوە، بەغداش ئەوکات حیسابێکت بۆ دەکات و عێراقی نوێش بەهۆی تاکڕەوی مالیکی لەدەست دەچێت و ئەمەش بەگران لەسەر باڵ و لایەنە توندڕەوەکان دەوەستێ.کە پێم وانییە سیاسەتی هاوپەیمانان و نێودەوڵەتی ئەمە قەبووڵ بکەن، بەڵام ئەوەی پێویستە لەسەری نەوەستین ئەوەیە هەنگاوەکانمان لەگەڵ تورکیا خێراتر بکەین، دەکرێ لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش زۆر شت بکرێ، کە زۆر باشترە لەوەی لەگەڵ بەغدا هێندە خۆمان خەریك بکەین، کەچی دوارۆژێکی روونیشی نییە.

بەهەر حاڵ پێویستە ئیتر دیپلۆماسیەتی کوردی چالاکانەتر کار بکات و هاوسەنگی سیاسەتی دەرەوەش بپارێزین و لەیەك کاتدا لە هەموو ئەو دەرگایانە بدەین کە هێشتا داخراون. بەهۆی پێگەی جوگرافیەوە دەکرێ هەرێمی کوردستان و تورکیا لە زۆر رووەوە بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، بۆ سیاسەتی دەرەوەش تورکیا زۆر زۆر لە عێراق گرنگترە بۆ هەرێمی کوردستان.

# کودەتایەکەی دژ بە مالیکی چی بەسەر هات؟



فەیسەڵ دەباغ

پەیوەنـــدی نێوان نوری مالیکی ســـەرۆك وەزیرانـــی عێراق و حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان بـــەرەو خراپـــی دەچێت، ئەو پەیوەندییەش تارادەیەکی زۆر هەر بە پەیوەندییەکەی ســـەردەمی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی پێشوو دەشوبهێنرێت.
بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وا بڕیار بوو مالیکی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لەگەڵ سەرکردایەتی کوردا دەربارەی کێشـــە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر گفتوگۆ بکات.
ئەوکات لە لێدوانێکمدا بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەو ســـەردانەم بە دوور زانی و گوتم مالیکی تاکۆتایی بە هەڵبژاردن نەهێنرێ و ئەنجامەکـــەی نەزانـــرێ ســـەردانی هەولێر ناکات، ئێســـتا هەڵبژاردنەکـــە کۆتایی پێ هاتـــووە و میدیاکانیش دووبارە باس لەو سەردانەی مالیکی دەکەن، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەر دەســـتمدان بەر لە سەردانەکەی مالیکی شاندێکی حزبی دەعوە ســـەردانی هەولێر دەکات و ئەو ســـەردانەش وەك زەمینە خۆشکردن وایە بۆ سەردانەکەی مالیکی.
هەرچەندە چاودێران پێیان وایە ئەگەر ئەو دوو ســـەردانە ئەنجام بدرێن کێشـــەکانی نێوان هەردوولا دێنە چارەسەرکردن، بەڵام من پێموا نییە ئەو دوو ســـەردانە بتوانن چارەسەری هەموو کێشەکان بکـــەن، بەتایبەتی پاش هەڵبژاردن کە مالیکی هەســـت دەکات ئێســـتا بەهێزترە و زۆر لایەنیش پشـــتگیری لە هەڵوێستەکانی دەکەن، چونکە ســـەرۆك وەزیرانە و بەرژەوەندییەکانیشـــی حوکم لەسەر زۆر شت دەکەن، بەتایبەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی پاش شکســـتەکەی لە دوا هەڵبژاردندا، ئێستا وازی لە بیرۆکەی بەرپاکردنی کودەتایەك دژ بە مالیکی  هێناوە و بەرپرسانیشـــی قسە لەسەر بەهێزکردنی ئیئتیلافە شیعیەکە دەکەن.
پرسیار ئەوەیە: ئایا هیچ بیرۆکەیەك بۆ بەرپاکردنی کودەتا دژ بە مالیکی لە ئارادا بوو یان نەء؟
ئەنجوومەنـــی باڵای ئیســـلامی کە هیچ کاتێـــك نە لەگەڵ جەعفـــەری و نە لەگەڵ مالیکـــی و نە لەگەڵ حزبی دەعوە بە باڵە جیاجیاکانییەوە زۆر تەبا نەبووە، پاش هەڵبژاردنی پارێزگاکان و شکســـتی ئەنجوومەنی باڵا هەســـتکرا کە مانەوەی مالیکی مەترسییەکی گەورەیە و ئەگەر زوو بیر لەلابردنەوەی نەکرێ ئەوا پاش هەڵبژاردنی  پەرلەمانی کە بڕیار وایە لە کۆتایی ئەمساڵدا بەڕێوە بچێت مەسەلەی لابردنی زۆر بە زەحمەت دەبێ.
هەر چەندە د. عادل عەبدولمەهدی و د. ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیســـتی ئەلعێراقیە د. فوئاد مەعسوم ســـەرۆکی هاوپەیمانی کوردستانی و هەروا هادی ئەلعامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر ئەوەیـــان ڕەتکردەوە کە هەوڵێك یان پلانێك لە ئارادابێ بۆ لابردنی مالیکی لە پۆستی ســـەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام عزەت شابەندەر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە لیستی ئەلعێراقییە، بوونی ئەو هەوڵە یان ئەو پلانەی پشت ڕاست کردەوە.
عزەت شابەندەر لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت ئـــەوەی ڕاگەیاند کە مالیکـــی بە هەمـــوو هێزێکییەوە دژ بە هەڵبژاردنی ئەیاد  ئەلســـامەڕائی پاڵێوراوی حزبی ئیســـلامی عێراق بۆ پۆســـتی ســـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران وەســـتا و ڕاشیگەیاند کە ئەلسامەڕائی بەشێك بوو لە سەفقەیەکی کورد و ئەنجوومەنی باڵا و چەند هێزێکی دیکە کە دەیانویســـت لە ڕێی دەنگدانی پەرلەمانییەوە ڕۆڵی مالیکی لە پرۆسەی سیاسی کەم بکەنەوە، یانیش لە پۆستەکەی لایببەن.
هەر چەند عەبـــاس ئەلبەیاتی لە لێدوانێکیـــدا ئەم هەوڵەی بە هەوڵێکی نا واقیعی دانا و گوایە بەمەبەســـتی فشارخســـتن بۆ سەر مالیکی ئەو قسەیە دەکرێ، بەڵام ئاماژەیەکی زۆر بچووکی دا کە ئەم هەوڵە ئەگەر بشـــدرێت ســـەرناکەوێ چونکە متمانە سەندن لە مالیکی بە واتای هەڵبژاردنی سەر لە نوێی پەرلەمان دێت و بەپێی دوا ڕاپرســـیش مالیکی چانسێکی زۆری لە پێشە بۆ ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بێنێ.
ڕاشـــیگەیاند ئەستەمە ئەم کارە بکرێ، چونکە بەشکاری تایفی کاریگەرییەکـــی گەورەی هەیـــە لە پێکهێنانـــی حکومەت و پەرلەماندا، ئەوەی لە پشـــت پەردەکانی سیاســـەتی عێراقدا ڕوو دەدات، بەتایبەتی لەئەنجوومەنی ســـەرۆکایەتی و جووڵەی ئەم دواییەی هەندێ لە پەرلەمانتاران و دەستنیشانکردنی ئاراستەی قەوارەکان و ڕۆڵی مەرجەعییەت لە کێشەکە دا هەموویان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە بەکردەوە پلانێك یان هەوڵێکی وا لە ئارادابوو.
سەردانەکەی مالیکی بۆ لای سیستانی و باسکردنی پەیوەندییە خراپەکانـــی نێوان لیســـتی ئیئتیـــلاف دەوڵەتی یاســـا لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا بە سەرۆکایەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و نیەتی مالیکی بە کردنەوەی فایلی گەندەڵی دژ بە ئەنجوومەنی باڵا، یەکـــەم هۆکاربوو کەوای لە ئەنجوومەن کرد کە بیر لە هەوڵێکی وا بـــکات و دەشیویســـت  ئەم کارە بە هـــاوکاری کورد و حزبی ئیســـلامی و لیستی ئەلعێراقیە و بە پشـــتگیری مەرجەعیەت ئەنجام بدات.
ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە دیار و ئاشکرایە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ مالیکیدا خراپە، مالیکی بە هەموو  هێزێکییەوە دەیەوێ ڕادەیەك بۆ دەسەڵاتی کورد دابنێ و تەگەرەش بخاتە بەردەم ئەو مەسەلانەی کە ســـەبارەت بە کورد چارەنووسسازن، بۆیە هەقی خۆیەتـــی بیر لە کردەوەیەکی وا بکات، بەڵام ئەی ســـەبارەت بە لیستی ئەلعێراقییە؟
بەپێی ئەو زانیارییەی بەدەســـتمان کەوتـــووە، ئەنجوومەنی باڵا بەڵێنی بە د. ئەیاد عەلاوی دابوو کە لە بارێکدا ئەگەر بەشداری لەلابردنـــی مالیکی بکات و د. عادل عەبدولمەهدی جێی ئەوی گرتەوە، ئەوا پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری پێ دەسپێردرێ.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

د. ئەیاد عەلاوی بۆ دڵنیابوون لە هەڵوێستی مەرجەعییەت، کە پێی وایە ئەم کارە بەبێ ڕەزامەندی مەرجەعییەت سەر ناگرێ، هەر زوو سەردانی سیستانی کرد، بەڵام لەو سەردانەیدا هەستی بەوە نەکرد کە مەرجەعییەت پشتگیری لە هەوڵێکی وا دەکات، بۆیە پاش ئەنجامدانی زنجیرە کۆبوونەوەیەك لە نێوان عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و د. ئەیاد عەلاوی، هەریەك لە ئەیاد عەلاوی و د. عادل عەبدولمەهدی و هادی ئەلعامری لە چەند لێدوانێکدا ئەم هەوڵەیان ڕەتکردەوە، هەتا گەیشتە ئەو رادەیەی کە هادی ئەلعامری بڵێ: ئێمە بە هەموو هێزێکمانەوە بەرگری لە مانەوەی مالیکی دەکەین و ئیئتیلافی یەکگرتووش بەهێزتر دەکەین..! باشە بۆ ئەنجومەنی باڵا دەیویست ئەوکارە بکات و دواتر لێی پاشگەز بووەوە؟

ئەنجومەنی باڵا لەوە دەترسا نەوەکو سەرکەوتنەکەی مالیکی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا دووبارە ببێتەوە و بەمەیش ئەنجومەنی باڵا بخاتە هەڵوێستێکی لاوازەوە، کە ئەو کاتیش لابردنی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەستەم دەبێت.

هەروەها ئەنجومەن پێی وابوو جوولەی مالیکی بەگێڕانەوەی ڕەوتی سەدر و حزبی فەزیلە و هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ ئەنجومەنی دیالۆگ بەسەرۆکایەتی خەلەف ئەلعەلیان هەڵوێستی دژە دۆستەکان تێك دەدات بەشێوەیەك کە پێیان ناکرێ وەکو پێشوو بە ئازادییەوە بجوولێن، بۆیە هەر لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی باڵا و هەندێ لایەن کەوتنە خۆ و سوودیشیان لەو جوولەیەی مالیکی وەرگرت بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەوتی سەدر و فەزیلە و ترساندنی سیستانی لەو هاوپەیمانییە نوێیەی مالیکی کە دەیەوێ جێی ئیئتیلافی یەکگرتوو بگرێتەوە.

ڕاستە ئەو هاوپەیمانییە نوێیە بیرۆکەی موقتەدا سەدرە و ئەو بیرۆکەیەشی لە نامەیەکیدا کە بۆ ئیئتیلافی یەکگرتوو و ناردبووی خستبووەڕوو، بەڵام لە واقیعدا بیرۆکەی موقتەدا و مالیکی بوو، مەبەستیش ڕاکێشانی بەرەکە بوو لە بن پێی ئەنجومەنی باڵا.

حەیدەر ئەلعبادی کە سەرکردەیەکی ناسراوی ناو حزبی دەعوەیە و یەکێکە لەو کەسانەی کە لە مالیکی نزیکە دەڵێ: ئێمە ئیئتیلافێکی نوێمان گەرەکە کە پشت بە چەند بنچینەیەکی نوێ ببەستێ، بە ئیعتباری ئەوەی کە ئیئتیلاف ئێستا لە بارودۆخێکدا هاتبووە ئارا کە جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا.

سەبارەت بەوەش کە ئایا ئەو دیدەی حزبی دەعوە ئەنجومەنی باڵاش دەگرێتەوە یان نەء؟ ئەلعبادی دەڵێ: ئێمە ئامادەین دانوستان لەگەڵ ئەنجومەنی باڵادا بکەین، بەڵام لەسەر بنچینەیەکی نوێ، نەك بنچینە کۆنەکە، کە ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەو کەشەی کە لەساڵی ٢٠٠٥دا باوبوو، واتە ئەو کاتەی شەعبیەتی ئەنجومەنی باڵا لەشەعبیەتی حزبی دەعوە زۆرتر بوو.

بەهەرحاڵ پێنەکردنی چرای سەوز بۆ عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و هەروا بۆ د. ئەیاد عەلاوی لەلایەن سیستانییەوە و هۆشداری دان بە مالیکی کە لە ڕیزی ئیئتیلافی یەکگرتوو دەرنەچێ وای لە ئەنجومەنی باڵا کرد کە لەو هەوڵی خۆی پاشگەز ببێتەوە و خەریکی ڕێکخستنی ناوماڵی شیعە بێ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوەیەکی ئەو ئیئتیلافە بە ئامادەبوونی مالیکی گرێدرا و تەئکید لەسەر گرنگی مانەوەی ئیئتیلافی یەکگرتوو و بەهێزکردنی کرایەوە، ئەویش بە گێڕانەوەی ئەو لایەنانەی کە لێی دەرچووبوون.

ئەوەی پێویستە بگوترێ، سەرەڕای هەڵوێستی سیستانی، ئەو لایەنانەی کە باسمان کردن نەیاندەتوانی بۆ لابردنی مالیکی دەنگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران وەدەست بێنن، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەیان پێویستیان بە دەنگی تر هەبوو کە نەدەکرا وا بە ئاسانی وەدەستی بێنن.

لایەنە بێ لایەنەکان لەو شێوازەی کە دەویسترا بە هۆیەوە پلانەکە جێبەجێ بکرێ دوودڵ بوون، ئەمە سەرەڕای مەترسیان لەو کارتانەی کە دەکرا مالیکی بە سەرکەوتوویی بەکاریان بێنێت و بارەکە بەسەر نەیارانیدا سەرەوژێر بکات.

با ئەوەشمان لە بیرنەچێ، ئەو لایەنانە لە ئاراستە نەتەوەییەکەی دوو حزبە کوردییەکە دەترسان، بەتایبەتی هەندێ لایەنی عەرەبی سوننە لە کەرکووك و مووسڵ و دیالا و هەروەها لە ئاراستەکەی حزبی ئیسلامی کە دەیەوێ هەر بەخۆی دەست بەسەر بەرکەوتی عەرەبی سوننە بگرێ.

لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەو لایەنانە، بێجگە لە کورد، بەهێزبوونی ئەنجومەنی باڵایان بەرامبەر بە مالیکی پێی ناخۆش نییە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، کە بەر لە هەموویان پرۆژە فیدراڵییەکەی ناوەڕاست و باشوورە کە ئەنجومەن بانگەشەی بۆ دەکات و لەم دواییەدا تووشی جۆرە شکستێك بوو.

پرۆژەکەی ئەنجومەنی باڵا لە دیدی ئەو بێ لایەنانە پێشەکییەکە بۆ دابەشکردنی عێراق و جیاکردنەوەی ١٠ پارێزگای شیعەنشینی عێراقە بۆ ئەوەی سەر بە حوکمی ویلایەتی فەقیهی ئێران بێت. هەروا داوای مالیکی بە هەموارکردنی دەستوور بە شێوەیەك ناوەند بەهێزتر بکات لەلایەن چەند قەوارەیەکی پەرلەمانییەوە لاگیری دەکرێ کە نەدەکرا ئەو لاگیرییە لەکاتی دەنگداندا پشتگوێ بخرێ.

ئەمە لە کاتێکدا گیروگرفتی حزبی ئیسلامی لەوەدابوو کە مالیکی رازی نەبووە دەنگ بە پاڵێوراوەکەی ئەو حزبە بدرێ و چەند لایەنێکی سوننیش لاگیری لەو هەڵوێستەی مالیکی دەکەن و، پێیان وایە عەرەبی سوننە تەنیا حزبی ئیسلامی عێراق نییە، وەك ئەنجومەنی دیالۆگ و هەروا ئەنجومەنەکانی سەحوە و گردبوونەوەی عەشایەری ئەنبار.

بەکورتی، ئێستا کورد بەتەنیا ماوەتەوە، ئەنجومەنی باڵا خەریکی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ مالیکی و عەلاویش دەڵێ ئەگەر ئەلتەرناتیڤێکی دیکە نەبێ و بارەکە لە بنەڕەتەوە نەگۆڕێ گۆڕینی مالیکی هیچ سوودێکی نابێ و حزبی ئیسلامی عێراقیش وەك پێشان ئەو پێگەیەی نەماوە کە هەیبوو، بۆیە هەقە کورد بە وردی لەسەر ئەو مەسەلەیە بووەستێ و بڕیارێکی گونجاوی بۆ بدات.

**مالیکی بە هەموو هێزێکییەوە دەیەوێ رادەیەک بۆ دەسەڵاتی کورد دابنێ و تەگەرەش بخاتە بەردەم ئەو مەسەلانەی کە سەبارەت بە کورد چارەنووسسازن**

**ئێستا کورد بەتەنیا ماوەتەوە، ئەنجومەنی باڵا خەریکی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ مالیکی و عەلاویش دەڵێ ئەگەر ئەلتەرناتیڤێکی دیکە نەبێ و بارەکە لە بنەڕەتەوە نەگۆڕێ گۆڕینی مالیکی هیچ سوودێکی نابێ و حزبی ئیسلامی عێراقیش وەک پێشان ئەو پێگەیەی نەماوە کە هەیبوو**



## بەرەو پێشەوەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان


# بەرهەمی سیاسەتی راستیی، حکومەتی هەرێمی کوردستانە

گرنگی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، لەو روانگەیەوە نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دراوسێکانی خراپە و بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا دەروازەییەکی لیدەکرێتەوە و لە گۆشەگیری رزگاری دەبێت، نەخێر هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەو سیاسەتە راست و دروستەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیادەکرێت، هەموو پەیوەندی دۆستانە و بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ تێکرای دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەوڵەتانی جیهان هەیە و رۆژ لەدوای رۆژیش کردنەوەی کونسلخانەی دەوڵەتان لە هەولێر روو لە زیادبوونە، لەم بوارەشدا تێگەیشتنیکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی دەولەتانی ئیقلیمی و جیهانی هەبووە بێجگە لە تورکیا، بۆیە سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولادا بەرێگەی دیالۆگ نمونەیەکی تازەی حکومرانی و پەیوەندی دراوسێیانەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمە یەکەم جاریشە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کیانێکی سیاسیی هەوڵبدات ناوچەکە لە شەرو شۆر دووربخاتەوە و زمانی دیالۆگ بکاتە رێگە چارەسەری سەرەکی بۆ کێشەکان، بەرێز حوسێن گلیرچە کە بۆ ئەمە راپۆرتە تایبەت بە گوڵان قسەی بۆکردووین، ئاماژە بەوە دەکات بەرێز فیکرەت بیلا لە رۆژنامەی میللیەت زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە کە ژەنراڵەکانی سوپا گەیشتونەتە قەناعەت کێشەکان بە شەڕکردنی چیاکان چارەسەر ناکرێت و دەبێت بگەرێنەوە بۆ زمانی دیالۆگ و لیکتیگەیشتن، ئەم گەیشتن بە قەناعەتەی ژەنرالەکانی تورکیا بەرهەمی ئەو دیپلۆماتییە لۆژیکانە و بەهێزەییە کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە کاتی خۆئامادەکردنی ژەنراڵەکانی سوپا بۆ هێرشکردنە سەرهەرێمی کوردستان و وەرگرتنی تیشکی سەوز لە ئەمەریکا پیادەی کرد و لەو کاتەی ئەردۆگان لە واشنتۆن بوو بۆ ئەوەی تیشکی سەوز بۆ هێرشەکەی لە بوش وەربگرێت، بەرێز نێچیرڤان بارزانی ئاگاداری کردنەوە کە شەر هیچ ئاکامێکی نابێت و بەشەڕ و رێگە چارەی سەربازی ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێت و دەبێت هەموو لایەك بگەینە قەناعەت کە تەنیا چارەسەر رێگە چارەی دیالۆگ و لیکتێگەیشتنە، ئەمڕۆ دوای ئەوەی هەموولایەك خەریکە دەگەنە قەناعەت و دەنگۆی ئەوە هەیە لە کاتی سەردانی سەرۆکی تورکیا بۆ بەغدا سەردانی هەولێریش بکات، جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لەو هەوڵانە بکەین کە بەهێزی دبلۆماسییەت رووبەرووی دبلۆماسییەتی هێز بووە و سەرکەوتنی هێزی دبلۆماسییەتیش هەموو کات ئاشتی بەدوای خۆیدا دێنیت و ئاشوبی شەڕ دووردەخاتەوە، کە هێشتا رۆژهەڵاتی ناوەراست ماویەتی واز لە شەڕ بێنێت و پێشوازی لە ئاشتی بکات .

# سەربەست عومەر
# دنیای هونەری کوردی بەجێهێشت

شــەوی ١٨-١٩ ئەم مانگە پەیکەرتاش و نەخشەســـاز و کاریکاتێریســـتی بە توانا، مامۆستای ئەکادیمی "سەربەســـت عومەر"ی کاریکاتێریست و نەخشەسازی ٩ ساڵەی گۆڤاری گوڵان، بە مردنێکی کتوپڕ دنیای هونەری کوردی بەجێ هێشت، ئەم هونەرمەندە زۆر بە پتەوی لایەنی تویکاری و مەنزور و هێلکاری فێری قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دەکرد، کارەکانی لە بواری پەیکەرتاشی دا کاریگەری بەسەر هۆڵ و شەقام و زۆربەی شوێنە گشتیەکانی پایتەختەوە هەبوو، لە هەموو ســـتایلە نوێیەکاندا دەســـتێکی باڵای هەبوو لە گۆڕانکاری دا، وەکو کەســـایەتیش رۆڵی باشی هەبوو لە لێکتر نزیکخســـتنەوەی هونەرمەندانی شارەکانی کوردستان، کەسێك بوو لە رووی ئەکادیمیەوە شـــارەزای کارەکانی هەموو هونەرمەندانی جیهان و کوردستان بوو،هاوخەمی خۆمان بە کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە دەردەبڕین، ئەمـــە زیانێکی گەورەیە بەر هونەری کوردی دەکەوێت خوا سەبووری خانەوادەکەی بکات.







دۆغۆ ئیرگل بۆ گوڵان:

# ئەگەر توانیمان پەیوەندی ئابووری و بازرگانی دروست بکەین پەیوەندییە سیاسییەکان ئاسان دەبێت



پرۆفیسۆر دۆغۆ ئیرگل ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەستەنبوڵ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا و خاوەنی ٢١ کتێبە کە سیانیان بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە و چەندین دیراسەت و توێژینەوەشی لەسەر کێشەی کورد نووسیوە لەوانە مەسەلەی کورد لە تورکیا، ئەم دیراسەتەی بە زمانی ئینگلیزی لە گۆڤاری جۆرناڵ ئۆف دیموکراسی بڵاوکردۆتەوە کە زانکۆی جۆنس هۆپکینس لە ئەمەریکا دەریدەکات، هەروەها بەردەوامیش لە رۆژنامەکانی تورکیا لەسەرکێشەی کورد دەنووسێت و دووهەفتە جارێکیش ستوونێکی بە زمانی ئینگلیزی لە رۆژنامەی تودەی زمانی تورکە هەیە، سەبارەت بەم کێشەی کورد لە تورکیا و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پرۆفیسۆر ئیرگل مجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

●●●

**• پەیوەندی هەولێرو ئەنقەرە بەرەو بارودۆخێکی تازە دەچێت و ئێمە دەزانین کە حکومەتی تورکی پێویستە چەند هەنگاوێکی گرنگ بهاوێ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئەم پەیوەندییە، هۆکارەکانی ئەم نزیکبوونەوەیەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم چین؟**

- ئەمە بابەتی ئەوەیە کە تۆ چۆن لایەنەکەی تر دەخوێنیتەوە، ئەگەر هەستت کرد لەوانەیە جێگیربوونی وڵاتێك رادەکات، ئەوا خۆی لە خۆیدا تۆ فێڵ لە حزبەکەی تر دەکەیت، بەڵام ئەگەر هاوکاریکردنی قازانج بەخش بە هەردوولا هەبوو،چەند ریزێك لە هەردوو بابەتی ئابووری و سیاسی دا دەتوانرێ بنیاد بنرێ ئەوا تۆ بنیادنەر دەبی، حکومەتی تورکیا تا ئێستا بیری لەمە نەکردۆتەوە بۆ گونجاندنی بابەتی دووەمیان. بۆ ئەوەی کە چۆن لە کێشەی کوردی خۆی تێدەگات، تورکیا هەمیشە وا سەیری خەڵکی کوردی کردووە وەکو هاوڵاتی یەکسان بن لەگەڵ جیاوازییە کلتورییەکاندا. بەڵام کاتێ کوردی عێراق گەیشتن بە خودموختاری لە ئێراقدا و کۆمەڵگا دەستی پێکرد.تورکیا دەرەکی بە هەڕەشەییەکی سەرەکی کرد نەك تەنیا هەندێ کورد لە ئێراقدا، لەو راستییەوە کە کورد و تورك لەوانەیە لە چالاکی لەم جۆرەدا کاربکەن، بۆیە تا ئێستا پەیوەندییەکانی کوردی ئێراق و تورکیا ئاسایی نەبووەتەوە، لەبەر ئەو راستییەی کە تورکیا هێشتا کێشەی خۆی لە رووی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە چارەسەر نەکردووە.

*** سەرەڕای ئەمە دەبینین بەم دووایانە بەرپرسە گەورەکانی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستانییان کردووە و دانیشتن و کۆنفرانسییان لەگەر بەرپرسە گەورەکانی کوردستاندا بەستووە و دەبینین پێشکەوتنی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لێکەوتوەتەوە، بە بیروبۆچوونی تۆ تا چەند پێشبینی دەکرێ ئەم پەیوەندییە بەرەوپێشەوە بچێت، بەلایەنی کەمەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا بتوانێت سەردانی کوردستان بکات هەروەك وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی کرد؟**

- هۆکاری ئەوە، تا ئێستا بیرکردنەوەییەکی گوماناوی هەیە لەوەی کە هەرێمی کوردستانی ئێراق چ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر کوردی تورکیا دەبێت، ئەم گوومانە تا ئێستا نەڕەویوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوەکانی تورکیا بەم دووایانە بڕیاریان داوە گەشە بە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لەگەڵ کوردی ئێراقدا بدەن، بەڵام تا ئێستاش کاریگەری ئەوە لە تورکیادا هەیە سەبارەت بەوەی کورد نایەوێت ئەو پەیوەندییانە گەشە پێبدات، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە تورکیا لە مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی خۆی فەشەلی هێناوە.بەڵام لەبەرئەوەی کوردی عێراق پێویستی بەتورکیایە دەکرێ ئەم پێویستە بەسوود بێت بۆ تورکیا و ئەوە بەردەست بخات بۆ تورکیا هەر ئێستا سوودی ئابووری قوڵی هەبێت، بەڵام زیاتر کاریگەری سیاسی هەبێت لە هەرێمەکەدا.

*** لەم خاڵەدا وا هەست ناکەی کە سەردانی مەنووچەهەر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان پەیوەندی ئێرانی لەگەڵ کوردستاندا باشتر کردبێت، بۆیە ئەگەر عەلی باباجان زووتر سەردانی هەلێری بکردایە تورکیا پێش ئێران نەدەکەوت ؟**

-بەڵێ بەدڵنیاییەوە، هەرچەند پەیوەندیکردن بەرزتر بێت پەیوەندییە سیاسییەکان بەرزتر دەبێت لە نێوان دوو کۆمەڵگادا،لە نێوان تورکیا و کۆمەڵگای کوردیدا، من پێشبینی دەکەم کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی کوردستان بکات، بەڵام سەرۆك وەزیرانی ئێمە دەبێت گەشەپێدانی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ حزبە کوردیەکان و کوردە پەرلەمانتارەکانەوە دەست پێبکات بە باشی، پێویستییان بە جوڵەی زیاتر هەیە لە ناوەوەی تورکیا بۆ باشکردنی پەیوەندی تورکیا و هەرێمی کوردستان.

**• ئێمە وابیر دەکەینەوە کە تورکیا دەبێت خۆشحاڵ بێت بەوەی هەرێمی کوردستان دراوسێیەتی و حوکمێکی دیموکراسییانەیە و هەوڵ دەدات پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەسەر بنەمای رێز و سوودی گشتی بەڕێوە بەرێت، ئایا پێتوانییە کە ئەگەر تورکیا پاڵپشتی ئەم ئەزموونی دیموکراسییەتە لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا بکات ئەوا رۆڵێکی کاریگەر لە بارووداۆخی دیموکراسیدا دەگێڕێت لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە سیناریۆییەکی ئادیالیە، ئەمەریکییەکان لە دنیادا و لە ناو ئەمەریکاش بانگەوازی ئەوە دەکەن کە پاڵەوانی سەرەکی دیموکراسین، ئەگەر وڵاتێك لە ئەسڵدا باوەڕی بە دیموکراسی هەبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە پاڵپشتی گەشەکردنی دیموکراسییەت دەکات، بەڵام ئەگەر وڵات تەنیا خەریکی ئاسایشی ناوخۆیی بێت.ئەوا دیکتاتۆرییەت لە دراوسێکانی

ئامادە دەكات و هاوكاری دیكتاتۆرییەت دەكات، من زۆر دڵنیانیم ئاخۆ توركیا پاڵپشتی دیموكراسییەتی كوردی دەكات یان نە . تەنیا ئەوەی كە كوردستانی ئێراق هەڕەشە نەبێت لە توركیا و كاریگەری لەسەر ئەقڵی نەتەوەكانی توركیا نەبێت،كوردیش وەك بەشێك لە توركیا. كاتێ توركیا ئەمە لە هەرێمی كوردستان تێدەگات،ئەوە توركیا گوێ بەوە نادات كە دیموكراسی لە هەرێمی كوردستانی ئێراق هەیە یان نا.

*** ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان لە لایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە سەركردایەتی دەكرێت، سەرۆك وەزیران، لە كاتێكدا سوپای توركیا سنوورەكانی كوردستانی بڕیوەو ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوە، كاك نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی توركیای كردووە بۆ دانووسان و چارەسەركردنی كێشەكان بە شێوەیەكی ئاشتیانە، پێشبینی دەكرێ كە توركیا بە پۆزەتیڤ وەڵامی كاك نێچیرڤان بداتەوە، ئایا پێت وانییە كلتوری ئاشتی جێگای كلتوری توندوتیژی دەگرێتەوە؟**

- من لەگەڵ ئەم بۆچوونەم، بەڵام دەبینین كە كێشەی توركیا لەگەڵ كوردی ئێراق نییە بەڵكو لەگەڵ كوردی خۆیەتی، لەگەڵ چەكدارە كوردەكانی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی نەیتووانیوە كێشەی كورد چارەسەربكات و دەستەی چەكدارەكان لە نێو كوردەكاندا هەڵوەشێنێتەوە، بۆیە لە كوردستانی ئێراق، باكوری ئێراقدا وادەردەكەوێت، بەڵام لە بنەڕەتدا كێشەكە لەگەڵ كوردستانی ئێراقدا نییە، بەڵكو لەگەڵ كوردی خۆیەتی، بەڵام بەداخەوە توركیا تا ئێستا هەوڵی جددی بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە نەداوە.

*** بمانەوێت یان نەمانەوێت هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق هەر دەكشێنەوە، زۆر مەترسی ئەوەهەیە كە حزبێكی ئیسلامی سەر بە ئێران لە حكومەتی ناوەندی بەغدا باڵادەست بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە زەمینە خۆش دەبێت بۆ باڵادەستی ئێران لە عێراقدا، ئەوەی دەمێنێتەوە هەرێمی كوردستان دەبێت لە باكوری عێراق، بۆیە ئەگەر توركیا بایەخ بەم هەرێمە نەدات، لەوانەیە ئێران رۆڵی توركیاش لەم هەرێمە بگێڕێت، پرسیار ئەوەیە ئایا توركیا چۆن وادەكات رۆڵی لەم هەرێمەدا بمێنێت ؟**

-وەكو گوتم،پاڵپشتی كردنی هەرێمی كوردستان لەلایەن توركیاوە تا بە خودموختاری بمێنێتەوە لە چوارچێوەی ئێراقدا، ئەمە زۆر پێشبینیكراوە، توركیا پێویستە پاڵپشتی كوردستانی ئێراق و نوێنەرایەتییەكەی بكات و لە نزیكەوە بمێنێتەوە، بەڵام بەمەرجی یەكپارچەیی عێراق پارێزراو بێت، لەگەڵ كاریگەریەتی زۆر كەمتری وڵاتە دراوسێكانی لەسەر كاروباری ناوخۆو، هەروەها توركیا دەتوانێت لەرێی پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستانی عێراق لە كێشەی كوردی خۆشی باشتر تێبگات ، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی كورد لە هەردوو لای سنوور،لە ناو توركیاو لە دەرەوەی توخمێكی پاڵپشتییكەر بێت بۆ گۆڕانی سیاسی و ئابووری، هەروەها كورد هۆكارێكی ئیجابیش دەبێت بۆ یەكپارچەیی ئێراق و هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا.

***لە بارەی بابەتی پەیوەندی ئابووری لە نێوان توركیا و هەرێمی كوردستانی ئێراق،بە پێی دەستوری ئێراقی هەرێمی كوردستان رێگە پێدراون كە نەوت بدۆزنەوە، و دەبینین كە ئەم هەرێمە زۆر دەوڵەمەندە لە سەرچاوە سروشتییەكانی وەكو غازو نەوت و تاكە دەروازە بۆ ناردنە دەرەوەی ئەم شتانە لە هەرێمی كوردستان توركیایە،توركیا چۆن دەتوانێ پەیوەندی ئابووری لەگەڵ كوردستاندا بەڕێوەبەرێت تا هەردوو لا سوود لەم بازرگانییە وەرگرن؟**

-ئەمە لایەنێكی زۆر زۆر فراوانە پێویستە حكومەتی توركی زۆر بایەخ بە هەرێمی كوردستان بدات و ناتوانینن ئەم فاكتەرە گرنگە وەلاوە نێن، بۆیە زۆرگرنگە لەسەر ئەم مەسەلەیە راستەوخۆ قسە لەگەڵ توركیا بكرێت بۆئەوەی ئابووری هەردوولامان ئاوێتە بێت . لەبەرئەوەی كاتێ ئابووری ئاوێتە دەبێت سیاسەت دەبێتە بەرپرسیایەتییەكی گشتی، و هەریەكەیان بەرپرستر دەبێت لە سامان و ئاسایشی ئەویتر. لەم كاتی تەنگوچەڵەمە ئابووریەی جیهاندا.ئەگەر ئابووری توركیا نەوت و غاز بگوازێتەوەلە ئێراق ئەوە ئێراق تەنها نابووژێتەوە،چونكە ئێراق دەتوانێت بە باشی شتەكانی بنێرێتە دەرەوە.بەڵام بەیەكەوە لەگەڵ توركیادا دەتوانن كاری باش بكەن، توركیا دەتوانێت هەوڵە ئابووریەكانی خۆی زیاتر لە هەرێمی كوردستاندا بخاتە گەڕ، پێموایە پەرەسەندنی ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئابووریەكی ئاشتیانە دەستپێبكات. ئەمە دەكرێ نموونە بێت بۆ هەرێمەكەو بۆ دنیاش.

**• پارتی AKP كە ئێستا حكومەتی بەدەستەوەیە، نزیكەی ٧٠ پەرلەمانتاری كوردی هەیە، ئەمە بێجگە لە ٢٢ پەرلەمانتارە كوردە سەربەخۆكەی ناو پەرلەمانی توركیا، ئەوانیش پشتگیری سیاسەتی حكومەت دەكەن بۆ ئەوەی كێشەی كورد چارەسەربكرێت و پەیوەندی توركیا لەگەڵ هەرێمی كوردستانی عێراق ئاسایی بكرێتەوە، ئایا ئەگەر بەڕێز ئەردۆگان هەنگاوی زیاتر بۆ ئاسایكردنەوەی ئەم پەیوەندیانە هەڵبگرێت، لە زۆر بواری ناوخۆ بە تایبەتی پشتگیری كورد بۆ AKP زیاتر نابێت ؟**

-ئەمە راستە. گومانی تیا نیە.ئەمە تەواو ئەوەیە كە من دەیڵێم.وەكو بەشێكی سەرەكی قسەكانم كە ئەمڕۆ گووتم. ئەگەر بتوانم سەردانێكی هەرێمی كوردستان بكەم لەنزیكەوە راستیەكان ببینم لەوانەیە لە ستونەكەی خۆمدا بتوانم بینووسم. لە رۆژنامەی زەمانی ئەمڕۆدا ستونێكم هەیە لە چوارشەمان و یەك شەماندا دەنووسم.دەكرێ لە داهاتوویەكی نزیكدا سەردانێك بكەم لەوانەیە لە بەهاردا، وە بێمە ئەو دەورەو چاودێری بكەم و زیاتر لە بارەی كوردستانی ئێراقەوە بنووسم و قسە بكەم.

*** ئەگەر شتێك مابێ بە خوێنەران و خەڵكی ئێمەی بڵێی؟**

-هیوای باشیتان بۆ دەخوازم.هەموو شتێك بكەن بۆ گەشەپێدانی خەڵكتان.باشترین وەبەرهێنانی كاریگەر گەشەپێدانی تاكەكانە، ئەگەر بتوانی گەشە بە مرۆڤ بدەیت ئەوە دەتوانی گەشە بە زۆر شتی تر بدەیت.ئابووری بەرهەمهێنانە لە لایەن مرۆڤەوە.

●●●

**تا ئێستا پەیوەندییەكانی كوردی ئێراق و توركیا ئاسایی نەبووەتەوە، لەبەر ئەو راستییەی كە توركیا هێشتا كێشەی خۆی لە رووی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە چارەسەر نەكردووە**

●●●

●●●

**دامەزراوەكانی توركیا بەم دووایانە بڕیاریان داوە گەشە بە پەیوەندییەكی پۆزەتیڤ لەگەڵ كوردی ئێراقدا بدەن، بەڵام تا ئێستاش كاریگەری ئەوە لە توركیادا هەیە سەبارەت بەوەی كورد نایەوێت ئەو پەیوەندییانە گەشە پێبدات**

●●●

●●●

**توركیا دەتوانێت لەرێی پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستانی عێراق لە كێشەی كوردی خۆشی باشتر تێبگات ، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی كورد لە هەردوو لای سنوور،لە ناو توركیاو لە دەرەوەی توخمێكی پاڵپشتییكەر بێت بۆ گۆڕانی سیاسی و ئابووری**

●●●

### مومتازەر تۆرکۆن بۆ گوڵان:

# نێچیرڤان بارزانی ئەو سیاسەتمەدارەیە کە بەهرەی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە



پرۆفیسۆر مومتازەر تۆرکۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی غازی لە تورکیا و بەردەوامیش لە رۆژنامەکانی تورکیا دەنووسێت و یەکێکە لەو دەستەبژێرەی روناکبیرەی تورك کە بڕوای بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و هەروەها پەیوەندی دۆستانەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان هەیە، سەبارەت بە ئاستی ئەم پەیوەندییانەو چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا پرۆفیسۆر تۆرکۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

●●●

**• بەڕای ئیوە هۆکاری بەرە و پیشەوە چوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چین ؟**

- بەڕای من ئەم نزیکبوونەوەیە یەك سەبەبی هەیە، ئەویش لە رێگایەکی راستەوە بە یەکەوە گونجان و بەیەکەوە ئیشکردن هەست پێ دەکرێت، لەم لایەنەوە ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش چەندین هەنگاوی هەڵگرتووەو، تورکیاش ئەم هەنگاوانەی بینیوە، ئێستاش هەنگاوێکی روون لە ئارادایەو ئەم هەنگاوانەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆکاری دروستکردنی بارودۆخێکی تازە، هەردوو لاش بەشێوەیەکی عاقڵانە خۆیان ئامادە کردووە بۆی و سەبەبەکەش ئەوەیە.

**• ئایا ئەو لێکتێگەیشتنەی ئاماژەی پێدەکەیت لە هەردوولا بوونی هەیە، ئەگەر وایێت دەبێت ئاستەنگەکان زۆر کەمبووبنەوە ئایا پێتان وایە ئاستەنگەکان بەرەو پووکانەوە دەچن ؟**

- من ئێستا زۆر گەشبینم و بە هیچ شێوەیەك هیچ بەربەستێك لەبەردەم لە یەکتر نزیکبوونەوە نابینم و بێگومان پەیوەندییەکان بەرەو باشتر دەچن، من لە نێوان هەردوولا، تورکیا لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بە هەموو مانایەکەوە پێموایە لەگەڵ یەکتری دەگونجێن، هەم لە بواری ئابووری و لە بواری کلتووری، لە بواری سیاسی و هەروەها لە بواری پەیوەندییەکانیش لە سەر ئاستی جیهان بە هەموو مانایەکەوە پێموایە جۆرە پێك گونجانێك دێتە ئاراوە، چونکە بۆ هەردوولا هەنگاوێکی هاوبەش و پێکەوە ئیشکردنێکی بەهێز دێنێتە ئاراوە، من پێموایە ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەمە بە ئاگایەو هەست بە بارودۆخەکە دەکات و پێموایە تورکیاش گرنگی بە بارودۆخەکە دەدات و هەوڵ دەدات هەڵی بسوڕێنێت، چونکە ئێستا بارودۆخەکە لە گۆڕان دایەو ئیحتیمالی شەڕی کورد و عەرەب لە ئارادایە، کەرکوکیش وەکو بۆمبێکی چێنراوەو لە هەر کات و ساتێك بێت بە ناوچەکەدا دەتەقێتەوە، بۆیە پێویستە هەموو لایەنێك زۆر وریا بێت، لەم لایەنەوە تورکیا وریایی خۆی پیشانداوەو خستوییەتە روو، لە ئەنجامدا من زۆر گەشبینم. کە وەزیری دەرەوەی تورکیا، و سەرۆك وەزیران و سەرۆکی کۆماری تورکیاش سەردانی هەولێر بکەن، بێگومان، ئەگەری رووداني ئەم سەردانانە لەوپەڕی بەرزیدایەو، ئەگەر ببێتە راستیش گرنگییەکی رەهای دەبێت.

**• ئاگاداری هیچ جۆرە ئامادەباشییەکی حکومەتی تورکیایت سەبارەت بەو هەنگاوە؟**

- وەکو پلانێکی ئامادەکراو ئاگاداری شتێکی وەها نیم، بەڵام ئەم جۆرە سەردانانە لە خزمەت پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا بە هیچ شێوەیەك جێگەی سەرسورمان نییە، چونکە لەمەودوا تورکیا بە شێوەیەکی فراوان کار بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لە ناوچەکە دەدات.

**• بۆ پشتگیری ئەو بۆ چوونەی بەڕێزت، تورکیا خۆی بە وڵاتێکی دیموکراتی دەزانێت کەواتە دەبێت ئیدارەی دیموکراتی هەرێمی کوردستانیش جێگەی خۆشحاڵی بێت، تاچەند تورکیا ئەم ئامادەباشییەی تێدا دەبینرێت ؟**

- بێگومان وایە، ئەوەی دەیڵێت راستەو منیش پشتگیریت لێ دەکەم، دیمۆکراسی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە خزمەتی ئاشتیدایەو، ئەم دیمۆکراسییەش پێویستی بە بەرەوپێشچوون هەیە، بەتایبەتی مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی تریش پێویستە بەرەو شێوەیەکی دروستتر و باشتر ببرێت، تورکیاش بە تەجرەبەی دیمۆکراسی خۆی بێگومان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دەنوێنێت و وەك دوو دراوسێی دیمۆکراسی، دیمۆکراسییەکی بەهێز نیشان دەدەن، هەرێمی کوردستانیش کە خاوەنی ئیدارەیەکی دیمۆکراسییە بە بەرەوپێشبردن و گرنگی دان بە دیمۆکراسییەکەی خزمەتێکی باشی پەیوەندییەکان دەکات لەگەڵ تورکیا.

**• حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز نیچرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، لەو کاتەی سوپای تورکیا هێرشی دەکردە سەر هەرێمی کوردستان دەستی ئاشتی و دیالۆگی بۆ تورکیا درێژ دەکرد و داوای دەکرد کە کێشەکان بە چارەسەری سەربازی چارەسەر ناکرێن، ئایا ئەگەر ئێستاش تورکیا بە ئیجابییانە وەڵامی ئەم بانگێشەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بداتەوە، کولتووری ئاشتی جێگەی کولتووری شەڕ ناگرێتەوە؟**

- ئەوەی دەیڵێت بێگومان زۆر راستە، ئێستاش بەرەو پێش چوون لە ئارادایەو، هەمیشە تەفزیل کردنی ئاشتی پێویستە لە هەموو کاتێکدا، پێویستە رێگاکانی شەرو ئاژاوەو ناڵەی شەڕ بووەستێندرێت، ئەمەش بە یەککگرتن و هەماهەنگی دەبێت، لێرەشدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەوڵی زۆری داوەو، بێگومان ئەگەر نێچیرڤان بارزانی هەنگاوێك بێتە پێش لەم مەسەیەلەیە ئەوا لەبەرامبەردا تورکیا دە هەنگاو دێتە پێشەوە، چونکە رێگای توندو تیژی و شەڕکردن و پێکدادان قازانجی هیچ لایەکی تێدا نییە، بە تایبەتی لەم دواییەدا ئیدارەی هەرێم لە مەسەلەی PKK زۆر بە ئاگاداری و وریایی ترەوە هەڵسوکەوتی کردەوە و تورکیاش وەك دەزانن لەم مەسەلەیەدا زۆر هەستیارە و نێچیرڤان بارزانیش لەبەرامبەردا لە خستنەڕووی ئەم مەسەلەیەو هەنگاوەکانی زۆر وریایە، تورکیاش بە زیادەوە مەمنونەو پشتگیری تەواو لە باشترکردنی پەیوەندییەکان دەکات، من ئەو راستییە دەڵێم لە تورکیا نێچیرڤان بارزانی وەك سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو و حکومڕانێکی گرنگ و زۆر جددی ناسراوە و بێگومان نێچیرڤان بارزانی سیاسەتمەدارێکی زۆر کاریگەر و بە بەهرەیەو لە چارەسەری زۆر کێشەدا بەهرەکانی دەخاتە گەڕ، بۆیە لە تورکیاش نێچیرڤان بارزانی زۆر بە گرنگ دەژمێردرێت، پێموایە لە مەسەلە هەستیارەکان و مەسەلەکانی بونیادنانەوەی متمانە نێچیرڤان

بارزانی لای تورکیا ئەهمییەتی خۆی هەیە.

**• کەواتە بە بانگێشتی رەسمی نێچیرڤان بارزانی لە لایەن تورکیاوە، ئایا بەڕای ئێوە نایێتە چارەسەرکردنی هەموو کێشە ئاڵۆزەکان؟**

- بێگومان وەك هەوڵێك لە لایەن حکومەتی تورکیاوە شتێکی زۆر سروشتییە، پێموایە زۆر پێویستە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنقەرە بکرێتەوەو، لە رێورەسمی کرانەوەکاندا ئامادەبوونیان پێویستە و یانیش بە شێوەی بانگێشی تر داوەتبکرێن بۆ تورکیا لەمرۆدا زۆر بە قووڵی پێویستە، چونکە لە لایەن تورکیاوە ئاماژەکان زۆر پۆزەتیڤن.

**• بمانەوێت یان نەمانەوێت هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەر دەکشێنەوە، زۆر مەترسی ئەوە هەیە کە حزبێکی ئیسلامی سەر بە ئێران لە حکومەتی ناوەندی بەغدا باڵادەست بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە زەمینە خۆش دەبێت بۆ باڵادەستی ئێران لە عێراقدا، ئەوەی دەمێنێتەوە هەرێمی کوردستان دەبێت لە باکووری عێراق، بۆیە ئەگەر تورکیا بایەخ بەم هەرێمە نەدات، لەوانەیە ئێران رۆڵی تورکیاش لەم هەرێمە بگێرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا چۆن وادەکات رۆڵی لەم هەرێمەدا بمێنێت؟**

- ئەوەی دەیڵێت زۆر لە جێگای خۆیەتی، یەکەم شەرت بۆ ئەمەش پێویستە تورکیا بە هەموو شێوەیەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستان باش بکات، هەروەها لە ناوخۆی عێراقیش کوردەکان لەگەڵ عەرەبە سوونییەکان سەبارەت بە کێشەکان بە تایبەتی لەسەر کەرکوك پێویستە بە رێگایەکی ئاشتیخوازانە وتوێژ و ئاخاوتن بکەن، تورکیاش وڵاتێکە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبی سوونە بە گشتی زۆر باشە، لە نێو ئەمانەدا یەکپارچەیی خاکی عێراق و پاراستنی زۆر گرنگە، بەڵام پێویستە ئیدارەکەی بە شێوەیەکی تا بڵێی عادیلانە بێت و دەستووری عێراقیش پێویستی بە چەند چاککردنێك هەیە، لێرەدا بەشێویەکی گشتی تورکیا پێویستە رۆڵی چاکسازی بگێرێت لە بواری ئیستقراری و ئاشتییەوە وەك رۆڵێکی بەهێزی راستەقینە و بەهێز دەبێتە قازانجی کورد و عەرەب و تورك لە ناوچەکەدا.

ئێستا لە عێراقدا بارودخێك هەیە کە خۆی گرنگی بە کاروباری ناوخۆی دەدات، بەتایبەتی لە نێوان ئیدارەی بەغدا و ئیدارەی هەولێر سەبارەت بە ئاخاوتنەکان لەسەر مەسەلەی نەوت و سەرچاوەی سروشتی، تورکیا نایەوێت ببێت بە تەرەفێك، پێویستە لە نێوان بەغدا و هەولێردا بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەر کێشەیەك لەسەر نەوت هەیە چارەسەربکرێت، و تورکیا نە لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی و نە لەگەڵ ئیدارەی مەرکەزی هیچ کێشەیەکی لەسەر ئەمە نییە.

**• پارتی AKP کە ئێستا حکومەتی بەدەستەوەیە، نزیکەی ٧٠ پەرلەمانتاری کوردی هەیە، پرسیار ئەوەیە بۆ هەنگاوی گەورەتر بۆ کێشەی کورد هەڵناگرێت هەتا پشتگیری زیاتری کورد بەدەست بهێنێت؟**

• لێرەدا مەسەلەکە ئەوەنییە پشتگیری کوردەکان بۆخۆی زیاد بکات، کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکی یەك لایەنی نییە، ئەمە پەیوەندییەکی بە کێشەی تیرۆرەوە هەیە، لێرەدا پێویستە خوێن رژان بووەستێت، دەنگی چەکەکان نەمێنن، کە گەیشتە ئەو رادەیەی خوێن بووەستێت و چەکەکان بێدەنگ بکرێن زۆر شت هەیە کە AKP لە کێشەی کورددا بیکات بۆ چارەسەرکردنی، لەسەرووی هەمووی، بڕیاردان بۆ لێبوردنی گشتی، هەروەها کێشەی خوێندن بە زمانی دایك کە تا ئێستادا لە تورکیادا لە ئارادایە، ئەمانە هەمووی چارەسەر دەکرێن، مەرجی سەرەکی بۆ چاککردن و هێنانەدی ئەمانە پێویستە خوێن رشتن بووەستێنرێت، چەکەکان رابگیردرێت، و AKP حزبێکە کە نوێنەرایەتی ٧٢ ملیۆن خەڵکی تورکیا دەکات، نوێنەرایەتی کوردەکانی تورکیا دەکات، ئەم حیزبە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و بێگومان چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا چەندین ئەنجامی بەسوودی دەبێت، وەك ئەوەی ئەنجامێکی پۆزەتیڤیشی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیاش دەبێت،، من لێرەدا ئەو یارمەتییەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پیشانی تورکیایدا لەم مەسەلەیەدا بە تایبەتی مەسەلەی پەکەکە و لە مەسەلەی ئیشکردنیشدا زۆر بە گەورەیی دەنرخێنم و زۆر گرنگ بوون بەڕاستی، بێگومان پێگەی تورکی بەرامبەر بە ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش دەگۆڕێت لەسەر پەیوەندییەکان و ئەمەش خاڵێکی گرنگ بوو و تورکیا دێنێتە بارودۆخێکی تازەوە، لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ئەنجامێکی باشی دەبێت و لە کۆتایدا سوپاستان دەکەم و رێزو سلاوم هەیە بۆتان.

●●●
**ئێستا بارودۆخەکە لە گۆڕان دایەو ئیحتیمالی شەڕی کورد و عەرەب لە ئارادایە، کەرکوکیش وەکو بۆمبێکی چێنراوەو لە هەر کات و ساتێک بێت بە ناوچەکەدا دەتەقێتەوە**
●●●

●●●
**لە تورکیا نێچیرڤان بارزانی وەک سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو و حکومڕانێکی گرنگ و زۆر جددی ناسراوە و لە چارەسەری زۆر کێشەدا بەهرەکانی دەخاتە گەڕ**
●●●



**بولنت كیناش سەرنووسەری تودەی زەمان بۆ گوڵان:**

# لەبەر ئەوەی توركیا و هەرێمی كوردستان پێویستییان بەیەكە دەبێت هەردوولا هەوڵبدەن كێشەكانییان چارەسەر بكەن



بولنت كیناش سەرنووسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی چاپی ئینگلیزییە لەتوركیا و یەكێكە لە رۆژنامەنووسە دیارەكانی توركیا و رۆژنامەی زەمانی توركیش یەكێكە لەو رۆژنامانەی كە بایەخێكی هێجگار گرنگ بە چارەسەركردنی كێشەی كورد و ئاسایكردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان دەدات، گوڵان چەند جاری دیكە لەسەر مەسەلە پەیوەندارەكانی كورد و توركیا و هەرێمی كوردستان‌وتوركیا دیمانەی لەگەڵ بەرێز كیناش ئەنجامداوە، هەربۆیە كە ئێستاش هەستدەكرێت پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا پێدەنێتە قۆناخێكی پێشكەوتوو بە پێویستمان زانی رای بەرێزی وەربگرین ، ئەمەش دەقی وتووێژی گوڵانە لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی توركی:

●●●

**● پەیوەندییەكانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر رۆژ لەدوای بەرەو پێشەوە دەچن ئایا چۆن ئەم بەرەو پێشەوە چوونە دەبینیت؟**

- پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان بەم دواییە هەر لەبەرەو پێشچووندایە بە شێوەیەكی بەرچاو، بە تایبەتی لە هەفتەی رابردوو كۆبوونەوەییەكی گرنگ لە هەولێر لە نێوان دەستەبژێرێكی رۆشنبیری هەردوولا گرێدران، بە بڕوای ئەم كۆبونەوەیە پەیوەندیەكانی زیندوتر كردەوەو پێموایە ئەم جۆرە بەیەك گەیشتنانە خزمەتێكی زۆری پەیوەندی نێوان تورك و كورد دەكات. ئەمە نابێتە كۆبوونەوەی نێوان هەردوو خاك بە تەواوی، بەڵام لەسەر ئاستی دیپلۆماتی هەنگاوێكی گرنگ بوو و كاریگەری لەسەر نوێكردنەوەی پەیوەندییەكانی هەردوولا بەشێوەیەكی بەرچاو هەبوو.

**● هاوكات سەردانی گەورە بەرپرسانی توركیاش بۆ هەرێمی كوردستان و كۆبونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی كوردستان، فاكتەرێكی دیكەی لێكتێگەیشتنە لە نێوان هەردوولادا، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی كە پەیوەندییەكان لەسەر ئاستی سیاسیی و بازرگانی زیاتر بچنە پێشەوە، ئایا چەند پێشبینی دەكرێت، كە ئەم پەیوەندییانە بگەنە ئاستێكی لوتكە و لانی كەم وەزیری دەرەوەی توركیاش وەك وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی هەرێمی كوردستان بكات؟**

- بەڕای من ئەم سەردانانە توانی لایەنی سایكۆلۆژی نێوان هەردوولای تێپەڕێنێت، چونكە بەڕای من لە نێوان هەردوولامتمانەیەكی ئەوتۆ نییە و مەسەلەكەش PKKەیە كە تا رادەیەك بە هەرێمی كوردستانەوە لكاوە و توركیا وا هەست دەكات لە هەرێمی كوردستانەوە پێشوازیان لێدەكرێت، بەڵام ئەمەش لە كانوونی یەكەمی ٢٠٠٧ەوە لە لایەن باكووری عێراقەوە بە شێوەیەكی بەرچاو ئەم هەڵسوكەوتە گۆڕانی بەسەر داهاتووە و ئێستا هەر هەواڵێك لە ناوچەكەوە دێت بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لێدەكرێت ، هەربۆیە وەك دەبینین بەم دواییە پەیوەندییە دیپلۆماتییەكانی ئیدارەی كوردی لە باكووری عێراق لەگەڵ توركیا گەیشتۆتە ئاستێكی بەرزی بەرچاو، لەوەش گرنگتر كردنەوەی زیاتری چەندین ئەكادیمیا و كۆلیژ و دواناوەندی لەلایەن توركیاوە لە ناو هەرێمی كوردستاندا كە دواشتیش بریتی بوو لە كردنەوەی زانكۆی ئیشق كە ئێستا لە هەولێر كراوەتەوە، ئەم هەنگاوانە هۆكارن بۆئەوەی متمانە لە نێوان هەردوولادا دروست ببێتەوە لەو باوەڕەشدام لە داهاتوویەكی نزیكدا ئەم متمانەیە دەگاتە ئاستێكی بەرزتر، لەم لایەنەشدا كۆبوونەوەی ئەبانت رۆڵی خۆی هەبووەو ئەمەش یەكەمجارە كۆبوونەوەی هاوشێوە لە نێوان هەردوولادا ئەنجامبدرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە پەیوەندییەكانی نێوان هاوڵاتیانی توركیا برا كوردەكانمان لە باكوری عێراق خێراتر بەرەو پێش بڕوات، و هەروەها ئەو كۆمپانیانەی ئاوەدانكردنەوەی توركی كە ئێستا لە باكوری عێراق بە كارن دەبێتە هۆی پتەوتركردنی پەیوەندییەكان.

هەر بۆیە من لێرەدا دەڵێم، پێویستە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی توركیا یان لەسەر ئاستی وەزیری دەرەوەی توركیا سەردانی هەولێر و سلێمانی بكەن، بەڵام لە هەمانكاتدا ئەم هەنگاوە پێویستی بە كەمێك كات هەیە، یانی پێویست دەكات پەیوەندییەكانی نێوان ئیدارەی باكوری عێراق و توركیا تۆزێك بەرەو باشتر و دروستتر بڕوات یانی سیاسەت و بیروبۆچوونی كوردی باكوری عێراق روون و ئاشكراتر بێت و ئەمەش زۆر یارمەتی توركیا دەدات و پێموایە ئەوكات وەزیری دەرەوەی توركیا دەتوانێت بەرەسمی سەردانی هەرێم بكات.

**● ئێستا دەبێت توركیا دڵی بەوە خۆش بێت كە یەكێك لە دراوسێكانی كە ئیدارەی هەرێمی كوردستانە و راستەوخۆ دراوسێی توركیا، ئیدارەیەكی دیموكراسییە و هەوڵدەدات لەسەر بنەمای رێزی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشی هەبێت، ئایا ئەگەر توركیا هۆكارێك بێت بۆ سەرخستنی ئەم ئەزموونە، رۆڵێكی كاریگەر لە دیموكراتییەتی ناوچەكە ناگێڕێت ؟**

- پێموایە بەرەو پێشچوونی بارودۆخ و پەیوەندییەكانی توركیا لە ناوچەكە تەنیا پەیوەستە بە كێشەی PKKەوە و هیچ كێشەیەكی تر لە ئارادا نییە، یانی لەگەڵ كوردەكان بەتایبەتی بارزانی و تاڵەبانی و KDP و puk، توركیا لەگەڵ ئەمانە هەموویان پەیوەندی باشی هەیە، كەس نییە ئەوە نەزانێت، كە لەساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩١ ئەوەی سنووری بۆ ئێوە كردەوە توركیا بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە لەگەڵ دۆستە كوردەكانمان لە باكوری عێراق هیچ هۆكارێك نییە كە پەیوەندییەكانمان لەگەڵیان خراپ بێت تەنیا PKK نەبێت، ئەگەر ئیدارەی باكوری عێراق یارمەتی توركیا بدات لە چارەسەركردنی ئەم مەسەلەیە بێگومان دەبێتە دەستكەوتێكی گەورە بۆ دیمۆكراتییەتی

ناوچەکە و یارمەتیدەرێکیش بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆی تورکیاش بە تایبەتی کە AKP دەیەوێت هەنگاوی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا هەڵبگرێت، بەڵام ئەگەر لێرەدا باوەڕ بەیەکتریبوون نەبێت لە نێوان تورکیا و ئیدارەی باکوری عێراق ئەوا چارەسەری کێشەی کورد بۆ تورکیا ئەستەم دەبێت، بۆیە چارەسەرکردنی PKK هەم لە بەرژەوەندی ئیدارەی باکوری عێراقە بۆ چەسپاندن و پشتگیری کردنی دیموکراتییەکەی، وە هەروەها بۆ تورکیاش دەتوانێت کێشەی کورد، لەسەر ئاستی کلتوری، سیاسیی و کۆمەڵایەتی و نەژادی بە ئاسانتر چارەسەربکرێت.

**• حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، لەو کاتەی سوپای تورکیا هێرشی دەکردە سەر هەرێمی کوردستان دەستی ئاشتی و دیالۆگی بۆ تورکیا درێژ دەکرد و داوای دەکرد کە کێشەکان بە چارەسەری سەربازی چارەسەر ناکرێن، ئایا ئەگەر ئێستاش تورکیا بە ئیجابییانە وەڵامی ئەم بانگێشەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بداتەوە، کولتوری ئاشتی جێگەی کەلتوری شەڕ ناگرێتەوە؟**

- پێویستە لێرەدا ئاگادار بین لەوەی کە دەبێت ئیدارەی باکوری عێراق بە تەواوەتی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە PKK یەکلایی بکاتەوە، بێگومان سەردانی نێچیرڤان بارزانیش گرنگە و بە نرخە، بەڵام پێویستیشە مەسەلەی پەکەش یەکلاییکرێتەوە، هێندەی من ئاگادارم بەم دواییەدا پرۆسەی سەربازی زۆر کەم بۆتەوە، جار جارە هەیە بەڵام کێشە نییە ئێستا، چونکە ئەوە لە لایەن ئیدارەی ئەمەریکی و ئیدارەی بەغداوە ڕێ پێدراوە کە لە شاخەکانی قەندیل و ناوچەکانی پرۆسەی سەربازی ئەنجامبدرێت ئەمەش پێموایە حەقێکی ئاساییە چونکە ئەو شوێنانە سەرچاوەی تیرۆرن، دوا شت ئەگەر بیرتان بێت ئەو هێرشەی کرایە سەر وێستگەی پۆلیس کە هێشتنەوەی ئەمەش بە بێ وەڵام ئەستەمە.

**• بمانەوێت یان نەمانەوێت هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەر دەکشێنەوە، زۆر مەترسی ئەوەهەیە کە حزبێکی ئیسلامی سەر بە ئێران لە حکومەتی ناوەندی بەغدا باڵادەست بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە زەمینە خۆش دەبێت بۆ باڵادەستی ئێران لە عێراقدا، ئەوەی دەمێنێتەوە هەرێمی کوردستان دەبێت لە باکوری عێراق، بۆیە ئەگەر تورکیا بایەخ بەم هەرێمە نەدات، لەوانەیە ئێران ڕۆڵی تورکیاش لەم هەرێمە بگێرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا چۆن وادەکات ڕۆڵی لەم هەرێمەدا بمێنێت؟**

- بێگومان لە ئیدارەی نوێی ئەمەریکادا ئیتر عێراق لە ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمەریکا نەماوە، لە مایسی ٢٠١٠ش ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراق دەکشێنێتەوە، لەم دواییەشدا ژمارەی میلیشیا عەرەبەکانی عێراق زیادیان کردووە، بۆیە لە عێراقێك کە هێزەکانی ئەمەریکا تازە لێ کشابێتەوە و عەرەبی میلیشیا تیایدا دەسەڵاتدار بێت تاکە دۆست بۆ کوردەکانی عێراق تورکیا دەبێت، هیچ شوێنێکی تر نییە و کوردەکانیش ئەمە دەزانن، بۆیە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بە پێویستی دەزانم و پێویستە هەردوولا بە یەکەوەو بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ بن، کەئەمەش تەنیا ئیشی تورکیا نییە بەڵکو بۆ دروستکردنی باوەڕی پتەو ئیدارەی باکوری عێراقیش دەبێت هەنگاو هەڵبگرێت، ئێمە بە هیچ شێوەیەك نامانەوێت تورکیا سەرچاوەی هەڕەشە بێت لە ناوچەکەو بێگومان ئێوەش ئەوەتان ناوێت، ئەگەر کێشەی لە نێوانمان نەمێنێت، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان و باشتربوونییان بە زووترین کات هەموو کەس دەیبینێت، یانی لێرەدا دەتوانم بڵێم کێشەی پەکەکە سەرەکییە لە بەینی هەردوولا، هەر کاتێك ئەمە چارەسەر کرا هەموو شتێك بەرەو باشی هەنگاو دەنێت. بەرامبەر بەمەش هەم تورکیا مەجبوورە لەبەر پێگەکەی لە ناوچەکە هەم ئیدارەی باکوری عێراقیش مەجبوورە بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان بپارێزن و پشت بە تورکیا ببەستن، بۆیە هەردوو لا مەجبوورن کە کێشەکە چارەسەر بکەن.

**• بەپێی دەستوری عێراقی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو مافەی هەیە کە بەدوای دۆزینەوەی نەوت بگەرێت و نەوتەکەش بنێرێتە دەرەوە، واتە ئەم هەرێمە خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورە نەوت وگازی سروشتییە و تەنیا ڕێگەشی بۆ ناردنە دەرەوەی ئەم نەوت وگازە تورکیایە، ئایا تورکیا چۆن دەتوانێت ئەم بەرژەوەندییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکبخات ؟**

- من پێشتریش ئەمەم ووت کە باکوری عێراق پێویستی بە تورکیایەو، تورکیاش پێویستی بە باکوری عێراقە، تاکە ڕێگە بەرەو ئەوروپا بۆ باکوری عێراق تورکیایەو هیچ ڕێگایەکی تری نییە، بە هەمان شێوە تورکیاش لە پێداویستییەکانی ووزە ئاسانترین شوێن و پراکتیکترین شوێن بۆ تورکیا باکوری عێراقە کە پێداویستیەکانی لەمبارەیەوە لێ دەست بکەوێت، بۆیە باشترکردنی ئەم پەیوەندییانە هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش هەردوولا سوودمەند دەبن.

**• ئەگەر دوا پرسیارمان ئەوە بێت ئایا هیچ ڕێگریەك دەبینی بۆ ئاسایی نەبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وتورکیا؟**

- نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ دەبێت کورد و تورك وەك برا لەم هەرێمەدا ژیاون، لەوانەیە جار جارە هەندێك کێشەی بچووکیان هەبووبێت، بەڵام بناغەی پەیوەندییەکان برایەتی بوو، و هەمیشە ناتەبایی نێوان کورد و تورك شتێکی ئەوتۆ نەبووەو زۆر ئاسایی بووە. و پێم وایە ئێستاش ئەگەر ئەم کێشانە ئاسایی بکرێنەوە پەیوەندیی نێوان کورد و تورك وەکو خۆی لێدێتەوە، چونکە نە کورد دەتوانێت لە تورك جیا ببێتەوە، نە تورکیش دەتوانێت لە کورد جیا ببێتەوە، من خۆم بە ئەسڵ تورکم، بەڵام لە خێزانەکەمدا چەندین کوردمان هەیە، یانی کچمان داونەتێ و کچمان لێ هێناون، یانی ئەوە لە کاتی باو و باپیرانمانەوە وابووەو ئەمرۆش هەر وایە، یانی ئەگەر کێشە سیاسییەکانی ئەمرۆش چارەسەربکرێن، بە ئاشتی پێکەوە ژیان شتێکی زۆر ئاساییەو زۆر دەشێت و من پێم واییە ئەو برایەتییەی ١٠٠٠ ساڵە هەیە بێگومان هەر دەمێنێت و چاوەڕێی هیچی تر ناکەم.

●●●

**کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە هەولێر لە نێوان دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیری هەردوولا گرێدران، ئەمە نابێتە کۆبوونەوەی نێوان هەردوو خاک بە تەواوی، بەڵام لەسەر ئاستی دیپلۆماتی هەنگاوێکی گرنگ بوو**

●●●

●●●

**لەگەڵ دۆستە کوردەکانمان لە باکوری عێراق هیچ هۆکارێک نییە کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵیان خراپ بێت تەنیا PKK نەبێت**

●●●

●●●


**بۆیە چارەسەرکردنی PKK هەم لە بەرژەوەندی ئیدارەی باکوری عێراقە بۆ چەسپاندن و پشتگیری کردنی دیموکراتییەکە بۆ تورکیاش کێشەی کورد، بە ئاسانتر چارەسەربکرێت**

●●●

**حوسێن گلیرچە بۆ گوڵان:**

# ئێستا ژەنەڕاڵەکان گەیشتوونە قەناعەت، بەشەڕکردنی چیاکان کێشەکە چارەسەر ناکرێت و دەبێت بە زمانی ئاشتی و دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێن

●●●



■ ■ ■

**حوسێن گلیرچە یەکێکە لە نووسەرو رۆژنامەنووسەکانی تورکیا و لە نووسینەکانیدا بایەخ بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پەیوەندی نێوان هەرێمی تورکیا دەدات، گلیرچە لەگەڵ ئەوەی ناتوانێت بە زمانی ئینگلیزی بە باشی قسە بکات بەڵام بەردەوام نووسینەکانی بە ئینگلیزی لەو رۆژنامانەی بە ئینگلیزی لە تورکیا چاپدەکرێن بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش ئەو مانایەی هەیە کە بۆ چوونەکانی شایستەی ئەوەن لەسەر ئاستی دەرەوە روویەکی گەشی تورکیا پیشانی جیهان بدات، سەبارەت بە هەنگاوەکانی ئەم دواییەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێز گلیرچە بەمجۆرە راییەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

■ ■ ■

**● هەستدەکرێت تورکیا هەنگاوی جیدی هەڵدەگرێت بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە بوونە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی ئەم لیکنزیکبوونەوەیە بگاتە ئەنجام؟**

- من سەرەتا باسی هۆکاری ناکۆکییەکە دەکەم، بەڕای من هۆکاری سەرەکی ناکۆکی دروستبوون ئەوەیە کە بێمتمانەیەك لە نێوان هەردوولادا( تورکیا و هەرێمی کوردستان ) هەیە، بنەمای ئەم بێمتمانەیەش هۆکارەکەی پەکەکەیە، نزیکەی ٢٥ساڵە تورکیا بە دەست PKKەوە ئازاری چێژتووە، یانی لە هەر شوێنێك هەر ولایەتێك چەندین قوربانیمان هەیە، کە ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر رای گشتی لە تورکیادا هەیە، راستییەکەش ئەوەیە ئەم تیرۆرە سەرچاوەکەی هەر لە ناو تورکیایە، بەڵام جارجار چەند کەسێکیان لە هەرێمی کوردستانەوە دێن و کاری تیرۆر لە ناو تورکیا ئەنجام دەدەن و دەگەڕێنەوە، خۆشبەختانە بەم دواییەدا خەریکە دەگەنە قەناعەت و ئەم کێشەیە کە سەرچاوەکەی تورکیایە لە لایەن هەردوولاوە چارەسەر بکرێت، ئەمەش بە دەسپێکی پەخشی کەناڵی TRTشەش بە زمانی کوردی، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە ئومێدێك بەدانیشتوانی باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەبەخشێت، لە هەمانکاتدا لەمەودوا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق دێتە قۆناغێکی تازەو ئارامەوە، لەو قەناعەتەدام لەگەڵ کەمبوونەوەی هەرەشەی PKK ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی بەرچاو پێشدەکەوێت.

**● ئەوەی بەلامانەوە سەیرە تورکیا بەردەوام کێشەی کورد دەبەستێتەوە بە هەڕەشەکانی پەکەکەوە، ئەگەر هەوڵبدەن ئەم دوو مەسەلەیە لێکجیابکەنەوە ئایا کێشەی کورد زووتر چارەسەر ناکرێت ؟**

- لە راستیدا هەتا ئێستا کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەك بووە هەمیشە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەگەڵ باسکراوە، فیکرەت بیلا بەڕێوەبەری نووسین لە رۆژنامەی میللیەتی تورکی لە نووسینێکیدا ئاماژە بەوە دەکات سوپای تورکیا دانی بە هەڵەکانیاندا ناوە، بڕیاریانداوە شەڕ لەگەڵ شاخەکان رابگرن و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم کێشەیە بە چەك چارەسەر ناکرێت، بەڵام لە دوای هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق باردۆخێکی تازەلە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا هاتە ئاراوە، بەوەی کێشەی تورکیا لەگەڵ PKK تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی نییە بەڵکو کێشەیەکە لەسەر ئاستی جیهان، هەنگاوی سەرەکیش بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ئەم مەسەلەیە پێویستە پێش هەمووشتێك کێشەی ناسنامەی هاونیشتیمانییە کوردەکانمان چارەسەر بکەین، بۆ نمونە کە ئێستاش ئاماژەم پێکر هەنگاوی TRTشەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، دووەم شت ئەوە ئەم حکومەتەی ئێستا بایەخێکی زۆر بە باشوور و باشووری رۆژهەڵات دەدات و خزمەتێکی باشی بۆ ئەو ناوە تەرخان کردووە، بەمەش لە پێکەوە گونجانی دەوڵەت و میللەت خزمەتێکی کێشەی کوردی کردووە، ئەگەر حاڵی حازر تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی دۆستانە و رێکوپێك بەرەو پێش ببات ئەوا کێشەی PKKەش ئاسانتر چارەسەر دەکرێت، چونکە ئەوکات ئەوەی پاراستنی هێزی خۆی تەئمین کردبوو نامێنێت، ئەو تەئميناتە نامێنێت، خەڵکیش بە هیچ شێوەیەك شەڕو پێکدادانیان ناوێت، یانی ئێستا بۆ نموونە لە ئەوروپا داهاتی هەر تاکێك دەبێت ٢٥-٣٠ هەزار دۆلار بێت لە ساڵێکدا، دەبێت هاووڵاتییانی تورکیاش بگەنە ئەم ئاستە، بەڵام نزیکەی ٥٠-٦٠ ساڵ لە دواوەین، ئەم شەڕانە خۆ هیچ شتێك بەرهەم ناهێنن، بۆیە پێویستە بایەخ بە لایەنی ناوخۆ و دیمۆکراسی و تەئمین کردن بدەین و چەندین هەنگاوی بۆ هەڵبگرین بۆ ئەوەی باری ئابووری بەرەو پێشتر بچێت، هەروەها لایەنی زانست و تەکنەلۆژیا پێویستە پەرەی پێ بدرێت کە بۆ ئەمەش پێویستە چالاکییەکانی بواری پەروەردە وفێرکردن بەرەوپێشببردرێت، بۆ نمونە ١٥ساڵ بەر لەئەمڕۆ لای ئێوە قوتابخانەی تورکی کرایەوە و ئەمڕۆ نەخۆشخانەی تورکیش هەیە کە ئەمەش خزمەتێکی برایەتی کورد و تورك دەکات، یانی لە لایەنی ئابووری و سۆشیالی و کولتوری بەرەوپێشبردن چارەسەری کێشەیPKK ئاسانتر دەکات و کێشەی باوەڕ بە یەککردنیش بەم شێوەیە چارەسەر دەبێت.

**• سەردانی گەورە بەرپرسانی توركیا بۆ هەرێمی كوردستان و كۆبوونەویان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی كوردستان، فاكتەرێكی دیكەی لێكتێگەیشتنە لە نێوان هەردوولادا، ئایا مەزندەی ئەوە دەكرێت ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ هەنگاوی زیاتر ؟**

- كۆبوونەوەی ئەبانت لە هەولێر زۆر بە گرنگ لە قەڵەم دەدەم، چونكە بۆ یەكەمجار بوو كۆبوونەوەیەكی لەو جۆرە بكرێت و هەركەس زۆر بە راشكاوانە راو بۆچوونی خۆی بخاتە روو، كێشەكان هەموویان بە وردی باسكران، چارەسەری ئەم كێشانەش بە شێوەیەكی زۆر دۆستانە و واقیعانە باسكرا، ئینشالله كۆبوونەوەی ئەبانت لە هەولێر دەرگایەك دەبێت بۆ بارودۆخی داهاتوویەكی نزیك، هەروەها زۆر لەوباوەڕەدام سەرۆك كۆمارمان سەردانی بەغداد و هەولێر بە یەكەوە بكات، پێش ئەویش گەشبینیشم بە سەردانی وەزیری دەرەوەمان بۆ هەولێر، چونكە كۆبوونەوەی ئەبانت بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لە توركیا گرنگی تایبەتی هەیە، لەگەڵ ئەمەش كوردەكانی عێراق یەكێكن لە دراوسێیە هەرە گرنگەكانمان، چونكە هەرێمی فیدراڵی كوردستان بۆ عێراق چەند گرنگ بێت بۆ توركیاش بە هەمان شێوە گرنگە، حاڵی حازر توركیا زۆر زیاتر پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە، پێموایە وەك بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەكان لەگەڵ سوریا و عێراق و ئێران ئەم پەیوەندییانەش بەرەو پێش دەچن و بەردەوام دەبن، من زۆر گەشبینم بەمەو لەوباوەڕەدانیم بەرەو دوواوە بگەڕێینەوە.

**• ئایا ئەگەر توركیا هۆكارێك بێت بۆ سەرخستنی ئەم ئەزموونەی هەرێمی كوردستان، رۆڵێكی كاریگەرتر لە ناوچەكە ناگێرێت ؟**

- بێ گومان دەیگێرێت، چونكە ئێستا كێشەی دیموكراسی لەناوچەكەدا وەك كێشەیەكی بەرچاو بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، توركیا لەم دواییەدا لە بارەی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ چەندین هەنگاوی بڕیوە، بەڵام لە هەمانكاتدا لە بواری دروستكردنی باوەڕ لە نێوان یەكتر و بە گوێرەی خواستی خەڵك ناتوانین بڵێین دیموكراسی تەواو پێشكەوتووە لەمەشدا بۆ بوونە ئەندامییەتی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، بۆ دراوسێكانی توركیا زۆر گرنگ دەبێت، یانی بۆ ئیدارەی باكووری عێراق دراوسێكەی ئەندام بێت لە یەكێتی ئەوروپا زۆر كاریگەری دەبێت، كە خۆی لە خۆیدا بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئابووری و مافی مرۆڤ زۆر پێویست دەبێت، پێویستە توركیا نمونەیی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە ئەندام و بە بوونە ئەندامێتی دەبێتە نمونەیەكی جوانتر و كاردانەوەی لەسەر دراوسێكانیشی دەبێت.

**• حكومەتی هەرێمی كوردستان كە بەڕێز نێچرڤان بارزانی سەرۆكایەتی دەكات، لەو كاتەی سوپای توركیا هێرشی دەكردە سەر هەرێمی كوردستان دەستی ئاشتی و دیالۆگی بۆ توركیا درێژ دەكرد و داوای دەكرد كە كێشەكان بە چارەسەری سەربازی چارەسەر ناكرێن، ئایا ئەگەر ئێستاش توركیا بە ئیجابیانە وەڵامی ئەم بانگێشەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بداتەوە، كولتووری ئاشتی جێگەی كولتووری شەڕ ناگرێتەوە؟**

- بێگومان دەبێت كولتووری ئاشتی جێگای كولتووری شەڕ بگرێتەوە، بەڵام ئەمە پێویستی بە تۆزێك كات هەیە، چونكە لە توركیا ئەوەی PKK لەو ماوەیەدا كردوویەتی گوشاری رای گشتی بەرزكردۆتەوە و، بەڵام ئەگەر مەسەلەی تیرۆر بنبڕبكرێت ئەوا چەسپاندنی كولتووری ئاشتی زۆر ئاسانتر دەبێت، یانی ئێستا توركیا چۆتە ناو هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەڵام لە دیاربەكر حیزبی كۆمەڵگەی دیموكراتی ( دەتەپە) خۆپیشاندانی بەرچاو دەكات و لەوانەیە ئاژاوەیەك دروست بكات كاتێك ئاژاوە دروست ببێت، ئەوا رای گشتی پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكان دەكات، مەن لێرەدا نازانم بۆ ئاوای لێدێت، بەڵام ئەگەر PKK بیەوێت كێشەی كورد لە توركیا چارەسەر بكات ئەوا نابێت كار بۆ AKP ئەستەمتر بكات، چونكە ئەوە AKP كەناڵی كوردی بۆ كوردەكان كردەوەو یارمەتی و خزمەتی باش بۆ باشووری رۆژهەڵات دابینكراوە، بەڵام ئەگەر ئەمە درێژە بخایەنێت دووبارە ئاژاوە دەكەوێتەوە رۆژانەی دیاربەكر، كە ئەمەش DTP و ئەحمەدی تورك لێی بەرپرسیار دەبن، چونكە ئەوەی بۆ دیموكراسی دەیكەن زەرەر بە دیموكراسییەتییەكە دەگەیێنێت، بۆیە پێویستە دەستبەرداری ئەم جۆرە جوڵانەوانە ببین.

**• بەڵام AKP نزیكەی ٧٠ پەرلەمانتاری كوردی هەیە، ئەوانیش پشتگیری لە سیاسەتی حكومەت دەكەن بۆ ئەوەی كێشەی كورد چارەسەربكرێت و پەیوەندی توركیا لەگەڵ هەرێمی كوردستانی عێراق ئاسایی بكرێتەوە، ئایا ئەگەر بەڕێز ئەردۆگان هەنگاوی زیاتر بۆ ئاسایكردنەوەی ئەم پەیوەندییانە هەڵبگرێت، لە زۆر بواری ناوخۆ بەتایبەتی پشتگیری كورد بۆ AKP زیاتر نابێت ؟**

- بەڵام وەك دەبینین هەندێك دەیانەوێت رێگا بە AKP بگرن، چونكە AKP دژی لایەنگرانی ئەرگەنەكۆن بەشێوەیەكی یاسایی رووبەروو بۆتەوە، ئێستاش لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا هەندێك كەس كە دەبینن خەڵك پشتگیری لە حزبی دەسەڵات دەكەن هەست بە نارەحەتی دەكەن، وەك ئەوەی لەگەڵ DTPبن و دژی AKP رابووەستن و ئەمەش هەوڵدانە بۆ دەرچوون لە بازنەی دیموكراسی بێگومان ئەمەش شتێكی بێ مانایە، بە واتایەكی تر

●●●

**لەمەودوا پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی كوردستانی عێراق دێتە قۆناغێكی تازەو ئاراموە، لەگەڵ كەمبوونەوەی هەڕەشەی PKK ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەكی بەرچاو پێشدەكەوێت**

●●●

**فیكرەت بیلا بەڕێوەبەری نووسین لە رۆژنامەی میللییەتی توركی لە نووسینێكیدا ئاماژە بەوە دەكات سوپای توركیا دانی بە هەڵەكانیاندا ناوە، بڕیاریانداوە شەڕ لەگەڵ شاخەكان رابگرن و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی كە ئەم كێشەیە بە چەك چارەسەر ناكرێت**

●●●

**کۆبوونەوەی ئەبانت لە هەولێر دەرگایەک دەبێت بۆ بارودۆخی داهاتوویەکی نزیک، گەشبینیشم بە سەردانی وەزیری دەرەوەمان بۆ هەولێر**



پرســـیار ئەوەیە ئایا پارتی DTP ئێســـتا لە تورکیا ئاو بۆ کێ دەکێشـــێت؟ (دەیەوێـــت یارمەتی کێ بدات و چی بکات؟) ئەمە یەکێکە لە پرســـیارە سەرەکییەکان و دەبێت دەتەپە وەڵامی بداتەوە.

**• زۆر مەترســـی ئەوە هەیە دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەســـەڵات لە عێراق بکەوێتە دەستی حزبێکی ئیسلامی ســـەر بە ئێران، ئەمەش مانای ئەوەیە زەمینە خۆش دەبێت بۆ باڵادەستی ئێران لە عێراقدا، ئەوەی دەمێنێتەوە هەرێمی کوردســـتان دەبێت لە باکووری عێراق، بۆیە ئەگەر تورکیا بایەخ بەم هەرێمە نەدات، لەوانەیە ئێران رۆڵی تورکیاش لەم هەرێمە بگێرێت، پرســـیار ئەوەیە ئایا تورکیا چۆن وادەکات رۆڵی لەم هەرێمەدا بمێنێت ؟**

- ئێستا ئێران لە ناوچەکە رۆڵی بەرچاوی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێران لە میانەی ئەنجامدانی ئەوانەی باســـی دەکەیت پێموایـــە چاو بە هێز و توانـــاو پێگەی تورکیادا دەخشـــێنێتەوە و حیســـابێك بۆ تورکیاش دەکات، چونکە خەڵکی ئیدارەی باکووری عێراق لەگەڵ باشوورو باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا هاو رەگەزن کە ئەمەش ئەم مەسەلەیە لای تورکیا گرنگتر دەکات و لە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا، تورکیا حاکمییەتی ئێران لە عێراق یاخود ئیستغلالکردنی عێراق لە لایەن هیچ لایەنێکەوە قبوڵ ناکات و بە هیچ شـــێوەیەك چانس بە شتی وا نادات، من لێرەدا پێموایە ئێران بە سیاسەتێکی دروستەوە هەڵسوکەوت دەکات، تورکیاش حســـابێکی جیا بۆ پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئیدارەی باکووری عێراق دەکات سەبارەت بەوەی کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم ئیدارەیە بەرەوپێشتر بەرێت.

**ئەگەر مەسەلەی تیرۆر بنبڕبکرێت ئەوا چەسپاندنی کولتووری ئاشتی زۆر ئاسانتر دەبێت، بەڵام لە دیاربەکر حیزبی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی (دەتەپە) خۆپیشاندانی بەرچاو دەکات و لەوانەیە ئاژاوەیەک دروست بکات کاتێک ئاژاوە دروست ببێت، ئەوا رای گشتی پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەکات**

**• بەپێی دەســـتووری عێراقی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو مافەی هەیە کە بـــەدوای دۆزینەوەی نەوت بگەرێت و نەوتەکـــەش بنێرێتـــە دەرەوە، واتە ئـــەم هەرێمە خاوەنی ســـەرچاوەیەکی گەورەی نەوت وگازی سروشتییە و تەنیا رێگەشی بۆ ناردنە دەرەوەی ئەم نەوت وگازە تورکیایە، ئایا تورکیا چۆن دەتوانێت ئـــەم بەرژەوەندییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێکبخات؟**

مێژووی ئەم دواییە ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەموو ئەو شەڕو ناکۆکی و ئاژاوەییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا روویداوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ نەوت لە ناوچەکە، چونکە نەوت ســـامانێکی زۆر بەنرخی ژێر زەوییـــە، بۆیە لە گەڕان بە دوای نەوتدا پێویستە زۆر ئاگاداربن، زۆر حکومەت و زۆر حکومڕانی لەسەر نەوت رووخاون و هەڵوەشاون و زۆر دەوڵەت لەســـەر نەوت پارچە پارچەبوون، بۆیە پێموایە بەڕێوبەرانی ئیدارەی کوردی لە گەڕان بەدوای نەوتدا ئەگەر لە بەغدا جیـــا ببنەوە زۆر هەڵە دەکـــەن، بێگومان تورکیا یارمەتیان دەدات، چونکـــە ئەمە نابێـــت لای حکومەتی هەرێم بێت و پێویستە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە ئەنجامبدرێت، چونکە راستە کوردستان حکومەتێکی فیدرالی هەیە بەڵام ســـامانی بەنرخی ژێر خاکی کوردســـتان هەر هی خاکی کوردســـتانی عێراقیش نییە؟، بۆیە پێویســـتە حکومەتی کوردستان ئەم مەسەلەیە لەگەڵ حکومەتی بەغداد بەڕێوە ببات، ئەگەر نا وەك ئاماژەم پێکرد لەســـەر نەوت چەندین ئیدارە لە ناوچوون.

ئاکامــی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێــراق کە تیایدا حزبی دەعوای ئیســلامی لە ٩ پارێزگا لە لایەنە بەشداربووەکانی دیکە زیاتر دەنگی بەدەست هێناوە، لەسەرەتا میدیای جیهانی بەگشتی و میدیای ئەمریکی بەجۆرێك پێشوازیان لێکرد وەك ئەوەی ئەمە هەنگاوێك بە ئاراســتەی راست بۆ چەسپاندنی یاسا لە عێراق و وەرچەرخانێك لە دەسەڵاتێکی سیۆکراسیەوە بۆ دەســەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز کە توانای چەســپاندن و پیادەکردنی سەروەری یاســای لە عێراقدا هەبێت و کۆتایی بەو شــەڕ و کاولکاریە ئەتنــی و مەزهەبییە بێت کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بوونی هەیە و لەماوەی ٦ساڵی رابردووش بە شێوەیەکی زۆر خوێناوی رەنگیداوەتەوە، تەنانەت باراك ئۆباماش هەڵبژاردنی رۆژی شەممەی ٣١ /١/ ٢٠٠٩ بە هەواڵێکی باش بۆ پەلەکردن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا وەســفکرد و جیم هۆگلاندی گەورە ستوونووســی واشنتۆن پۆســتیش بە نموونەیەکی بــاش (Good example) باسیکردووە، ســام پارکەر بەرپرسی پرۆگرامەکانی عێراق لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشــتی (USIP) لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/٤ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانــی دەرەوە CFR و هەروەها لە لێدوانێکی تایبەتیشی بۆ ئەم راپۆرتەی ئێمە، راشکاوانە ئاکامی هەڵبژاردنــەکان بــە ئاراســتەیەکی پۆزەتیفانەی وەرچەرخانی دیموکراســی لــە عێراقدا لە قەڵەم دەدات، لــەم راپۆرتــەدا دەقی ئــەو دیمانە تایبەتە بڵاو دەکەینەوە کە لەگەڵ ســام پارکەر ئەنجاممان داوە، مەبەستیشمان ئەوەیــە کــە خوێنــەری خۆمــان ئــاگادار بکەینــەوە، کە ئاکامی هەڵبژاردنــی پارێزگاکانــی عێراق و ســەرکەوتنی لیســتی حزبی دەعوە و د.مالکی لەم هەڵبژاردنانە بە تایبەتی لە هەردوو شــاری بەغدا و بەسرە، بۆچوونــی جیاوازی لــە ناوەندەکانی ئەمەریــکا و لە ناو بریارســازانی ئیدارەی ئەمریکیدا دروســتکردووە، هەر بۆیە دوای دامرکاندنەوەی ئەو کەفو کوڵەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بۆ خێراکردنی کشــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە میدیاکانی ئەمەریکا دروستیکرد، دەبینین لەسەر ئاستی چەندین ناوەندی گرنگی دیکە هۆشداری گرنگ ئاراستەی ئیدارەی ئۆباما دەکرێت لەوە ئاگاداردەکرێتەوە، هێشتا شەڕ لە عێراق کۆتایی نەهاتووە و جارێ زووە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بەسەرکەوتو لە قەڵەم بدرێت بەمجۆرە:



* **تۆمــاس ئی ریکس** کە یەکێکــە لە پەیامنێرانی جەنگی واشنتۆن پۆست و گەورە تۆژەری ســەنتەری ئاســایش بۆ ئەمەریــکای نوێ لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ راپۆرتێکــی لــە واشنتۆنپۆســت بڵاو کردۆتەوە بە ناونیشانی (شــەڕی عێراق کۆتایی نەهاتــووە، ئەو رووداوە گەورانەی هەتا ئێســتا روویانەداوە، لەمەودوا روودەدەن،ئاماژە بە مەترســی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشــێنەوە، ئەوا ئەوەی تائێســتا لە عێراق روویداوە روودەدات، لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی بە وتەیەکی تۆبی دۆج کردووە کە پسپۆرێکی بواری بەرگری بەریتانیە و زۆر جار راســپاردەی داوەتە ژەنرال داڤید پەتریوس لە عێراقدا کە گوتویەتی (ئەم حکومەتەی ئێســتای عێراق ئامادەیی تیدایە ببێتە دیکتاتۆر و داردەستی ئێران)

(The current Iraqi government is full of Iranian clients. You'll almost certainly end up with a rough and ready dictatorship...)

لەبەشــێکی دیکەی وتارەکەیــدا تۆماس ئی ریکس، باس لە سیاسەتی هەڵەی ئەمەریکا بەرامبەر تەیــاری ســەدر دەکات و دەڵێــت : تەیاری ســەدر نەك هــەر لــە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمەریــکا رزگاری بوو، بەڵکو زۆر بەهێزتر دەرکەوتــەوە و بووە بەشــێك لەو هاوپەیمانییە سیاســییەی کــە ئەمەریــکا لــە حکومەتی



کشانەوەی بەرپرسیارانە واتە کشانەوە پاش چارەسەرکردنی کێشەکان

# بەبێ ئامادەبوونی هێزەکانی ئەمەریکا، ناتوانین لەگەڵ لایەنێکی تاکڕەو و پێشێلکاری دەستووردا، کێشەکانی عێراق چارەسەر بکەین

**تەیاری سەدر نەک هەر لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمەریکا رزگاری بوو، بەڵکو زۆر بەهێزتر دەرکەوتەوە و بووە بەشێک لەو هاوپەیمانییە سیاسییەی کە ئەمەریکا لە حکومەتی عێراقدا دروستی کردبوو**

عێراقدا دروستی کردبوو،ئەمەش واتە سەرکەوتنی سیاسەتی دژ بە ئەمەریکا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، لایەنێکی دیکەی گرنگ لەم راپۆرتە مەسەلەی ئەگەری رووداني کودەتای سەربازیی و دووبارە بوونەوەی شەری ناوخۆییە لە عێراقدا، سەبارەت بە ئەگەری رووداني کودەتای سەربازی ریکس ئاماژە بە قسەیەکی پرۆفیسۆر داڤید کیلکولین پسۆر لە بواری رووبەرووبوونەوەی یاخیبوان کە ئاماژە بەوە دەکات ئەوانەی لە ناو گرین زۆن لە بەغدا سەرکردایەتی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق دەکەن لە خەڵك دابراون و سەرکردەکانی سوپا لەدەرەوەی گرین زۆن زیاتر تێکەڵاوی خەڵك دەبن، ئەمەش باردۆخێکی سیاسیی تەقلیدی لە عێراقدا دووبارە دەکاتەوە کە ئەویش کودەتای سەربازیە، هەربۆیە ریکس راستەوخۆ پشتگیری خۆی لەو راپۆرتەدا بۆ ژەنرال ئۆدیرنۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق پیشاندەدا بەوەی پێویستە تا ساڵی ٢٠١٥ زیاتر لە ٣٠ هەزار سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا بمێننەوە.

• **پرۆفیسۆر مایکل نایت** کە بەرێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراقە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك لە وتارێکیدا کە بەناونیشانی ئایا هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرکەوتوو بووە؟ کە لە گۆڤاری قۆرین پۆلیسی بڵاویکردۆتەوە، بەو شێوەیە ئاماژە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکات (جارێ زووە بڵێین ئەم هەڵبژاردنانە سەرکەوتوون) لەبەر ئەوەی باردۆخی عێراق و ئەو هەلومەرجەی هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، ئاماژەی خراپیان لێدەخوێنرێتەوە و لەوانەیە باردۆخەکە بەرەو خراپتر بروات.



پرۆفیسۆر نایت لە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەمجۆرە لە وتارەکەیدا نووسیویەتی : (لە ئەوروپا و رۆژئاوا کاتێك ئەنجامی هەڵبژاردن رادەگەیەنرێت و براوە و دۆڕاو دەردەکەوێت، لایەنی دۆراو بەخۆیدا دەچێتەوە بزانێ لە کوێدا هەڵەی کردووە و دەنگدەران دەنگیان پێنەداوە، بەڵام لە باردۆخی ئەمڕۆی عێراق ئەوانەی لەم هەڵبژاردنە خۆیان بە دۆڕاو دەزانن، دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی چۆن ئۆتۆمۆبیلی بە مینچێنراو دروست بکەنەوە و چۆن بە زمانی گوللە هاوسەنگیەکە راست بکەنەوە)، بەڵام لە چ کاتێکدا عێراقیەکان دەگەڕێنەوە بۆ دروستکردنەوەی ئۆتۆمۆبیلی بە مینچێنراو توندوتیژی، نایت دەڵێت، حاڵی حازر هەموولایەنەکان سەرقاڵی بونیادی هاوپەیمانیین بۆ دروستکردنەوەی هاوسەنگییەك لە نێو ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، بەڵام کاتێك هاوپەیمانیەکان ناهاوسەنگی دروست دەکات لە ناو ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەوا ئەو لایەنانەی هاوسەنگیەکەیان لاسەنگ دەبێت، بەرێگەی توندوتیژی کوشتن هەوڵدەدەن هاوسەنگیەکە راست بکەنەوە،هەوڵدەدەن پارێزگار سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، فەرماندەکانی پۆلیس بکوژن و تیرۆر بکەن، ئەوانەی زۆر بەوردی لەسەر باردۆخی ناوخۆی عێراق رۆدەچن و لەسەر وردەکاریەکان هەڵوەستە دەکەن، بارودۆخی سیاسیی عێراق بە گونجاو لەبار دەزانن بۆ گەڕانەوە بۆ توندوتیژی و تیرۆر و خۆتەقاندنەوە، لەم راستیەوە بە زمانی ژمارە و رێژە باردۆخەکە شرۆڤە دەکەن :

**هەربۆیە ریکس راستەوخۆ پشتگیری خۆی لەو راپۆرتەدا بۆ ژەنرال ئۆدیرنۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق پیشاندەدا بەوەی پێویستە تا ساڵی ٢٠١٥ زیاتر لە ٣٠ هەزار سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا بمێننەوە**

١- لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ رێژەی بەشداربووان لەسەرانسەری عێراقدا ٪٥٥,٧ بووە، کە عەرەبی سونە بەرێژەی ٪١٤,٩ بەشداریکردووە.

٢- لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ رێژەی بەشداربووان بۆ دەنگدان دابەزیووە بۆ ٪٥١ لە کاتێکدا رێژەی دەنگدانی عەرەبی سونە لە ٪١٤,٩ ەوە بەرزبۆتەوە بۆ رێژەی ٪٤٠- ٪٦٠.


٣- کورد تەنها لە هەرسێ پارێزگای نەینەوا، سەلاحەدین، دیالە بەشداریکردووە، بێجگە لەو کەسانەی کە ناویان بۆ دەنگدان نەگەڕاوەتەوە کە بەنزیکەی ٢٠ هەزار دەنگ مەزەندە دەکرێت، بەرێژەیەکی زۆر بەرز بەشداریکردووە و ئاکامی دەنگدانیش لە هەر ٣ پارێزگا ئەگەر ئەو رێژەیە لەبەر چاو بگرین کە نەیانتوانیوە دەنگبدەن، دەبینین، رێژەی بەشداری کورد زۆر زۆر لە رێژەی عەرەبی و سونەو شیعە زیاترە.

ئەم بەراوردە پێمان دەڵێت، رێژەی دەنگدان لەو ناوچە شیعیەکان کەمیکردووە بەرادەیەکی هێجگار زۆر و ئەگەر بەرزیوونەوەی رێژەی بەشداری عەرەبی و سونە و بەرزی ئاستی رێژەی بەشداری کوردی لێدەربکەین.دەبینین رێژەی بەشداری عەرەبی شیعە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان زۆر کەمدەبێتەوە و دادەبەزێت بۆ رێژەی کەمتر لە ٪٤٠، ئەمەش نیشانەی بێزاری رای گشتی شیعەیە بەرامبەر بەو پارت ولایەنە سیاسیانەی کە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ حکومڕانیان کردوون، سەبارەت بەم رێژە سلبیە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگا شیعە نشینەکانی باشور و بەغداو بەسرا بە تایبەتی، رەنگدانەوەی سیاسەتی حەکیمانەی د.مالکی و حزبی دەعوا و دوورکەوتنەوە لە مەزهەبگەرایی نییە، یان خەڵك دروشمەکانی د.مالکی بەراست بزانێت و لەدەوری کۆبووبێتەوە، وەك هەندێك میدیا و پسپۆری ئەمریکی بۆ ئیدارەی ئەمریکی تەفسیر دەکەن، نەخێر تاکە ئاماژەیەك لەئاکامی هەڵبژاردنەکان بخوێنرێتەوە، ئەو ئاماژەیەیە کە پێمان دەڵێت عەرەبی شیعە بە کاندیدەکانی رازی نییە، ئامادەنییە دەنگیان پێبدات و تورەیە لەو بارودۆخە سیاسیەی کە د.مالکی دروستیکردووە، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو دەنگانە بکەین کە لیستی حزبی دەعوای د.مالکی لە بەغدا و بەسرا هێناویەتی، دەبینین لە رێژەی بەشداربوونی ٪٤٠ کەمتری عەرەبی شیعە (لەبەر ئەوەی تەنها عەرەبی شیعە دەنگ بە حزبی دەعواو مالکی دەدەن، کورد وعەرەبی سونە دەنگی پێنادەن) رێژەی لە ٪٣٨ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، ئەم رێژەیە دەکاتە کەمتر لە رێژەی ٪١٥ی دەنگدەران، لەبەسراش بە هەمان شێوە، ئەگەرنا لە شارەکانی دیکە دەبینین رێژەی لیستی حزبی دەعوا

و مالكــی زۆر زۆر كەمــە، هەر بۆ نموونە لــە دیالە ڕێژەی ٪٦ی دەنگەكانی بەدەســت هێناوە كــە دەكاتە كەمتر لە ٪٣، لــە كەربەلا ڕێژەی لە ٪١٥ی بەدەســتهێناوە كە دەكاتە ٪٦ی دەنگدەرانی ئەسڵی، لە سەلاحەدین ٪٣,٥ ی بەدەستهێناوە، كە دەكاتە ڕێژەی ٪١ی دەنگدەرانی ئەســڵی، بەڵام ئەو ڕێژەیەی هاوپەیمانی كوردستان لە دیالە و موسڵ وسەلاحەدین بەدەستی هێناوە ڕێژەی هەقیقی بەشداری دەنگدەری كورد و كوردستانیە كە دەنگی بە هاوپەیمانی كوردســتان داوە و نزیكە لە ڕێژەی دانیشــتوانی كورد و هاوڵاتیانی كوردســتانی ئەو ناوچانەی بروایان بەوەیە لەگەڵ كورد پێكەوە بژین، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو ڕێژەیەی كە لیستەكەی مالكی بەدەست هێناوە، ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی هاوپەیمانی كوردستانی و تەزیلكردنی هاوپەیمانی كوردستان لەلایەن دەنگدەری كورد و هاوڵاتیانی كوردستانەوە، هەربۆیە ڕێژەی دەنگدان بۆ لیســتی هاوپەیمانی كوردستانی ئاماژەیە بۆ ســەقامگیری و پێكەوە ژیــان و دووركەوتنەوە لە سیاســەتی حزبی دەعوا و مالكــی، لەبەرامبەردا ئەو ڕێژەی د.مالكی بەدەستی هێناوە ئاماژەیە بۆ ناسەقامگیری و دووبارە بوونەوەی توندوتیژی، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو هاوسەنگیەی كــە ئاكامی دەنگدان بۆ لیســتی حزبی دەعــوا مالكی لە ئەنجومەنی پارێزگاكان دروســتیدەكات،ڕەنگدانەوەی خواستی دەنگدەران نییە، بەڵكو ڕەنگدانەوەی ڕەتكردنەوەی دەنگدەرانە و ئەو ڕێژەیە نوێنەرایەتی ڕێژەی ٪٤٠ی دەنگدەرانی شیعە دەكات و لە ٪٦٠ی بەو ئاكامــە نارازین، ئەمەش وەك چۆن لەدوای هەڵبژاردنەكانی ســاڵی ٢٠٠٥ لە ناوچەكانی عەرەبی ســونە بینیمان هەڵكشــان بۆ توندوتیژی و یاخیبوون و گەیشــتە ئەو ئاستەی شــەڕی ناوخۆ بگاتە ناو مزگەوتەكانی شیعە وسونە و تەقاندنەوەی مەزاری ئەلعەســكەریە لە ســامەرا، بەهەمان شــێوە مەزندەی ئەوە دەكرێت هەمان ڕووداو لە پارێزگا شــیعە نشــینەكانی باشور و بەغدا و بەســراش دووبارە بێتەوە، ئەگەر عەقڵیەتی دیكتاتــۆری و تاكڕەوی لە حوكمڕانیدا زاڵ بێت و بواری دیموكراسی بەرتەسك بكرێتەوە.



• **ولیام ئیڤ جاسپەر** لە وتاریكیدا كە لە سایتی نیو ئەمەریكان بــە ناونیشــانی (هەڵبژاردنەكانــی ئەمەریكا سەركەوتن نییە بۆ ئەمەریكا) بڵاویكردۆتــەو، ئاماژە بــۆ ئەوە دەكات ئاكامــی هەڵبژاردنەكــە ئاماژەنیین بۆ وەرچەرخانــی عێراق بــەرەو دیموكراتی، بەڵكو ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی عێراق بۆ دیكتاتۆری و دەنگــدان بە توندوتیژی، ولیام جاســپەر ئەوە بەبیری ئەمریكیەكان دێنێتەوە، كە ئێســتا وا حســاب دەكرێت دەنگدراوە بــە حزبی دەعوا و مالكی، واتە دەنگدراوە بە چەسپاندنی یاسا و دەوڵەتی قانون لە عێراقدا، بەڵام خــودی حزبی دەعوا و مالكی دژی یاســا و دەوڵەتی قانونن لە عێراقــدا و ئاماژە بە پاڵێوراوێكی حزبی دەعوا دەكات بۆ



پەرلەمانی عێــراق، كە ئەویش (جەمال جەعفەر محەمــەدە) و لــە ڕیزبەندی لیستی ئیئتلافی شــیعە ژمارە (٢٤) و تاوانبارە بە تەقاندنەوەی ســەفارەتی ئەمەریكا وفەرەنســا لە ساڵی ١٩٨٣ لە كوەیت و هەروەها تاوانبارە بە بەشــداری لە هەوڵێكدا بــۆ تیرۆركردنی ئەمیری كوەیت لە ساڵی ١٩٨٤ و ناوە نهێنیەكەی (ئەبو موهەندیسە)، لەساڵی ١٩٨٤ پشەوە دەوڵەتی كوەیت بە غیابی حكومی لە ســێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە و ئێستا ئەم تیرۆریستە لەسەر لیستی حزبەكەی مالیكی نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەكات، شــایەنی باســە كەناڵی CNNلە ٧ شــوباتی ٢٠٠٧ ئەم ڕاستیەی ئاشكراكردووە و تەواوی ناوی پەرلەمانتارانی لیســتی ئیئتلافی شیعەی بڵاوكردۆتەوە كە تیایدا جەمال جەعفەر محەمەد لە ڕیزبەندەكەدا ژمارە ٢٤ ووە و كاندیدی حزبەكەی مالكییە، ئەوەی جێگەی سەرسورمانە لەوەڵامــی ئەم ڕاپۆرتەی CNN و لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٨، واتە پاش ڕۆژێك لە بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتەكەی CNN، وەلید حلی ئەندامی سەركردایەتی حزبی دەعوا ڕاستی ئەو ڕاپۆرتەی CNN دەســەلمێنێت وئاماژە بــەوە دەكات جەمال جەعفەر محەمەد كە تاوانبارە بەتەقاندنەوەی ســەفارەتی ئەمەریكا و فەرەنســا و هەوڵدان بۆ تیرۆركردنی ئەمیری دەوڵەتی كوەیت، پەیوەنــدی بە حزبی دەعوەوە نییە و كاندیدی پارێزگای بابلە لە پەرلەمانی عێراقدا، بەڵام هەمـــوو دەزانین هەموو ئەندام پەرلەمانەكانی لیستی هاوبەندی عێراقی یەكگرتوو ناسراو بە (لیستی ئیئتلافی شــیعە) سەر بەو پارتە سیاسیانەن كە لە هاوبەندی شیعەدا بەشدار بوون، جەمال جەعفەریش بێلایەن نییە ویەكێكە لەو كاراكتەرانــەی ڕۆڵی دیاری لە حكومەتەكەی د.مالكی هەبووە بە تایبەتی لە ئەشكەنجەدانی زیندانیەكانی عەرەبی ســونە لە ناو مەلجەئی جادریە، ئەوەش ڕووداوێكی دیكەی هاوشێوەی كارەكانی دیكەی جەمال جەعفەرە كە لە دوای ســاڵی ٢٠٠٦ ئاشكرابوو، ئێســتاش ئەو تاوانبارە هەر ئەندام پەرلەمانەو ڕۆڵێكی كاریگەر لە حكومەتی د.مالیكی دەگێڕێت.

بەبیرهێنانەوەی ئەم ڕووداوە لەلایەن ولیام جاسپەرەوە زەنگێكی ترســناكە بۆ ئیــدارەی ئەمەریكا، ئاماژەیــە بۆ چۆنیەتی دەنگــدان و غــەش و تەزویر و دەنگ كڕین و كوشــتن لە نــاو هەڵبژاردنەكانی عێراقدا و شــەوی پێش هەڵبژاردنەكان دووكاندیدی ســەربەخۆ تیرۆر كراون لەبەر ئەوەی شــێوازی دەنگدانی پارێزگاكان شــێوازێكی تێكەڵاوی داخراو و كراوە بووە، هەروەهــا هەفتەیەك پێش ئەنجامدانــی هەڵبژاردن ٧ هەوڵی دیكە هەبووە بۆ تیرۆركردنی، ٧ كاندیدی دیكە، ئەمە بێجگــە لە خۆتەقاندنەوە لــە ڕۆژی هەڵبژاردنەكە كە زیاتر لە ١٤ كــوژراو دەیان برینــداری لێكەوتەوە،لەلایەكی دیكە

●●●

**ڕێژەی بەشداری عەرەبی شیعە لە هەڵبژاردنی پارێزگاكان زۆر كەمدەبێتەوە و دادەبەزێت بۆ ڕێژەی كەمتر لە ٪٤٠، ئەمەش نیشانەی بێزاری ڕای گشتی شیعەیە بەرامبەر بەو پارت ولایەنە سیاسیانەی كە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ حكومڕانیان كردوون**

●●●

●●●

**دەبینین لە ڕێژەی بەشداربوونی ٪٤٠ كەمتری عەرەبی شیعە بە حزبی دەعوا مالكی، ڕێژەی ٪٣٨ی دەنگەكانی لە بەدەستهێناوە، ئەم ڕێژەیە دەكاتە كەمتر لە ڕێژەی ٪١٥ی دەنگدەران، لەبەسراش بە هەمان شێوە، ئەگەرنا لە شارەكانی دیكە دەبینین ڕێژەی لیستی حزبی دەعوا و مالكی زۆر زۆر كەمە، هەر بۆ نموونە لە دیالە ڕێژەی ٪٦ی دەنگەكانی بەدەست هێناوە كە دەكاتە كەمتر لە ٪٣، لە كەربەلا ڕێژەی لە ٪١٥ی بەدەستهێناوە كە دەكاتە ٪٦ی دەنگدەرانی ئەسڵی، لە سەلاحەدین ٪٣,٥ ی بەدەستهێناوە، كە دەكاتە ڕێژەی ٪١ی دەنگدەرانی ئەسڵی**

●●●

●●●

**جەمال جەعفەر محەمەد لە ریزبەندی لیستی ئیئیتلافی شیعە ژمارە (٢٤)ەو تاوانبارە بە تەقاندنەوەی سەفارەتی ئەمەریکا وفەرەنسا لە ساڵی ١٩٨٣ لە کویت و هەروەها تاوانبارە بە بەشداری لە هەوڵیکدا بۆ تیرۆرکردنی ئەمیری کویت لە ساڵی ١٩٨٤ و ناوە نهێنیەکەی (ئەبو موهەندیسە)، لەساڵی ١٩٨٤ یشەوە دەوڵەتی کویت بە غیابی حکومی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە و ئێستا ئەم تیرۆریستە لەسەر لیستی حزبەکەی مالیکی نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەکات**

●●●

●●●

**ولیام ئیف جاسپەر لە وتارێکیدا کە لە سایتی نیو ئەمەریکان بە ناونیشانی (هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا سەرکەوتن نیە بۆ ئەمەریکا) بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئاکامی هەڵبژاردنەکە ئاماژەنیین بۆ وەرچەرخانی عێراق بەرەو دیموکراتی، بە لکو ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی عێراق بۆ دیکتاتۆری و دەنگدان بە توندوتیژی**

●●●

لە هیچ پارێزگایەکدا لە زۆرینـــەی ٥٠+١٪نزیکنەبۆتەوە، بێجگـــە لە بەغداو بەســـرا کە ئەویش دوورە لـــە زۆرینە لە پارێزگاکانی دیکەی شیعەنشین هەرئەوەندەیە لە لایەنەکانی دیکـــە زۆرتری هێناوە ' ئەگینـــا زۆر زۆر رێژەیەکی کەمی بەدەست هێناوە، هەربۆیە ئەم رێژەیە ناچارمان دەکات دیسانەوە بگەڕێنەوە بۆ هاوپەیمانی،بەڵام هاوپەیمانییەك کە مەزندەی گەڕانەوە بۆ توندوتیـــژی لە مەزندەی هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەقامگیری گەورەترە.

• لایەنێکی دیکـــەی خراپی ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە، بارودۆخێکی دروستکردووە کە مالیکی و حزبی دەعوا هەست بە لەخۆباییبوونیکی ســـەیر و مەترسیدار دەکەن، سەرەتای ئەم لە خۆباییبوونـــەش لە دانانی ســـەرۆکی پەرلەمانی عێراقدا رەنگیداوەتەوە، ئێستا بەرەی تەوافق ئەوەی تەواو لا ئاشکرابووە، کە حزبی دەعوای ســـەر د.مالیکی ئاســـتەنگی ســـەرەکی و ڕێگری ســـەرەکین لەبـــەردەم ســـەرنەکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی وەك لە هەڵبژاردنی رۆژانی چوارشەمە و پێنج شەمەی رابردوو بۆ دەستنشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان بینیمان، هۆکاری بەدەســـتنەهێنانی زۆرینە ئەوەیە کە پەرلەمانتارانی حزبی دەعوا کارتی دەنگدان بە ســـپێتی دەخەنە ناو سندوقی دەنگدان، ئەمەش لەلایەن پەرلەمانتارانی دەرەوەی حزبی دەعوە بەو ئاراســـتەیە لێکدەرێتەوە، کە حزبی دەعوا بۆیە وادەکات بـــۆ ئەوەی پەرلەمانیش وەکو حکومەت لێبکات، چۆن ئێستا هەڵسوڕانی کاروباری حکومەت بریتیە لە شەخسی د.مالکی و راوێژکارانی دەوربەری و ئەنجوومەنی وەزیران رۆڵێکی ئەوتۆی نییە، بە هەمان شێوە هەوڵەکانیشی لەپەرلەمان بـــۆ ئەوەیە پەرلەمانێکی بەهێز بوونی نەبێت، یان ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ هەنگاوەکانی د.مالکی هاوئاواز بێـــت وپەرلەمان لەبری ئەوەی چاودێری کاروبارەکانـــی حکومـــەت بکات و بوار بـــە مالکی نەدات بەکەیفی خۆی رەفتاربکات، پەرلەمان ببێتە ئالەتێك بەدەست حکومەتـــەوە بۆ شـــەرعیەتدان بە رەفتارە نادەســـتوریەکانی د.مالیکی.

• د.مالکـــی هەوڵـــدەدات ئاکامی هەڵبژاردنـــەکان بکات بە پەردەیەك بۆ شـــەرعیەدان بۆ گەڕانـــەوە بۆ مەرکەزیەت و هەموارکردنی دەســـتووری عێراق بەو شـــێوەیەی لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خـــۆی یەکدەگرێتەوە، دەیەوێت بـــە ئەمەریکا بڵێت عێراقییـــەکان دەنگییان بە مەرکەزییەت و هەموارکردنی دەســـتووردا‌وە، بۆیە پێویســـتە لەم ئاراستەیە پشتیوانی حکومەتی مالکی بکرێت و زۆر زیاتر حکومەتی مالیکـــی وەك حکومەتێکی بەهێز پیشـــان بدرێت بەجۆرێك هەموو پێکهاتەکانی عێراق ناچاربن وەك ســـەردەمی رژێمی پێشـــوو ملکەچی فەرمانەکانی ناوەند بن، ئەم ئاراستەیە لە پەیامەکانی د.مالیکی تـــەواو رەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ ســـارکۆزی ســـەرۆکی فەرەنسا، لە وەڵامی رۆژنامەنوسێکدا بەوەی جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دوای لە مالیکی کردووە پرۆسەی سیاسیی و پێکهاتنەوەی نیشـــتمانی بەرەو سەرکەوتن ببات، مالیکی زۆر بەتونـــدی رەدی جوزیف بایدن دەداتەوە و وای پیشاندەدا، عێراق ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە لەسەر راسپاردەی ئەم و ئەو هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئاکامی هەڵبژاردنـــەکان بە تەواوەتی د.مالیکی سەرخۆشـــکردووە و بواری بۆئەوە نەهێشـــتۆتەوە باســـی دیالۆگ و تەواوفق و پێکهاتنەوەی نیشتمانی بکرێت و یان هەموو لایەنەکان دەستوور وەك مەرجەعێك بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان سەیربکەن و بگەڕێنەوە سەری، ئەمەش ئەو زەنگە مەترسیدارەیە کە هێشتا ئیدارەی ئۆباما وەك پێویســـت لێی ئاگادار نەبۆتەوە و کورد ناچار بـــووە بەدەنگی بەرز هەموو لایەك هۆشـــیار بکاتەوە ئەگەر رەفتاری ئەمەریکا لە عێراقدا بەرپرســـیارانە نەبێت، ئەوا هیچ دوورنیە ئاژاوە و شـــڵەژانێکی دەروونی باشـــوور و ناوەڕاســـتی عێراق بگرێتەوە، تەنانەت ئەو شـــوێنانەش کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەر هەرێمی کوردستانن.

## هەرێمی کوردستان چۆن لەگەڵ حکومەتی مالیکی رەفتار بکات و ڕێگە چارەکانی بەردەمی چین؟


سەرکردایەتی سیاســـیی کوردســـتان وحکومەتی هەرێمی کوردستان هەســـتی بەو مەترســـیە کردووە، کە حکومەتی د.مالکی نیازی نییە بە رێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێت.

هەرێمی کودستان لەسەر ئاستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکانی نێوان هەرێم وبەغدا چوونەتە بەغدا و راستەوخۆ لەگـــەڵ حکومەت دانیشـــتوون بۆئـــەوەی کێشـــەکان بە زمانـــی دیالۆگ و لـــە چوارچێوەی دەســـتووری عێراقدا چارەســـەربکرێن،لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ بەرێز مســـعود بارزانی ســـەرۆکی کوردستان ســـەردانی بەغدای کـــرد بۆ هێورکردنـــەوەی بارودۆخەکە وچارەســـەرکردنی ئەو کێشـــە هەڵواســـراوانەی لە نێوان بەغداو هەرێمدا هەبوون و چوارچێوەی چارەســـەرکردنیش بۆ ئەم کێشـــانە کە لەلایەن هەرێمی کوردســـتانەوە دیاریکراوە،بریتیە لە چوارچێوەیەکی یاسایی ودەســـتووری، بۆئەم مەبەســـتەش بە رێککەوتنی هەردوولا ٥ لیژنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێکهێنراون و بەپێی ئەو رێککەوتنەی لە نێوان حکومەتی بەغدا وهەرێمی کوردســـتان هەیە، دەبێـــت ئەم ٥ لیژنەیە لەمـــاوەی کەمتر لەمانگێك هەموو ئەوکێشە هەڵواســـراوانە دیراسەت بکەن و رێگە چارەی یاسایی ودەستووری بۆ بدۆزنەوە و کۆببنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری پێویســـتی لەبارەوە بدرێت، بەڵام ئەوا نزیکەی ٤ مانگ بەســـەر پێکهێنانی ئەو ٥ لیژنەیە تێدەپەڕێت،بەڵام هێشـــتا حکومەتی مالیکی خۆی لەچارەســـەر دەدزێتەوە و هەتا ئێســـتا ئەو لیژنانە نەیانتوانیوە پێکەوە کۆببنەوە و بڕیار

البرلماني العراقي المطلوب للعدالة

ضمن قائمة الائتلاف الشيعية وهي قائمة رئيس الوزراء نوري المالكي

زيد بنيامين — الأربعاء 7 فبراير 2007 GMT 1:00:00



جمال جعفر محمد

إيلاف - دبي: كشفت شبكة CNN الأمريكية نقلا عن مصادر الاستخبارات العسكرية الأمريكية أن الرجل الذي حكم عليه بالإعدام لاتهامه في استهداف سفارتي الولايات المتحدة وفرنسا بالسيارات المفخخة في الكويت عام 1983 يجلس الآن ممثلا للشعب العراقي في الجمعية الوطنية (البرلمان) ضمن قائمة الائتلاف الشيعية وهي قائمة رئيس الوزراء العراقي الحالي نوري المالكي.
وقالت الشبكة أن (جمال جعفر محمد) يجلس اليوم في البرلمان العراقي في الوقت الذي تتهمه والشخص بأنه يساعد فرق الموت الشيعية ويتيح (عصب إيراني) بالتصرف بحرية في العراق.

وأضافت الشبكة نقلا عن مصادرها أن الولايات المتحدة اتصلت فعلا بحكومة المالكي بخصوص اتهاماتها لـ (جمال جعفر محمد) وعلى رأس هذه الاتهامات دعم القوات الإيرانية الخاصة المتواجدة فعلا في الأراضي العراقية.

وقالت الـ CNN انها حاولت مقابلة (جمال جعفر محمد) عضو البرلمان العراقي لتعرف رأيه حول هذه الاتهامات دون أن تنجح في ذلك، وسبق محمد أن كان قياديا في ميليشيا بدر الشيعية، وكانت محكمة كويتية قد قضت عام 1984 بإعدام جمال

لەسەر چارەسەرێك بدەن، ئەمانە هەمووی با لەلایەك بێت، گریمان باردۆخەكە ئاسایی نییە و نەتوانراوە كۆبوونەوە بكرێت وكوردیش لەم مەسەلەیەدا باردۆخەكە لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسیە ئەوەیە د.مالكی لە هەوڵی ئەوەدایە (ئەگەر بۆی سەربگرێت) ئەو بنەمایانە هەڵبوەشێنێتەوە كە دەبنە سەرچاوەی چارەسەركردنی كێشەكان كە ئەویش هەوڵدانە بۆ پێشێلكردنی دەستووری عێراق و گۆڕینی ناوەرۆكی دەستووری عێراق لە دەستوورێك كە بۆ وڵاتێكی دیموكراسی و فیدرالی وپەرلەمانی و فرەیی و پێكەوەژیانی ئارەزوومەندانە دارێژراوە، بیگۆڕێت بۆ دەستورێكی مەركەزی ئەو تۆ كەمافە دەستووریەكانی هەرێمی فیدرالی كوردستان بگۆڕێت بۆ هاوتای مافی هەر پارێزگایەكی دیكەی عێراق، هەروەها پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی كورد وعەرەب لە عێراقدا بگۆڕێت بۆ پێكەوە ژیانی سەپاندن بەسەركوردا لە عێراقدا، هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ كە ناوەرۆكەكەی بۆ سڕینەوەی رەفتارەكانی رژێمی بەعس وسەدام حوسێنە لە تەعریب وتەرحیل و دابڕانی بەشێكی خاكی كوردستان لە هەرێمی كوردستان، بۆ سەپاندن و كردنی بە ئەمری واقیعی ئەو رەفتارانەی رژێمی بەعس كە بەرامبەر كورد كراوە، بۆیە ئەم ئاراستە دژەی د.مالیكی دەیەوێت دژ بەمافەدەستووریە چەسپاوەكانی كورد لەدەستوری عێراقدا بیگرێتەبەر، ئەو جۆرە ناكۆكیانە نییە كە خاڵی ناكۆك وهاوبەش تیایدا ناهاوسەنگ بێت و هەوڵبدرێت ئەونا هاوسەنگیە راستبكرێتەوە، بەڵكو ئەوەی مالیكی دەیەوێت دروستی بكات كێشەیەكە هیچ خاڵێكی هاوبەشی لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی بەغدا نەهێشتۆتەوە ئەو دەستوورەی رایەڵەی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان وبەغدا رێكدەخات، لەبنەرەتەوە هەوڵدەدات ئەو رایەڵانە هیچیان نەهێڵێتەوە،كەواتە تەنیا رێگە بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت ئەم باروودۆخە نەگاتە ئاستی تەقینەوە و پێكدادان، بوونی هێزەكانی ئەمەریكایە لەعێراق، وەك گەرەنتیەك بۆ رێگرتن لەو تەقینەوەیە، ئەگەر هێزەكانی ئەمەریكا نابەرپرسانە واتە پێش چارەسەركردنی ئەم كێشانە لە عێراق بكشێنەوە، ئەوا بە تەواوەتی دەرگای دیالۆگ و لێكتێگەیشتن دادەخرێت و تەنیا رێگە چارە لەبەردەم كورد دەمێنێتەوە كەدەبێت بەرگری لە مان ونەمانی خۆی بكات، ئەم رێگەچارەیە راستە بۆ عێراق و هەرێمی كوردستان رێگە چارەیەكی باش نییە و دووبارەبوونەوەی مێژووی خوێناوی كاولكاریە لە عێراقدا، بەڵام كە هەموو دەرگاكانی دیكە داخران و ئەمەریكاش پشتگیری لێبكات،ئەوا كورد دەستەوەستان نابێت وملكەچی فەرمانەكانی نەك مالكی، بەڵكو هیچ دەسەڵاتێكی دیكەش لە عێراقدا نابێت كە بیەوێت بە زۆرداری مافەكانی كورد

●●●

**حزبەكەی مالكی لە هیچ پارێزگایەكدا لە زۆرینەی ٥٠+١٪ نزیكنەبۆتەوە، بێجگە لە بەغداو بەسرا كە ئەویش دوورە لە زۆرینە لە پارێزگاكانی دیكەی شیعەنشین هەرئەوەندەیە لە لایەنەكانی دیكە زۆرتری هێناوە ، ئەگینا زۆر زۆر رێژەیەكی كەمی بەدەست هێناوە**

●●●

پێشـێل بكات، ئەمە مەترسـییەكی گەورەشە بۆ سیاسەتی ئەمەریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و كاریگەری زۆر خراپیشی لەسـەر ئەو ئەولەویەتە تازەیەی سیاسەتی ئەمەریكا دەبێت كە ئیدارەی ئۆباما بۆی دارشـتووە و سەرلەنوێ ئەمەریكا ناچاردەكاتەوە بگەرێتەوە بۆ ئەو سیاسـەتەی كە شەخسـی سەرۆك ئۆباما پێی وایە شكۆی ئەمەریكای لەسەرانسەری جیهاندا هێناوەتە خوارەوە و، هەربۆیە پێش ئەوەی سەنتەرەكانی توێژینـەوە ئیدارەی ئەمەریكا لە مەترسـی ئـەم باردۆخە ئاگاداربكەنەوە، بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی كوردسـتان راشـكاوانە بە هەموو جیهان و ئیدارەی تازەی ئەمریكیشی راگەیاند، ئەگەر پێش چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق بەگشـتی و كێشـەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا ئەمەریكا هێزەكانی لە عێراق بكێشێتەوە، ئەوا مەترسی هەڵایسـانی شەر لە نێوان كورد و بەغدا یەكێكە لەو ئەگەرە مەترسیدارانەی دەبێت حسابی جیددی بۆ بكرێت،ئەم لێدوانە راشكاوانەیەی سەرۆكی حكومەتی كوردستان و رەنگدانەوەی لە ناو میدیاكانی جیهان و تەنانەت عەرەبیشدا، زەنگێكی بە ئاگا هێنانەوە بوو بۆ سـەنتەرەكانی توێژینەوە و هەروەها ئەو كەسانەشـی وەك تۆماس ریكس كە لە ناو واقیعی عێراقەوە لـە كتێبێكدا هەوڵەكانـی ئەمەریكای بـۆ هێوركردنەوەی باردۆخەكە لە ٢٠٠٦-٢٠٠٨ تۆماركردووە، ئەم هەوڵانەش وەك رێكخسـتنی پولی دۆمینە هەمووی لەبەریەك هەڵدەوەشێت، ئەگەر سوورن لەسەر فاكتەرەكانی ئەم سەقامگیریە بەردەوامی نەبێت، كەواتە هەوڵی هەرێمی كوردسـتان بۆ تێگەیشتنە لەو ئامانجەی سەرۆك ئۆباما لە عێراقدا هەیەتی و ناوی لێناوە سەركەوتنی بەرپرسانە و كشـانەوەی بەرپرسانە، دەبێت ئێمە راشكاوانە پێیان بڵێین وەك چۆن سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان پێش هەمووان پێی گووتوون، ئێمە بەو شێوەیە لە كشانەوەی بەرپرسانە تێدەگەین،:

- چارەسەركردنی كێشە هەڵواسراوەكانی نێوان بەغدا وهەرێم
- جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.
- دەركردنی یاسای گاز و نەوتی عێراق.
- دەركردنی یاسایەك بۆ دابەشـكردنی عادیلانەی داهاتی سامانە سروشتیەكان بەسەر سەرجەم گەلانی عێراقدا.
- چارەسـەركردنی كێشەی پێشـمەرگە و یەكلایكردنەوەی بودجەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سوپای عێراق.

## بۆچی بوونی هێزەكانی ئەمەریكا بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە پێویستن؟

وەڵامی سـادەو گەوهەری بۆ ئەم پرسـیارە گرنگە ئەوەیە بۆئەوەی پەنا بۆ هێزی سـەربازی نەبرێت بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە، روونتریش لەمە بۆ ئەوەی چارەسەری سەربازی یان پەنابردن بۆ توندوتیـژی یەكێك لە رێگە چارەكان نەبێت و لەبری ئەمە چەندین رێگە چارەی دیكە لە ژێر سـەقفی پەرلەمان و دەستووری هەمیشـەیی عێراقدا دروست بكەین لەوانە:

١- بەردەوامبوون لەسەر رێگە چارەی سیاسیی و دیالۆگی بەردەوام و جەختكردنەوە لەسـەر خاڵە هاوبەشەكان و هەوڵدان بۆ لێكنزیكردنەوەی ناكۆكییەكان.

٢- هەوڵدان بۆ گۆرینی كەلچەری بیركردنەوەی حكومرانی و سیاسـەتمەدارنی عێـراق و بروایپێهێنان یـان بە فرەیی و پێكـەوە ژیان، ئەم كەلچەرە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاسـتەی ئیدارەی ململانێ سیاسـیەكانی عێراقی پێبكرێت پێویستی بە پشـتگیری و هاندان هەیە، ئەو پشـتگیری و هاندانەش بوونی هێزەكانـی ئەمەریكایە بۆ ئەمـرۆی عێراق،ئەگەر هێزەكانی ئەمەریكا لـە عێراقدا بوونیان نەبوایە كورد ناچار دەبوو، وەك چۆن پێشـتریش لە میانەی وتوێژەكانی لەگەڵ حكومەتە مەركەزیەكانی پێشـوو داوایكردووە لایەنی سێیەم، ئەو جا ئەمەریكا بێت، یان روسـیا یان فەرەنسـا یان نەتەوە یەكگرتووەكان بێنە ناوەوە بۆ ئەوەی گەرەنتیەك بۆ درێژەپێدان بە رێگەی ئاشـتی و دیالۆگ هەبێت بۆ چارەسـەركردنی كێشـەكان، پێشـتر ئەم داوایەی كورد كەم تازۆر لەبەرچاو نەگیراوە و بەردەوام فەزلی ناوەند دراوە بەسـەر خواسـت و داواكاریەكانـی گەلی كوردسـتان، هەربۆیـە هیچ جارێك كێشـەكان چارەسـەر نەكراون، ئەمرۆ بارودۆخێكی جیاواز هاتۆتە ئاراوە و چارەسـەركردنی كێشـەكانی نێوان هەرێم و بەغدا بۆتە بەشـێك لەسـەركەوتنی سیاسەتی ئەمەریكا لە عێراقدا،بۆیە كە ئێسـتا ئارامیەك لە عێراقدا هەیە و بوارێك هەیە هەرێم و بەغدا بۆ چارەسـەركردنی كێشـەكانیان پەنا بۆ دیالۆگ بـەرن، هۆكارەكەی ئەوەیە هێزەكانی ئەمەریكا بونیـان هەیە، ئەگەر هێزەكانی ئەمەریكا بوونیان نەبێت ئەوا پرۆسـەی دیالۆگ و رێككەوتنی ئاشـتیانەش بەردەوامی نابێت،كە پرۆسـەی دیالۆگ و لێكتێگەیشتنیش بەردەوامی نەبێت و پەنا بۆ چارەسەری سەربازی بردرا، ئەوا دیموكراتیەت بوونـی نامێنێت و پێمان خۆش بێـت یان پێمان ناخۆش بێت دەگەرێینەوە بۆ ئەقلیەتی حكومرانی سەربازی و پشتكردنە كەڵچەری دیموكراسـی،هەربۆیە ئەگەر ئامانجی ئێمە وەك عێراقی و ئەمەریكاش وەك سـۆپەر پاوەر دیموكراتیزەكردنی عێـراق و بەهێزكردنـی كەڵچەری دیموكراتـی بێت لە نێو عێراقیەكاندا، ئـەوا دەبێت هێزێك بوونـی هەبێت هەتا ئەم كەڵچەرە پێدەگات، هاتە ئەو كەسەی دەبێتە سەرۆك وەزیران فێربێت بە زمانی دیالۆگ وئاشتی كێشەكان چارەسەر بكات وئەوەی لەبەرچاو بێت ئەگەر لەم رێگەیە لایدا ئەوا پرۆسـە دیموكراتیەكە متمانەی لیوەردەگرێتەوە و دەبێت سـەرلەنوێ هەڵبژاردن بكرێتەوە، یان حكومەتێكی دیكەی نیشـتمانی و دیموكراتـی ئەوتـۆ دابمەزرێتەوە كە دەربـری ئیرادەی دیموكراتیانەی گەلانی عێراق بێت.

٣- بوونی هێزەكانی ئەمەریكا بۆ ئەمرۆی عێراق پێویستە، بۆئـەوەی هەوڵدان بـۆ دروسـتكردنی هاوپەیمانی نوێ و هەوڵدان بۆ لێسـەنەوەی متمانە لـە حكومەت بە پیلان و كودەتا و رووخان وەسـف نەكرێت، لەماوەی ٢ساڵی رابردوو

ئاكامەكانی هەڵبژاردن بارودۆخێكی دروستكردووە كە مالیكی و حزبی دەعوا هەست بە لەخۆباییبوونیكی سەیر و مەترسیدار دەكەن، سەرەتای ئەم لە خۆباییبوونەش لە دانانی سەرۆكی پەرلەمانی عێراقدا رەنگیداوەتەوە

د.مالكی لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو بنەمایانە هەڵبوەشێنێتەوە كە دەبنە سەرچاوەی چارەسەركردنی كێشەكان كە ئەویش هەوڵدانە بۆ پێشێلكردنی دەستووری عێراق و گۆرینی ناوەرۆكی دەستووری عێراق لە دەستوورێك كە بۆ وڵاتێكی دیموكراسی و فیدرالی وپەرلەمانی و فرەیی و پێكەوەژیانی ئارەزوومەندانە دارێژراوە، بیگۆرێت بۆ دەستورێكی مەركەزی ئەو تۆ كەمافە دەستووریەكانی هەرێمی فیدرالی كوردستان بگۆرێت بۆ هاوتای مافی هەر پارێزگایەكی دیكەی عێراق



زۆر گوێمان لەوە بووە کە ئەگەر هەوڵێکی لەو جۆرە هاتبێتە ئاراوە چەندین زاراوە و ناو و ناتۆرەی ئەو تۆی بۆ داتاشراوە کە رۆژانی رژێمی پێشووی بیرهێناوینەوە، بۆیە پێویستە هێزێك لە عێراقدا هەبێت، بۆ ئەوەی هەوڵە دیموکراتییەکان بە پیلان و کودەتا و دەستی دەرەکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە خەڵك نەفرۆشرێتەوە و شەرعیەت بۆ خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت دروستنەکرێت.

٤- ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بونیان نەبێت پەروەردەی قەومیەی عەرەبی رێگە بەوە نادات گوێ بۆ داواکاری و مافی غەیرە عەرەب بگیرێت، لەوانەیە ئەم پەروەردە قەومیە کە سەرەتایەکە بۆ فەرزکردنی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا، سەرەتایەکە بۆ ناساندنی خاکی نەتەوەیەکی غەیرە عەرەب بە خاکی نیشتمانی عەرەب، وەك هۆکارێك یان میکانزمێك دەسەڵاتدارەکانی عەرەب بۆ خۆسەپاندن بە کاری بهێنن، هەروەك چۆن لەشەری عێراق ئێراندا ئەم پەروەردە قەومیە شۆڤێنیە کرا بە خۆراکی شەری هەشتساڵەی سەپێنراوی سەدام حوسێن بەسەر ئێراندا، ئەمرۆش هەستدەکرێت هەمان هەوڵ بۆ پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە ئارادایە و بەداخەوە لە هەندێك رۆشنبیر و رۆژنامەنوسی گەورەی عەرەب گوێبیستی ئەوە دەبین کە پەیامەکەمان بە هەڵە تەفسیر دەکەن و ئێمە هەموو هەوڵمان بۆئەوەیە کەلچەری دیموکراتی و پێکەوە ژیان لە عێراقدا بەهێز بکەین، ئەوان وا تەفسیری دەکەن دەمانەوێت دۆستایەتی و هاوپەیمانیمان تەفزیل بکەین بەسەر پێکەوەژیانی برایانەی کورد و عەرەب لە عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا کورد لە چلەکانی سەدەی رابردوو داوای کردووە کۆمکاری عەرەبی ئەم رۆڵەی ئێستای بگێرێت و لەشەستەکاندا داوای کردووە سەرکردەی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر ئەو رۆڵە بگێرێت و لە حەفتاکاندا دیسان داوای کردووە لە لوتکەی دەوڵەتانی عەرەبدا رێگە بدرێت کورد کێشەی خۆی رابگەیەنێت،بەڵام بەداخەوە ئەوەندەتان بەکورد رەوا نەبینی لەناو کۆمکاری عەرەبیدا باسی کێشەی خۆشی بکات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە نەك بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وبەغدا لایەنی سێیەم پێویست بێت، بەڵکو زۆر گرنگە بۆ دیالۆگی نێوان کورد وعەرەب و کورد وتورك و کورد وفارسیش لایەنی سێیەم ئامادەباشی هەبێت بۆ ئەوەی چیدیکە کەلچەری براگەورەیی نەتەوەی سەردەست لە دیالۆگی هاوسەنگدا جێگەی نەبێتەوە.

●●●

**تەنیا رێگە بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت ئەم بارودۆخە نەگاتە ئاستی تەقینەوە و پێکدادان، بوونی هێزەکانی ئەمەریکایە لەعێراق**

●●●

●●●

**ئەم لێدوانە راشکاوانەیەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و رەنگدانەوەی لە ناو میدیاکانی جیهان و تەنانەت عەرەبیشدا، زەنگێکی بە ئاگا هێنانەوە بوو بۆ سەنتەرەکانی توێژینەوە و هەروەها ئەو کەسانەش وەك تۆماس ریکس کە لە ناو واقیعی عێراقەوە لە کتێبێکدا هەوڵەکانی ئەمەریکای بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە ٢٠٠٦-٢٠٠٨ تۆمارکردووە و ئەم هەوڵانەش وەك رێکخستنی پولی دۆمینە هەمووی لەبەریەك هەڵدەوەشێت**

●●●

●●●

**پێویستە هێزێك لە عێراقدا هەبێت، بۆ ئەوەی هەوڵە دیموکراتیەکان بە پیلان و کودەتا و دەستی دەرەکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە خەڵك نەفرۆشرێتەوە و شەرعیەت بۆ خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت دروستنەکرێت**

●●●

**د. عومەر عەبدولستار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیسلامی عێراق بۆ گوڵان:**

# ئەوەی لە عێراقدا چووە سەرکورسی دەسەڵات بە ئاسانی واز لە کورسییەکەی ناهێنێت، دەڵێت رقم لە دیکتاتۆریەتە، بەڵام رەفتاری دیکتاتۆر پیادە دەکات



**د. عومەر عەبدولستار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیسلامی عێراقە و پەرلەمانتاری لیستی تەوافقە لە ئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق و خەڵکی شاری ئەنبارە، د. عومەر پێش ئەوەی پەرلەمانتار بێت یان سیاسەتمەدار پزیشك بووە، بۆیە وەك لەم دیمانەی گوڵانیش ئاماژەی پێدەکات ئەو هەروەك پزیشك سەیری کێشەکانی عێراق دەکات و لە پێشدا هەوڵدەدات کێشەکان دەسنیشان بکات، ئینجا دواتر بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و کێشەی یەکلانەونەوەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. د. عومەر عەبدولستار بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**ئێمە لە بارودۆخی دیکتاتۆری و رژێمی گشتگرەوە گواستومانەتەوە بۆ بارودۆخی دیموکراتی و پاراستنی دەسەڵاتی داد و یاسادانان و جێبەجێ کردن و. هتد. بەڵام لە راستیدا ئەم دامەزراوانە و دەستوورو دەسەڵاتەکانیان سروشتێکی رووکەشیان وەرگرتووە**

***حەزدەکەین پرسیاری ئێمە سەرەتا لەو خاڵەوە دەست پێبکەین ئایا ئێوە وەك حزبی ئیسلامی عێراق و عەرەبی سونە چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەخوێننەوە ؟**

- لە راستیدا پێویستە خۆمان بێئاگا نەکەین لەوەی کە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە کەوتووەتە ناو داگیرکاری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە بە دەسەڵات و سامانی عێراقیشەوە. پێویستە ئەمە بکەینە بنەمای خوێندنەوەکەمان. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕینی رژێم و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکان و پێکهێنانی دامەزراوەکان روویداوە. لەسەر ئەم پێکهێنانی دامەزراوانە داگیرکاری خرۆشاوە، داگیرکاری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بەسەر دەسەڵات و سامانەوە. ئەگەر بمانتوانیایە داگیرکاری نێودەوڵەتی و هەرێمی لە داگیرکاری ناوخۆیی جیاکەینەوە، دەمانتوانی زۆر کێشە چارەسەر بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی داگیرکاری هەرێمی لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکاندا هەیەو داگیرکاری نێودەوڵەتی لەگەڵ لایەنی ناوخۆیی هەیەو و لایەنی تریی ناوخۆییش هەن کە پاڵپشتی نێودەوڵەتی و هەرێمیان نییە. ململانێ لەسەر دەسەڵات و هێز بوونی هەیە کە تا ئێستاش جێگیر نەبووە، وە لەپاشان ئێمە لە ماوەی گواستنەوەداین و ماوەی گواستنەوە پێویستی بە ئامرازی گواستنەوەیی هەیەو پێویستی بە دەستوور نییە، دەستوور بۆ بارودۆخی بەردەوامە. ئێمە محاصصەو پەیماننامەو گرێبەندمان هەیە، هەمووی لە پێناو تێپەڕاندنی ئەم قۆناغی گواستنەوەیە، بەڵام لایەن هەن لەژێر سێبەری ئەمەدا دەستیان پێکردووە، بە دامەزراوەی دەوڵەت دەناسرێن. ئێمە لە بارودۆخی دیکتاتۆری و رژێمی گشتگرەوە گواستومانەتەوە بۆ بارودۆخی دیموکراتی و پاراستنی دەسەڵاتی داد و یاسادانان و جێبەجێ کردن و. هتد.

بەڵام لە راستیدا ئەم دامەزراوانە و دەستوورو دەسەڵاتەکانیان سروشتێکی رووکەشیان وەرگرتووە، بەڵام ناوەڕۆکیان لە راستیدا رووحی تەواو نەکردووە. دەوڵەت بەشێوەیەکی درووست پێکنەهێنراوە، دەسەڵات بەسەر دەسەڵاتدا زاڵ بووە. مەبەستم لەژێر سێبەری ئەمەداو ئەو ساڵانەی ئەم دامەزراوانە تێیان پەڕاندووە پێنەگەیوون و نەگۆڕاون بۆ دامەزراوەی دیموکراسی و بە پاشکۆی یاسایی و دەستووری کاری نەکردووە. سەیر کەن :

-١دەستووری نووسراو هەیە بەڵام دەستووری جێبەجێکراو نییە.

-٢پەرلەمان هەیە بەڵام پەرلەمان بریتییە لە دامەزراوەیەکی پاشکۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

-٣ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بەڵام ئەوەی پێشەوایەتی دەکات سەرۆکی حکومەت و راوێژکارەکانن، لەبری ئەنجوومەنی وەزیران

و دەسەڵاتی دەستوور، سەرۆك وەزیران و راوێژكارەكانی دەوروبەری خاوەنی دەسەڵاتی حەقیقین و پشتن بە توانا یەك دەیەستن كە بە ئەوانی تر دراوە. پەرلەمان بە دەستەی سەرۆكایەتییەوە سەرۆكایەتی داوەتە دەست سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران.

-٤سەرچاوەیەك نییە لە كاتی جیاوازیدا. بۆی بگەڕێینەوە؟ وا ئێستا تووشی جیاوازی بووین؟ بۆ دەستوور؟ لەڕاستیدا ئێمە نە دەستوورمان راستكردووەتەوە و نە رێزیمان گرتووەو نە بەشێوەیەكی درووست جێبەجێمان كردووە.

مەبەستم لەژێر سێبەری نەبوونی سەرچاوە، یانی ئێمە وەك پەرلەمان دەستوورین و دەبێت حكومەت لە دەستووردا كۆتایی پێبێت. پێویستە لێپرسینەوە لە وەزارەتەكان بكرێت. بەڵام ئەنجوومەنی نوێنەران دەستەوەستانە لە لێپرسینەوە یان ناتوانێت لە سەرۆكی وەزیران بپرسێتەوە یان متمانەی لێبسەنێتەوە.

بەهۆی ئەم نارێكییە لە دەزگاكانی دەوڵەت و نەبوونی مەرجەعییەت لە كاتی جیاوازیدا دەبینین كۆمەڵێك كێشە دروست بووە، هەر بۆیەكاتێ دەڵێین دەبێت شكۆیی بۆ یاساو مەرجەعییەت بۆ دەستوورو نەریت بۆ كۆكبوون بێت، بەڵام لە راستیدا شكۆیی بۆ یاساو مەرجەعییەت و بۆ دەستوور نییە بەڵكو شكۆیی بۆ دەسەڵاتەو مەرجەعییەت بۆ هێزە.

**● ئایا ئەم بارودۆخەی ئامـاژەت پێكرد ئایندەی عێراق بەرەو كوێ دەبات؟**

- ئەم باردۆخە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئێمە دەگەڕێینێتەوە بۆ بارودۆخێك كە عێراقییەكان پێشتر لەسەری راهاتبوون، عەقڵییەتی تاكە سەرۆك و رژێمی گشتگیرو عەقڵییەتی دیكتاتۆریەت و مومارەسەكردنی دیكتاتۆرییەت. مەبەستم ئێمە لە دیكتاتۆریەتەوە گواستوومانەتەوە بۆ دیموكراسییەت، بەڵام رووكەشییە نەك نێوەڕۆك، دیموكراسییەت سەربڕدراوە لەسەر كوشتارگەی زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتەكاندا.

دەگەڕێینەوەو دەڵێین دەستوور بە پەلە نووسراوە، بۆیە دەستوور دەسەڵاتی بێ پێشینەی داوە بە دامەزراوەكان. بۆ نموونە دەستوور باسی یاسای پەرلەمانی دەكات، بەڵام لە راستیدا بەو دەسەڵاتە بێ پێشینەیانە پەنهان كراوە و لەبەردەم سەرۆكایەتیدا دەماڵدرێ. دەستوور باسی فیدرالی دەكات، بەڵام لە راستیدا دەسەڵاتەكەی كۆنفیدرالییە.

. ئێمە لە قۆناغی گواستنەوەوە هەنگاو بۆ قۆناغی بەسەقامگیر هەڵدەگرین، لە قۆناغی بەردەوامدا دەستووری بەردەوام هەیە، هاوڵاتیبوون هەیە، هەموو ژێرباری یاسا دەبن و جیاوازی لە نێوان گەورەو بچووك یان كوردو عەرەب یان سوونی و شیعی یان موسوڵمان و نا موسوڵمان نییە. تەنیا بە دەستوورو ماف دیاریدەكرێت. لە باروودۆخی دیاریكراودا نەبوونی ئەم وێناكردنەو بەردەوامێتی داگیركاری و نەبوونی مەرجەعییەت بووەتە هۆی ئەم تەنگوچەڵەمەیە، تەنگوچەڵەمەكە نەناسراوە، من بەرێگای خۆم ئەم تەنگوچەڵەمەیە دەناسم و هەڵیدەسوڕێنم، ئەمە جیاوازە لە تەنگوچەڵەمەكە لە لای مالكی و چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی و هەروەها جیاوازە وەك لە لای ئەنجوومەن و لای هاوپەیمانی، كەواتە كێشەكە نەبوونی مەرجەعییەتێكە لە كاتی كێشەكاندا بگەڕێیەوە سەری، هەتا ئێستا تاكە بەڵگەنامەیەك كە لە سەری رێكەوتن كرابێت دەستوورە. ئێمە وەكو پەرلەمانتار، نەك ئەندامی حزبی ئیسلامی یان سوننی یان وەكو ئەوەی لە ئەنبار قسە ناكەم. بەڵكو لە بری گەل قسە دەكەم، چ كورد یان موسوڵمان یان مەسیحی بێت. بەڵام من هەست دەكەم كە دەستوور رێزی لێنەگیراوە نزیكەی پەنجا تا پەنجاو پێنج ماددەی هەیە كە نایابن و لەسەر حكومەتە جێبەجێی بكات. پاشان دەستووری ئامادە بوو و نووسراو تەواو بەڵام جێبەجێكردن شتێكی ترە. مەبەستم نەبوونی مەرجەعییەت لە كاتی جیاوازیدا و رێكنەكەوتن لەسەر پڕۆژەیەكی نیشتمانی لەسەربەڵێننامەیەك، بەرژەوەندی نیشتمانی پێویستە بەدەستبهێنرێت، بەدەستنەهاتووە.

ئێستا گوتارێكی نیشتمانی هەیە بەڵام مومارەسەكردن نیشتمانی نییە. قسەكردن لەسەر دەستوور هەیە بەڵام ئەوەی جێبەجێدەكرێ دەستوور نییە یان شتێك جێبەجێدەكرێ، شتێك جێبەجێناكرێ. هەڵبژاردن هەیە، پێودانگی دوولایەنە هەیە. مومارەسەكردن هەیە كەلەوانەیە تایەفەگەری و حزبییەت تێیدا ئامادەبێت. مەبەستم ئەمە قەبارەی راستییەكەیە.

ئەم حاڵەتە كەسانێك هەن سوودی لێوەردەگرن. بە تێپەڕینی كات، هێز رەگ دادەكوتێ دەسەڵات رەگ دادەكوتێ و واقعێك جێگیر دەبێ كە سەرپێچی دەستوور دەكات و سەرپێچی بەرژەوەندییەكان دەكات و بەرژەوەندی لایەك فەرز بەسەر لایەكی ترەوە. پاشان لەسەر ئەم نارێكییە دەزگاكان و دەوڵەت و دامەزراوەكان بونیاد دەنرێن و بە رێگایەك لە رێگاكان هەڵبژاردن بردنەوە دەردەدات.

من پێموایە لە پێناو چارەسەركردنی ئەم كێشانەو دەرچوون لێیان پێویستە كۆببینەوە یەكەمجار بۆ رێگرتن لە هەوڵی دیكتاتۆری. من وەكو پزیشك و وەكو ئەوەی كە تایبەتمەندیم كۆمەڵگایە بە بیركردنەوەی دكتۆرێك قسەدەكەم، تەنگوچەڵەمە هەیە پێویستی بە چارەسەر هەیە و پاشان پاراستنی. بۆیە پێویستە واقیعی ئێستا چارەسەربكەم بۆ رێگەگرتن لە داڕوخانی بەرەو دیكتاتۆرییەت. پێموایە لایەنی گەورە هەن روو لە دیكتاتۆرییەت یان دیموكراسییەت دەكەن. پێوستە رێ لەمە بگرم لە پێناو رێگرتن لە زیاتر داڕوخان، پێویستە كار لەسەر شتێكی ستراتیژی بكەم بۆ پاراستنی لە گەڕانەوە بۆی. ئەمڕۆ تەوژم هەن كە ئینكاری دامەزراندنی دەوڵەت دەكەن بەناوی دەوڵەت بە ناوی یاسا. ژیان لەسەر هاوسەنگی وەستاوە. ئەگەر تەوژمێكی یەكسان لە هێزدا لە رووی نەبوو، پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنەو حكومەت دەسەڵات، ئەگەر تەوژمێك نەبوو رووبەڕووی دەسەڵات ببێتەوە تا هاوسەنگی پیشان بدات، كێشەیەكی گەورەیە. ئێمە پێویستە هاوسەنگی بەدەست بێنینەوە،. لە راستیدا ئەگەر ئەم هاوسەنگییە بەدینەهات لە ناو پەرلەمان لە ناو كوتلە سیاسییەكان كە نوێنەرانی پەرلەمانن و پاشان لە ناو ئەنجوومەنەكانی پارێزگاكان من پێموایە دەچینە سەردەمێكەوە جیاواز نابێت لە سەردەمی پێشوو.

**● دوو مانـگ تێپەڕیـوەو پەرلەمان بەبێ سـەرۆكە، ئەوەش**

●●●

**دیموكراسییەت سەربڕدراوە لەسەر كوشتارگەی زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتەكاندا. ئێستا گوتارێكی نیشتمانی هەیە بەڵام مومارەسەكردنی نیشتمانی نییە. ئەم حاڵەتە كەسانێک هەن سوودی لێوەردەگرن. بە تێپەڕینی كات، هێز رەگ دادەكوتێ دەسەڵات رەگ دادەكوتێ و واقعێک جێگیر دەبێ كە سەرپێچی دەستوور دەكات و سەرپێچی بەرژەوەندییەكان دەكات و بەرژەوەندی لایەک فەرز بەسەر لایەكی ترەوە**

●●●

**ســـەرۆكایەتی پەرلەمان مافی عەرەبی سوننەیە. بیستوومەو لە ئینتەرنێـــت خوێندوومەتەوە كە بەربەســـتی ســـەرەكی لە چارەسەرنەكردنی ئەم تەنگوچەڵەمەیەدا بەڕێز مالكی و حزبی دەعوەیە. ئێوە بیروبۆچوونتان چییەو چۆن ئەم تەنگوچەڵەمەیە راڤە دەكەن؟**

- ڕاســـتە پێم گوتی. ئێمە لـــەم بابەتەدا پێمان گوتن. دەوڵەت بەلای كەمەوە لە سەرۆكایەتی كۆمارو سەرۆكایەتی نوێنەران و سەرۆكایەتی وەزیران بەشێوەیەكی رووكەش بە دەستوور پێكهاتووە، بەڵام لە راســـتیدا بە تەوافوق پێكهاتووە. بۆ نمونە پەرلەمان، ســـەرۆكی پەرلەمان و دوو جێگرەكەی بە رووكەش بەدەستوور هەڵبژێردراوە و دەنگ دراوە. بەڵام ڕێككەوتن لەسەر پاڵاوتنی ئەمانـــە بە تەوافوق بووە. ســـەرۆك مافـــی تەوافق بووەو دوو جێگرەكە مافی هاوپەیمانێتی و ئیئتیلاف بووە. ئێستا لە پاش دەست لەكاركێشانەوەی سەرۆك پێمان گووتون دەستوور هەیە و كۆكبوون هەیە، ئەگەر دەیكەن هەروەكو جاری پێشوو رووكەشی بە دەســـتوورو روحییەن بە كۆكبوون ئەوە مافی تەوافوقە، ئێمە دەپاڵێوین و هەڵبژێرن یەك دوو ســـێ هەرچییەكیان. ئەگەر بە دەستوور دەكەن كێشەمان نییە، با دوو جێگرەكەش كار دەست لە كار بكێشنەوە یان سێیانیان هە ڵبژێرن یەك بۆ سەرۆك و دوو بۆ جێگرەكان، كێشەمان نییە. ناڵێین ئەمە محاصصەیە. كێشەمان نییە، دەگەڕێینەوە بۆ دەســـتوور، ئەمە دەستووری بەردەوامە، هەموو كەســـێك بۆی هەیە خۆی بپاڵێـــوێ. با ئەنجوومەنی نوینەران ســـێیان هەڵبژێرن. بـــەڵام وازنەهێنانی دوو جێگرەكە. لەبەر ئـــەوەی خالید بن عەتیە و عـــارف تەیفور بە كۆكبوون لەسەر كورسی دانیشتوون. كاتێ سەرۆك دەستی لەكاركێشایەوە لە پێناو یەكســـانبوونی هەمواندا دەبێ دوو جێگرەكەش دەست لەكار بكێشنەوە. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی بە دەستوور یـــان بە كۆكبوون كێشـــەمان نییـــە. بەڵام ئەگـــەر دەیانەوێ ســـەرۆك بە دەســـتوور هەڵبژێرن و دوو جێگرەكەی پێشـــوو بە كۆكبوون، ئەمە نابێت. بەڵام راســـتییەكەی ئەوەیە ئەوان نە بە دەســـتوورو نە بە كۆكبوون رازی نین. ئەو لایەنانەی نوێنەری حكومەتن لە ئەنجوومەندا حزبی دەعوەش لەگەڵیاندا، نایانەوێ ئەنجوومەنی نوێنەران لێپرسینەوە بكات و چاودێری حكوومەت بكات. ئەنجوومەنێكیان دەوێ پاشـــگری حكومەت بێت، ئەمە هەموو راستییەكەیە. دەســـتەی سەرۆكایەتی ئێستا لە رۆژی هەڵبژاردنەوە تا ئەمڕۆ پاشـــگری حكومەت بووە، بڕیارێكی راگەیەنـــراو هەبووە كە ئەم ئەنجوومەنە ئەنجوومەنێكی لاواز و ناچالاك بێت. ئێســـتا بڕیارەكە ئاشـــكرا بووە. ویستویەتی ئەم ئەنجوومەنە لاواز بمێنێتەوە و هەرچی دەكرێت لە ناو پەرلەمان و كێ ڕێگری هەڵبژاردنی سەرۆك دەكات و سەرەڕای دەستوورو یاســـای ناوخۆو سەرەڕای ڕێككەوتنەكان و كۆكبوون و دادگاو هەموویـــان وازیان لێهێنـــا لە بارودۆخی خۆیدا. لە ئەســـلدا نایانەوێت ئەنجوومەنی نوێنەران ســـەرۆكی هەبێت. خالید بن عەتیە بۆ ئەوان بەســـە تا بگەنـــە كۆتایی دەورەی هەڵبژاردن، ئەگەر ناچار بوون سەرۆكێك بێنن گوێبیستان بێت و گوێرایەڵیان بكات و وەكو مردوو وابێت لە نێو دەستیاندا. ئا ئەمە كێشەكەیە. كاتێ دەڵێین دەســـەڵاتی جێبەجێ كردن زاڵە بەسەر دەسەڵاتی یاســـادانانداا ئەوەیە ناهێڵن ســـەرۆك هەڵبژێردرێت. دوا شـــت كاتێ پاشەكشـــەیان كرد لە پاش تەواوبوونی ژمارەی یاسایی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ســـەرۆك هات و تەختەڕەش و وەرەقە هاتـــن، كاتێ بینیان كارەكە لە دەســـتیان دەردەچێ ڕێكەوتن و گوتیان وەرەقەكان تەســـلیم ناكەین، گوتیان تەســـلیمی دەكەین بەڵام بە سپێتی، پاشان گوتیان ناكشێینەوە بەڵام كشانەوە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ستراتیژیەتیان مانەوەی ئەنجوومەنە بە لاوازی. بـــەڵام ئێمە دەڵێین ڕێگا نادەین ئەنجوومەن بە لاوازی بمێنێتەوە هەتا ئەگەر ببێتە هۆی هەڵوەشـــانەوەی ئەنجوومەن یان حكومەت.



***ە بارودۆخی ئێســـتای عێراقدا دەبیســـتین قســـە لەســـەر ســـەندنەوەی متمانە لە حكومەتی مالكی دەكرێت. نەك هەر لای ئێـــوەوە بەڵكو لە بەرەی تەوافق و تەیاری ســـەدری و لە فەزیلەو لە كوردەكانیش دەبیستین. ئایا ئەمە تەنگوچەڵەمەی سەندنەوەی متمانەیە لە مالكی؟**

- بەڕێز كاتێ قسە لەسەر ســـەندنەوەی متمانە لە حكومەتی مالكی دەكەین ئەم قسانە لە حەرامكراوەكان نین یان لەو قسانەی بە پلانگێڕی ناودەبردرێن. ئەمە قســـەیەكی دەســـتوورییە. بۆ نموونە، سەرۆكی ئەنجوومەن و یان نەوەد نوێنەر دەتوانن متمانە لە سەرۆكی كۆمارو حكومەت و ئەوانی تریش بسەننەوە. ئەمە لە حەرامكراوەكان و پلانگێـــڕی نییە. ئێمە نامانەوێت متمانە بســـێنینەوە لە پێناو ســـەندنەوەی متمانە. ئێمە چاكســـازیمان دەوێ دەمانەوێت كەس بەسەر كەســـدا زاڵ نەبێت. دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ دەستوور، دەمانەوێت یاسا هەبێت. بەڵام ئەگەر ئەمە جێبەجێ نەكـــرا؟ ئەگەر پەرلەمـــان لەكاركەوت لەوەی بەهێزبێت لە چاودێری و یاســـادانانداا چارەسەر چییە؟چارەسەر پەرلەمانێكی بەهێزە، ئەی ئەگەر دەســـتەو وەستان بووین لەمە چارەسەر چییە؟

چارەسەر سەندنەوەی متمانەیە لە حكومەت، ئەگەر نەمانتوانی ئەمە بكەین پەرلەمان هەڵدەوەشـــێنینەوە، پاشان دەستوور دەڵێ لە دوای هەڵوەشـــانەوەی پەرلەمـــان حكومەت دەگوازێتەوە بۆ سەرپەرشتیكردنی كارەكان و پاشان هەڵبژاردن، بە پەرلەمانێكی تـــازە حكومەتی تازەی دەگوازێتەوە. لەوانەیە ئەم چارەســـەرە هەبێت یان بەشێوەیە بمێنینەوە چارەسەرمان نەبێت، بابەتەكە ئەوە نییە دەســـتەو وەستانن لە هەڵبژاردنی سەرۆك، ئایا ئەنجوومەن دەستەوەســـتانە لە هەڵبژاردنی سەرۆك؟ نابێ دەستەوەستان بن لە هەڵبژاردنی ســـەرۆك. ئێمە دەڵێین دەریچوێنن بە محاصصە بە محاصصە بە كۆكبوون بەكۆكبوون. ئێمە پشـــتگیریمان كرد دووانـــزە نوێنەر بپاڵێوین و ئەمە مافی تەوافوقە. دووانزە كەس خۆی دەپاڵێوێ. ئێمە دانەیەكی پاڵێوراوی ئیسلامیمان قبووڵ كرد، گوتیان نا پێویستە حزبی ئیسلامی خۆی نەپاڵێوێ، ئەو یەكەم ناوبژیوانە، ئەوەی كە هی منە دەدەم بە تۆ، دەڵێت نا دەبێ خـــۆت بێبەری بكەیت، من خاوەنی مافم دەرفەتێكت دەدەمێ،

دەڵێ ناکشێمەوە چۆنەبێت؟ من لە دووانزە پاڵێوراوەکەم پاشان بێبەریم دەکەن؟ نا شتێکی مەعقول و مەقبول لەم خستنە رووەدا نییە بەڵام مەعقول لەوەدایە ئەوان نایانەوێ ئەم ئەنجوومەنە بەهێز بێت. پاشان دەچین بۆ هەڵبژاردنی تر، یان سەرۆک هەڵدەبژێرین یان دانیشتنێکی نائاسایی دەکەین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک یان دەست پێ لەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەڵبژاردنی تر یان بۆ هەڵبژاردنی تر تەنانەت ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان یان حکومەت بێت.

*** لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هەندێك لە چاودێران دەڵێن ئەو ئەنجامەی کە مالکی لە بەغداو بەسرە بەدەستی هێناوە تووشی لەخۆبایی بوونی کردووە بیر لە هاوپەیمانێتی سیاسی تازە دەکاتەوە لە پێناو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان. ئایا ئێوە خۆتان ئامادە دەکەن لەگەڵ لایەنەکانی تردا رووبەڕووی لەخۆبایی بوونی مالکی ببنەوە؟**

- بە چاوپۆشی لە لەخۆبایی بوون یان نەبوون، بە بەڕاستی ئیئتلاف بە هەر رێگایەك بێت سەرکەوتنی لە نۆ پارێزگا لە کۆی چواردە پارێزگا بەدەست هێناوە. ئەمە راستییە، واتە لە بەسرەوە بۆ بەغدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. جگە لە کەربەلا نەبێت حەبوبی لەوێ زیاتر بەدەستهێناوە، پاشان وەك هەر کیانێکی سیاسی کە بەتەنیا دەبێت کە سەرکەوتن لە نۆ پارێزگا لە کۆی چواردە پارێزگا بەدەست دەهێنێت توشی مەستی دەبێت تووشی لەخۆبایی بوون دەبێت و سوود لەم بردنەوەیە دەبینێت بۆ باشکردنی هەلەکانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوودا لەپێناو هێنانی زۆرینەی پەرلەمان تا شیاوێتی بۆ بوون بە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو بەدەست بهێنێت لەسەر مافی خۆیەتی، بەڵام مافی بە شێوەیەکی سیاسی. لەبەرامبەردا راران لەو ئەنجامە و هەوڵدەدەن بۆباشکردنی هاوپەیمانیەتییەکانیان و ئەنجامەکانیان کە بە رێگایەك بە رێگاکان بە دەستیان هێناوە بە نموونە ئەنجوومەنەکانی ناوچەکان و دەوروبەری و هەڵبژاردنی کەرکوك و سەرەڕای هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو. پێموایە هەلێکی گەورە هەیە بۆ بەربەستیکردنی مالکی لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو. بەڵام ئایا کوتلە سیاسییەکان ئەمە دیاری دەکەن و پاشان کاربکەن کە هاوسەنگیەك ببینن و عێراق یەك جەمسەر نەبێت؟ ئەمە کێشەی دیموکراسییەتە بەڵام ئەگەر لە نێوان دوو جەمسەر یان سێیاندا بێت ئەوە دیموکراسییەتە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەبێت. ئەگەر نا ئاڵوگۆڕ لە نێوان دەسەڵات و خۆی دەبێت.

*** ئێمە لە مێژووی عێراقدا ناڵاندوومانە بەدەست دەسەڵاتی تاك زاڵبوونەوە. مالکی لەگەڵ مەجلیسی باڵادا لەناو شیعەدا کێشەی هەیە، لەگەڵ جەبهەی تەوافوقی سوننی کێشەی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کێشەی هەیە، ئایا نەگەڕاوینەتەوە بۆ دەسەڵاتی فەردی لە دژی هەموو گەلی عێراقی؟**

- بەشێوەیەکی گشتی، روژهەڵاتییەکان، وڵاتانی جیهانی سێیەم و عێراق، کاتێ دەبنە خاوەنی کورسی ناتوانن واز لە کورسییەکە بهێنن، نوکتەیەکی خۆمم دێتەوە یاد، کاتێ لە بەندیخانەی سەدام لە ئەبووغرێب بەند بووم، پانزە ساڵ زیندانی بووم، لە ساڵی هەشتاو یەکەوە. جارێك بەندییەکان شیشیان بۆ چنینی کارەکان بەکاردەهێنا و سیکۆتینیان بەکاردەهێنا، سیکۆتین مادەیەکی لاستیکی بەهێزە، لەوانەیە ئێوە بە جۆرێك لە جێلی بیناسن، یەکێك لە زیندانییەکان داوای کردبوو کە سیکۆتینی لە دەرەوە بۆ بێت چونکە لە ناو بەندیخانەکەدا سیکۆتین نەمابوو. کاتێ هاتن بۆ بینینی سیکۆتینیان بۆ نەهێنابوو. گوتیان سیکۆتین لە هەموو بازاڕدا نەماوە. گوتی هۆکارەکەی چییە؟ گووتی وەڵا سەدام حوسێن هەموو سیکۆتینی بازاڕی کۆکردووەتەوە تا ئەو کورسییەی کە لە سەری دادەنیشێت پێ جێگیربکات. مەبەستم ئەوەیە عێراقییەکان دەسەڵاتیان خۆشدەوێ و کاتێ دەسەڵات دەبینن لێی دانابەزن. ئەمە کێشەیە لەناو حزبەکان و حکومەتەکان و نیشتمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی. کەی عەرەب فێردەبن کەی عێراقییەکان فێردەبن کەی رۆژهەڵاتییەکان و وڵاتانی دنیای سێیەم فێری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتی و دیموکراسییەت و بیروبۆچوونی جیاواز دەبن و بگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی. جاك شیراك دەوری یەکەم و دووەمی هەڵبژاردن تەواو دەکات و دەبێتەوە هاوڵاتییەکی ئاسایی. ساڵێ لە جارێك زیاتر دەرناکەوێت. بەمشێوەیە ئەمەریکاو و ئەوروپا، تەنیا رۆژهەڵات نەبێت کە کەسێك دەچێتە سەر کورسی بە درێژایی تەمەن دەمێنێتەوە هەر ئەو تاکە سەرۆك و پاڵەوانە کە گەلان نەیانبووە. ئەمە کێشەیەکە کە تا ئێستاش هەیە.

*** ئەگەرچی ئەمڕۆ ماندوویت، دووا پرسیار، دوو بەرە لە مەیدانی عێراقدا هەن. بەرەیەك پاڵپشتی ناوەندگەرایی و گەڕانەوەو دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا دەکەن. بەرەکەی تر لە عێراقییەکانە و عێراقی تازەو دیموکراسییەتی خۆشدەوێت. دەکرێ بڵێین کە بەرەی دیموکراسی بەهێزترە لە بەرەی دەستبەسەراگیر؟**

- کەس دەستگرتنی بەسەر دەسەڵاتی خۆش ناوێ، بەڵام کێشەی عێراقییەکان ئەوەیە کە رقیان لە دیکتاتۆرییەتە بەڵام مومارەسەکردنی دیکتاتۆریان خۆشدەوێ. ئەمە کێشەیە، ئەوان رقیان لە دیکتاتۆریەتە بەڵام حەزیان لە مومارەسەکردنییەتی. ئەوان بەشێوەیەکی گشتی بە سرووشت دیکتاتۆرن. ئەمە واتا پێویستمان بە رۆشنبیری دیموکراسی هەیە پێویستمان بە وەعی دیموکراسی هەیە. پێویستمان بە مومارەسەکردنی دیموکراسییەت هەیە سیاسییەکان ئامادە بکات بۆ دیموکراسییەتی راستەقینە. پێنج ساڵ لەوانەیە بەس نەبێت تا خەڵك رازی بکەیت کە من دەکرێت وەزیر بم و پاشان سەرۆك وەزیران و پاشان پاش گۆڕانی دەڵێم. مەبەستم لەمە ئەگەر بەرەی دیموکراسی لە عێراقدا پێکنەهات بەبێ رەچاوکردنی رەنگ و رەگەزو جوگرافیا، بەبێ رەچاوکردنی لایەنگیری تایەفی و ئایینی و ئیتنی و مەزهەبی، ئەگەر بەرەی دیموکراسییەت پێکنەهات ئەوا عێراق جارێکی تر بەرەوە دیکتاتۆریەت هەڵدەخلیسکێ.

●●●

**پێویستمان بە رۆشنبیری دیموکراسی هەیە پێویستمان بە وەعی دیموکراسی هەیە. پێویستمان بە مومارەسەکردنی دیموکراسییەت هەیە سیاسییەکان ئامادە بکات بۆ دیموکراسییەتی راستەقینە. ئەگەر بەرەی دیموکراسییەت پێکنەهات ئەوا عێراق جارێکی تر بەرەوە دیکتاتۆریەت هەڵدەخلیسکێ**

●●●

## د.مەحمود عوسمان بۆ گوڵان:

# لە عێراقی نوێدا
# کار بە دەستوور و تەوافوق ناکرێت



**د.مەحمود عوسمان ئەو تەنیا پەرلەمانتاری عێراق و لیستی هاوپەیمانی کوردستانیشە کە بێلایەنانە سەیری کێشەکانی عێراق دەکات و بەردەوامیش ئامادەباشی تێدایە رووی راستەقینەی رووداوەکان بەسەرجەم میدیاکانی ناوخۆ و عەرەبی و جیهانی بگەیەنێت، هەربۆیەش وەك سەرچاوەیەك بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان بەردەوام سەرجەم میدیاکانی ناوخۆ و عەرەبی و جیهانی پەیوەندی پێوە دەکەن. د.مەحمود عوسمان تەنیا تەمەنی کاری دیپلۆماتی و بەرێوەبردنی وتوێژ ودانووستاندنی لە سەرووی ٤٠ساڵەوەیەو بە درێژای ئەم ٤٠ ساڵەش چ لەناوەوەی وڵات بوو بێت یان لەدەرەوە بەردەوام لەنزیکەوە ئاگاداری باردۆخەکە بووە و دیدوبۆچۆنی خۆشی لەسەر رووداوەکان هەبووە، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، پەیوەندیمان بە د.مەحمود عوسمان کردو بەرێزی بەمجۆرە باری سەرنجی خۆی لەسەر باردۆخی ئێستای عێراق بۆ گوڵان خستە روو.**

**فیکرەی فیدراڵییەت لە عێراقدا فیکرەیەکی نوێیە و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان لەگەڵیدا ئاشنابن و پەسەندی بکەن**

***تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق، بەتایبەتی کە باس لە قەیرانی سیاسی و پاشگەزبوونەوە لە دەستوور و سەندنەوەی متمانە دەکرێت لە حکومەتی مالیکی؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە تەنگژەیەکی سیاسی لە عێراقدا بوونی هەیە، کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە ئەم وڵاتە لە سەر دوو بنەما بنیاتنراوەتەوە، یەکەمیان دەستووری وڵاتەکەیە کە پەسەندکراوە و دووەمیان کارکردنە بە مەبدەئی تەوافوق لە نێو لایەنەکاندا، بەڵام نە دەستوورەکە بە تەواوەتی جێبەجێ دەکرێت و نە بە تەواوەتی کار بە تەوافوقیش دەکرێت. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت ئەمە ئەزموونێکی نوێیە لە عێراقدا و هێز و لایەنگەلێکی زۆر لە عێراقدا بوونیان هەیە، بۆ نموونە ناکۆکی لە نێوان ئێمە و حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، تێڕوانین و تەماشاکردنی جیاوازمان هەیە بۆ دەستوور، لە دەرئەنجامدا دەستووریش وەك پێویست جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە ئەوان داوای هەمواركردنی دەستوور دەکەن و باس لەوە دەکەن کە دەبێت وەك فیکرە دەسەڵاتێکی مەرکەزی بوونی هەبێت و پارێزگاکانیش دەسەڵاتێکی نامەرکەزیان پێبدرێت و دەسەڵاتیان زیادبکرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە میللەتەوە، ئەوا ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان فیدراڵییەتیان قبوڵە و هیچ کێشەکیان نییە لەسەری، بەڵام زۆرینەی بەشەکانی دیکەی عێراق لەگەڵ پێکهێنانی هەرێمەکاندا نین و پێیان وایە ئەوە کاتێکی زیاتر و دوورودرێژتری دەوێت و ئەوان لەم رووەوە پەلەیان نییە، هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش ئەو راستییەی خستەڕوو کە تەنیا هێزێك داوای پێکهێنانی هەرێمەکانی دەکرد، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بوو، ئەویش رێژەیەکی زۆر کەمی دەنگەکانی بەدەستهێنا و تووشی شکست هات.

*** باشە بۆچی عەرەبی عێراق بەتایبەتی عەرەبی شیعە دژی فیدراڵییەتن؟**

- ئەوان لەبەر دوو هۆ پەرۆشی دروستکردنی هەرێمەکان نین، یەکەم لەبەر ئەوەی یاسای پارێزگاکان دەسەڵاتێکی زۆری داوە بە پارێزگاکان، کە بوونەتە نیمچە هەرێمێك، لەبەر ئەوە پەلەیان نییە لەوەی لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەدا یەکبگرن، ئێمە بینیمان کە پرۆژەی بە هەرێمکردنی بەسرە خرایەڕوو، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. دواتر فیکرەی فیدراڵییەت لە عێراقدا فیکرەیەکی نوێیە و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان لەگەڵیدا ئاشنابن و پەسەندی بکەن، کوردستان جیاوازە، کوردستان ١٨ ساڵە لە بەغدا دابڕاوە و نەتەوەیەکی جیاوازە و خوازیاری بەدەستهێنانی ماف و تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی، بۆیە بە ئاسانی پشتیوانی

لە فیدراڵییەت دەکەن.

خاڵی دووەم ئەوەیە خەڵکی عێراق ئەوە بەدی دەکەن کە کێشە و ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە نێوان مەرکەز و هەرێمدا_ حکومەتی هەرێمی کوردستان_ کە چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو چارەسەرنەکراو هەیە لە نێوانیاندا، ئەمەش وایان لێدەکات سڵبکەنەوە.

*** باشە ئێمەش دەزانیین لەنێوان هەرێم و بەغدا کێشە هەیە، بەڵام ئایا هۆکارەکانی ئەو کێشانە چین؟**

- من پێموایە هۆکاری سەرەکی یەکلانەکرنەوەی ئەو کێشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکردەکان پێکەوە کۆنابنەوە بۆ گفتوکۆکردن لە بارەی ئەو کێشانەوە، ئەوە چوار مانگە، نە ئەنجوومەنی جێبەجێکاری و نە ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نەتەوەی کۆبۆتەوە، نە سەرکردەکانی هەرێم و حکومەتی مەرکەز کۆبونەتەوە، ئەگەر کۆبوونەوە نەکرێت چۆن دەتوانرێت ئەو کێشانە چارەسەربکرێت. دواتر لێدوانەکانی دەزگاکانی راگەیاندن ئەوەندەی دیکە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، بەو پێیە ئێستا ئەو کێشانە زیاتر بوونە و ئاڵۆزتربوونەتەوە و جۆرێك لە گرژیان دروست کردووە.

*** بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکان هێندەی دیکە کێشەکان ئاڵۆز دەکات، ئایا بەرای تۆ ئەم هەڵبژاردنانە چ گۆڕانکارییەکی دروستکردووە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانیشەوە هەبێت، ئەوا من پێموایە هەڵبژاردنەکان هەنگاوێك بوون بۆ پێشەوە، بەڵام کەموکوڕیشیان هەبوو، لەبەر ئەوەی پێشتر سەرژمێری نەبوو، یاسای حزبەکان لە ئارادا نەبوون، واتە بێ بوونی چوارچێوەیەکی یاسای حزبەکان کاریان دەکرد، ئەگەر سەرژمێری و یاسای حزبەکانیش نەبوون، ئەوا هیچ هەڵبژاردنێك سەد دەرسەد بە شێوەیەکی ئازاد و نەزیهانە ئەنجام نادرێن. هەروەها لە دوای ئەم هەڵبژاردنانەشەوە هێشتا ناکۆکی نێوان کوتلە سیاسییەکان چارەسەرنەکراون، ئەگەرچی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هاوکاری یەکتر دەکەن. دواتر راستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچووە و سەقامگیری هەیە، بەڵام ئەم سەقامگیریە بە زەبری بەکارهێنانی هێزی سەربازی و بڵاوبونەوەی هێزە ئەمنییەکان سەپێنراون و ناکرێت تا سەر لە شەقامێکدا بیست خاڵی پشکینینمان هەبێت و بڵێین ئاسایشمان چەسپاندووە، بەڵکو دەبێت ئەم هەوڵانە هاوشان بن بە چاکسازی سیاسی و ئابووری و ئاشتبونەوەی نیشتمانی و روبەڕوبونەوەی گەندەڵی و بێکاری، ئەگەرنا بارودۆخەکە بەم شێوەیە درێژەناکێشێت. لە لایەکی دیکەوە باس لە تەوافوق دەکرێت، تەوافوق مانای گەیشتنە بە تێگەیشتنێك لە نێو لایەنەکاندا لەسەر بڕیارێك، نەك ئەمە هەر لە وەزیرێکەوە تاوەکو بەردەستێك بگرێتەوە و بە چەشنی فیفتی بە فیفتیەکەی کوردستانی لێبێت، ئەمە تەوافوق نییە، ئەمە ئەدای حکومەت لاواز دەکات بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی و خەڵکانێك پۆستی بەرپرسیارێتی وەردەگرن کە لە رووی توانست و نەزاهەتەوە لاوازبن. واتە کێشەیەکی زۆر هەیە لە عێراقدا و دەبێت عێراقییەکان خۆیان هەڵبستن بە چارەسەرکردنیان، نەك چاوەڕوانی ئەمریکییەکان بکەن، وەك ئەوەی لە کوردستانەوە داوای ئەوە دەکرێت کە دەبێت ئەمریکییەکان بەر لە کشاندنەوەیان کێشەکان چارسەربکەن، ئەمەریکییەکان ئەو کاتەی لە عێراقیش بوون گرفتەکانیان چارەسەرنەکردووە، ئێمە دەبێت خۆمان چارسەریان بکەین، ئەگەر نەکرا ئەوا دەبێت بڕیاربدەین چ هەڵوێست و کاردانەوەیەکمان هەبێت.

***ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە ئەو حزب و لایەنانەی بانگەشەیان بۆ فیدراڵییەت دەکرد دووچاری دۆڕاندن بوونەوە، وەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، ئایا ئەمە مەترسی ئەوەی لێناکرێت ببێتەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق و دروستبوونی بەرەیەکی دژ بە فیدراڵییەت و دیموکراسی؟**

- دژ بە فیدراڵییەت نا، بەڵام فیدراڵییەتیش ناچەسپێت، لەبەر ئەوەی هێزە عێراقییەکان، جگە لە کوردەکان، باوەڕیان بە فیدراڵییەت نییە و بەشێك نییە لە بەرنامەی ئەو حزبانە، ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی بریتییە لە بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز_ بەڵام بە چەشنی مەرکەزیەتی توندی رابردوونا_ لەگەڵ بەخشینی دەسەڵاتێکی زیاتر بە پارێزگاکان، واتە شێوەیەك لە دەسەڵات کە لە نێوان فیدراڵییەت و مەرکەزیەتی توندا بێت. ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییەوە هەبێت ئەوا ئەوان تا ئەو ئاستە باوەڕیان بە فیدراڵییەت هەبوو کە هەرێمەکەی خۆیان لە هەشت بۆ نۆ پارێزگاکەی باکووردا پێکبهێنن، بەڵام ئەوانیش لە هەڵبژاردنەکاندا شکستیان هێنا، هەروەك لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دەرکەوت، ئەگەرنا ئەوەندە بایەخ بە فیدراڵییەت نادەن.

***بەڵام ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی لە پەرلەمانی داهاتوودا کورد بە تەنیا و بێ دۆست بمێنێتەوە لە مەسەلەی پشتگیری کردن لە فیدراڵیزم؟**

- بەڵێ راستە، کورد لە مەسەلەی پشتیوانیکردن لە فیدراڵیزم بە تەنیایە، تاکە تاکە ئەندام پەرلەمان هەیە پاڵپشتی لێدەکات، یاخود حزبی شیوعی لە پەرلەماندا لەگەڵیدایە، بەڵام ئەوان تەنیا دوو ئەندام پەرلەمانیان هەیە. باقی هێزەکانی دیکە لە عێراقدا لەگەڵیدانین، ئەم هێزانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێشتا زووە بۆ ئەم مەسەلەیە و دەبێت چەند ساڵێك تێپەڕێت و زەمینەسازی بۆ بکرێت و لەم ساتەوەختەدا ناکرێت جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە ئێمە بینیمان لە پرۆژەی بە فیدراڵیکردنی هەرێمی بەسرەدا، تێکڕای هێزە سەرەکییەکان دژی بوون، وەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، حزبی دەعوە و حزبی فەزیلە و گروپەکەی ئەیاد عەللاوی و ئیبراهیم جەعفەری و شکستیشیان پێهێنا، کە دەبوو ١٤٠،٠٠٠ دەنگ بەدەست بهێنێت، بەڵام تەنیا ٣٠،٠٠٠ دەنگی بۆدرا. ئەوان پێیان وایە سەرەتا دەبێت دەسەڵات بە پارێزگاکان بدرێت و ماوەیەکی زۆر


●●●
**راستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچووە و سەقامگیری هەیە، بەڵام ئەم سەقامگیریە بە زەبری بەکارهێنانی هێزی سەربازی و بڵاوبونەوەی هێزە ئەمنییەکان سەپێنراون بەڵکو دەبێت ئەم هەوڵانە هاوشان بن بە چاکسازی سیاسی و ئابووری و ئاشتبونەوەی نیشتمانی و روبەڕوبونەوەی گەندەڵی و بێکاری، ئەگەرنا بارودۆخەکە بەم شێوەیە درێژەناکێشێت**
●●●

●●●
**ئەمەریکییەکان ئەو کاتەی لە عێراقیش بوون گرفتەکانیان چارەسەرنەکردووە، ئێمە دەبێت خۆمان چارسەریان بکەین**
●●●

**مالیکی خوازیاری ئەوەیە کەسێکی لاواز سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، نە کەسێک بتوانێت گوڕ و تین بدات بە ئیش و کارەکانی پەرلەمان و چاودێری و لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەتدا بکات**

**من پێم وانییە بە کشانەوەی ئەمەریکا شەڕی ناوخۆ روویدات، جارێ ئەمەریکا تا سێ ساڵی دیکەش عێراق جێناهێڵێت**

تێپەڕببێت، ئەگەر ئەو کاتە خەڵکی پارێزگاکان هەوڵێکی لەم چەشنەیاندا دەبێت پشتگیریان لێبکرێت. بەڵام مەسەلەکە بۆ کوردستان جیاوازە و ئەوان دان بەوەدا دەنێت کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەوان هەڵوێستی جیاوازیان هەیە لەسەر سنووری ئەم هەرێمە و مەسەلەی کەرکوک وهتد.

***ئایا مەسەلەی یەکلایکردنەوەی سەرۆکی پەرلەمان چی بەسەرهات؟**

- لە راستیدا پێنج پاڵێوراو هەبوون بۆ ئەم پۆستە، بەڵام دووانیان زۆرتریان دەنگیان بەدەستهێنا، یەکەمیان ئەیاد سامەرائی کە ١٢٣ دەنگ و ئەوی دیکەیان ٤٣ دەنگ، ئەم دوو پاڵێوراوە جارێکی دیکەی خۆیان هەڵدەبژێرنەوە و هەر لایەکیان بتوانێت ١٣٨ دەنگ بەدەست بهێنێت دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان. ئەگەر ئەم پرۆسەیەش سەری نەگرت، ئەوا کوتلەکانی ناو پەرلمان هەوڵ ئەدەن کەسایەتێکی دیکە دەستنیشان بکەن بۆ ئەم پۆستە کە هەموو لایەك لەسەری رازیبین.

***بەڵام د. عومەر لە حزبی ئیسلامی باس لەوە دەکات کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەستێوەردان دەکات لەم پرۆسەیەدا، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك راستە؟**

- بەڵێ راستە حزبی دەعوە دژی پاڵێوراوەکەی حزبی ئیسلامی وەرەقەی سپیان خستە سندوقی دەنگدانەوەکەوە و مافی خۆشیانە. ئەوەش ئاشکرایە کە حزبی دەعوە و رەوتی سەدر و گروپەکەی خەڵەف عەلییان و ساڵح موتڵەگ بێ پێچ و پەنا دژی پاڵێوراوی حزبی ئیسلامین بۆ پۆستی سەرۆك پەرلەمان و بە هێڵی سووری دەزانن، لەم رووەوە یان هۆڵی پەرلەمان جێدەهێڵن یان دەنگ نادەن و مافی خۆشیانە. دواتر مالیکیش دژی پاڵێوراوی حزبی ئیسلامییە، چونکە مالیکی خوازیاری ئەوەیە کەسێکی لاواز سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، نە کەسێك بتوانێت گوڕ و تین بدات بە ئیش و کارەکانی پەرلەمان و چاودێری و لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەتدا بکات.

***باس لەوە دەکرێت هاوپەیمانێتی نوێی نیشتمانی هاوچەشنی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە نێوان فەزیڵ و رەوتی سەدر و ئەوانەی پێشتر لە ناو ئیئتیلافی شیعەدابوون، پێکبهێنرێن، ئایا ئەم هەوڵی هاوپەیمانێتیە لەو کاتانەدا سەریان هەڵدا کە باس لە سەندنەوەی متمانە دەکرێت لە مالیکی یان پێشتر پێشینەکیان هەبووە؟**

- لە راستیدا حاڵی حازر گفتوگۆ لە نێوان مالیکی و حزبی فەزیڵەدا هەیە، هەروەها لە نێوان مالیکی و رەوتی سەدردا هەیە و هەوڵ و کۆششی زیندووکردنەوەی ئیئتیلافی شیعە دەدرێت، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازییەکە لەوەدایە کە حزبی دەعوە تیایدا باڵادەست بێت، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی هێناوە و دەرچووە، نەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، لەبەر ئەوەی نە حزبی دەعوە و نە فەزیڵە و نە رەوتی سەدر رازی نابن دووبارە ئەنجومی باڵا تێیدا باڵادەست بێت، واتە ئەمجارەیان حزبی دەعوە رۆڵی سەرەکی تێدا ببینێت و ئەوەش شتێکی واردە.

***بەڵام ئایا ئەم هاوپەیمانێتییە زیانی بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد دەبێت یاخود لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت چاوەڕوان بکەین و بزانین ئایا ئەو هاوپەیمانێتیە دروستدەبێت و پێکدەهێنرێت، دواتر ئایا بەرنامەی چی دەبێت، چونکە باس لە گۆڕینی بەرنامە دەکەن، ئەو کاتە دەتوانین لێیبکۆڵینەوە و بڕیار بدەین چ هەڵوێستێکمان دەبێت. دواتر کاتی خۆی کە دوو حزبە سەرەکییەکە هاوپەیمانێتیان کرد لەگەڵ حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی من لەگەڵیدا نەبووم پشتگیریم لێنەکرد و رەخنەی ئەوەم لێگرتن کە نابێت لایەنەکانی دیکە فەرامۆش بکەین، ئێمە دەبێت لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا پەیوەندی باشمان هەبێت، چونکە ئێمە کێشەی کوردمان هەیە، کێشەی میللەتێکمان هەیە و چ لایەك لەگەڵ بەرنامەکەی ئێمەدا بوو دەتوانین زیاتر لێی نزیك ببینەوە.

***باس لە سەندنەوەی متمانە لە مالیکی دەکرێت کە عادل عەبدولمەهدی جێی بگرێتەوە و ئەیاد عەللاوی ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار، ئایا تا چ رادەیەك زەمینەی ئەم گۆڕانکارییە لە ئارادایە؟**

- لە راستیدا لە پەرلەماندا بە هیچ شێوەیەك باس لە مەسەلەی سەندنەوەی متمانەی نەکراوە، نە ئێمە وەك کورد، نە بەرەی تەوافوق و نە لیستی ئەلعراقییە، واتە تەنیا قسە و باسی و هیچ مەسەلەیەکی لەم شێوەیە لە ئارادا نییە.

***هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق دوو رای جیاوازی لە ئەمەریکا دروست کردووە، هەندێك پێیان وایە ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە لە پرۆسە دیموکراسییەکەدا و هەندێکی دیکە باس لەوە دەکەن کە ئەم هەڵبژاردنانە سەلماندیان عێراق دابەشبووە و ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە ئەوا شەڕی ناوخۆ روودەدات، بۆچی ئەم راو بۆچونە جیاوازە لە ئەمەریکا دروست بوونە؟**

- شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز لە ئارادایە و ئاساییە راوبۆچونی جیاواز لە ئارادابێت، دواتر بۆ شەڕی ناوخۆ روودەدات، من پێم وانییە بە کشانەوەی ئەمەریکا شەڕی ناوخۆ روویدات، جارێ ئەمەریکا تا سێ ساڵی دیکەش عێراق جێناهێڵێت. دواتر دەبێت ئێمە ئەو راستییە بزانین کە ئەمەریکا هەڵناستێت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێمە، ئێمە دەبێت خۆمان لەم رووە هەوڵ و کۆشش بکەین، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا رای گەیاند ئەمەریکا دەستێوەردان لە کێشەکانی عێراقدا ناکات، نوێنەری سوپای ئەمەریکا هەمان لێدوانی دووپات کردەوە، هەروەها پێشتریش جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بایدن جەختی لەسەر ئەوە کردەوە دەبێت عێراقییەکان لە ناوخۆیاندا هەوڵی یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بدەن، نابێت کورد لەم رووەوە چاوی لە دەستی ئەمەریکا بێت، ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە و لە رابردووشدا هەڵەبووە، ئەمەریکا بەرژەوەندی خۆی هەیە و بە پێی ئەو بەرژەوەندییانە رەفتاردەکات، پێشتر

پشتگیری سەددام حوسێنی دەکرد و پشتیوانی ڕێککەوتنامەی جەزائیر دەکرد و دژی کۆماری مەهاباد بوو، دواتر لە دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراق و تێکچوونی بارودۆخی عێراق و ڕووخاندنی سەددام جۆرێك پەیوەندی لە نێوان ئێمە و ئەمەریکادا دروست بوو، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەگەر جۆرج بۆش تا ڕاددەیەکی زیاتر گرنگی بە عێراق دەدا لەبەر ئەوەی بڕیاری شەڕی عێراقی دەرکرد و سوپای هێنایە ئەم وڵاتەوە، ئەوا ئێستا ئۆباما هەوڵی بەجێهێشتنی عێراق دەدا، دەبێت ئێمە خۆمان کێشەکانمان لەگەڵ مەرکەزدا چارەسەربکەین و گفتوگۆبکەین، پێش چوار مانگ بڕیاری دروستکردنی پێنج لیژنە درا بۆ یەکلایکردنەوەی گیروگرفتەکان، کە بڕیاربوو دوای چەند هەفتەیەك دووبارە سەرکردەکان کۆببنەوە، بەڵام ئەو چوار مانگە تێپەڕیوە و کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە، من پێم وایە کات لەبەرژەوەندی ئێمە نییە و مالیکیش بە بەردەوامی کێشەکان دوا دەخات و پێی وایە کات لە بەرژەوەندی ئەوەو و دەتوانێت وردە وردە دەسەڵاتی خۆی پتەوتربکات و هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت.

*** بەڵام بۆچی ئەم لیژنانە کاری خۆیان ناکەن، ئایا هۆکارەکە سەرکردەکانن یان چی؟**

- ئەو لیژنانە لە ١ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی پاردا دروست بوون و بڕیار بوو بە دوو هەفتە کارەکانیان کۆتایی پێبهێنن و ڕاپۆرت بۆ سەرپەرشتیارەکانیان بەرزبکەنەوە، کە هەر پێنج سەرکردەکە، واتە مام جەلال و دوو جێگرەکەی، کاك مەسعوود و مالیکی هەر یەکەیان سەرپەرشتی یەکێك لە پێنج لیژنەکە بکەن، بەڵام ئەم سەرکردانە تا ئێستا کۆنەبوونەتەوە و چوار مانگە کەس لەم لیژنانە ناپرسێتەوە، من پێموایە ئەم سەرکردانە هەموویان خەتابارن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی مالیکی سەرۆکی حکومەتە بەرپرسیارێتییەکانی لە هەموولایەك زیاترە لەم مەسەلەیەدا. لەبەر ئەوەی مالیکی نیازی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی نییە و هەوڵی دواخستنیان دەدات و ڕادەکات لە چارەسەرکردنیان.

***ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە مالیکی بە نیازنییە ئەم کێشانە چارەسەربکات، کەواتە ئایا کوردەکان لەگەڵ کێدا دابنیشن و چارەسەریان بکەن و ئەمەریکییەکانیش هەر ڕووبەڕووی مالیکمان دەکەنەوە، ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە دروست بوونی شەڕی ناوخۆ؟**

- ڕاستە مالیکی هەوڵی دواخستنی ئەو کێشانە دەدات و دەستپێشخەری ناکات بۆ یەکلاکردنەوەیان، بەڵام دەبێت ئێمە ئەم کاربکەین. بە قەناعەتی من ئەوە مالیکییە داوای لە ئەمەریکییەکان کردووە کە ئەو لێدوانانە بدەن و داوا لە کوردەکان بکەن کێشەکان لەگەڵ مالیکیدا چارەسەربکەن، ئەمانە دەبنەهۆی بەهێزکردنی سەرۆك وەزیرانی عێراق، من پێموایە ئەمەریکا سیاسەتی بەهێزکردنی مالیکی گرتۆتەبەر. دواتر کە مالیکی دەستپێشخەری ناکات، ئێمە ئەنجومەنی جێبەجێکاریمان هەیە، کە پێکهاتووە لە مام جەلال و دوو جێگرەکەی، کاك مەسعود و سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئێ باشە کە مالێکی ئامادەی ئەوەنییە کۆبوونەوە ئەنجام بدات، بۆچی چوار ئەندامەکەی دیکە کۆبوونەوە ناکەن و بانگهێشتی مالیکی ناکەن و ئیحراجی ناکەن و ئەگەر نەهات بۆ ڕای گشتی باس ناکەن، لەبەر ئەوە من پێموایە هەموو لایەك بەرپرسیارن، چونکە کەسیان هیچ ناکەن.

***سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کاك نیچرڤان بارزانی ڕای گەیاند لە کاتی کشانەوەی ئەمەریکا ڕەنگە شەڕی کورد و عەرەب دروست بێت، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم مەترسییە لە ئارادایە؟**

- مەبەستی کاك نیچیرڤان ڕەخنەگرتنە لە ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە لە عێراق دەکشێتەوە، بەڵام کە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە و کێشەکان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بەردەوامە و مالیکی نایەوێت کێشەکان چارەسەربکات و ئەمەریکاش ڕۆڵ نەبینێت لەم ڕووەوە ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی بەردوامبوونی گرژی و ئاڵۆزی و دواتر ڕەنگە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی، واتە گوزارشتی لە مەترسییەك کردووە و ڕەخنەیەکیشە بۆ ئەمەریکا کە ئەمەریکا لە بەرپرسیارێتییەکە ڕادەکات و بایەخی پێنادات. بەڵام مەرج نییە لەگەڵ کشانەوەی ئەمەریکا شەڕ ڕووبدات، جارێ ئەمەریکا تا سێ ساڵی دیکە لە عێراقدا دەمێنێتەوە، دواتر ئێمە دەتوانین هەوڵی چارسەرکردنی کێشەکان بدەین، بۆ نموونە ئێستا ئێمە لە پەرلەمان بە پێی ماددە ٢٣ی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لیژنەیەکمان هەیە کە لە حەوت کەس پێکدێت، هەر یەکە لە کورد و عەرەب و تورکمانەکان دوو ئەندامیان هەیە تێیدا، لەگەڵ کلدۆ ئاشووریدا، ئەم لیژنەیە سەردانی کەرکوك دەکات و دانیشتن دەکات و گفتوگۆ ئەنجام دەدات و بڕیار دەردەکات، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر پێکەوە دابنیشین و گفتوگۆ بکەین کێشەکانمان پێ چارەسەر دەکرێت، بەڵام کە دانەنیشین بە چی چارسەریان بکەین، حکومەتی مەرکەزی ئیستیجابەی نییە دەبێت ئیحراجی بکەین.

***لیستەکەی ئەیاد عەللاوی تا ڕاددەیەکی دیاری کراو لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بەدەستهێنا، ئایا گەڕانەوەی ئەیاد عەلاوی نابێتەهۆکارێك بۆ بەهێزبوونی کورد بەرامبەر بە مالیکی؟**

- ئەیاد عەللاوی دۆستی کوردە و پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ کورددا هەیە، کە پێشتر لە بەرەی بەرەهەڵستکاریدا کاری لەگەڵ کورد کردووە، ڕەنگە بوونی ئەم هێزانە تا ڕادەیەك سوودەبەخش بن، بەڵام مەرج نییە ئەیاد عەللاوی لە هەموو هەڵوێستێکدا پاڵپشتی لە کورد بکات و وەك کورد بیربکاتەوە و بتوانێت تەرازووی هێز بگۆڕێت، بەڵام بوونی ئەم هێزانە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا خراپ نییە کە هێزێکی عەلمانیشە.

●●●

**نابێت کورد چاوی لە دەستی ئەمەریکا بێت، ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە و لە ڕابردووشدا هەڵەبووە**

●●●

●●●

**ئەمەریکا سیاسەتی بەهێزکردنی مالیکی گرتۆتەبەر. دواتر کە مالیکی دەستپێشخەری ناکات، ئێمە ئەنجومەنی جێبەجێکاریمان هەیە، کە پێکهاتووە لە مام جەلال و دوو جێگرەکەی، کاک مەسعود و سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە مالێکی ئامادەی ئەوەنییە کۆبوونەوە ئەنجام بدات، بۆچی چوار ئەندامەکەی دیکە کۆبوونەوە ناکەن و بانگهێشتی مالیکی ناکەن و ئیحراجی ناکەن**

●●●

**سام پارکەر بەڕێوەبەری پرۆگرامی عێراق لەسەنتەری usip بۆ گوڵان:**

# سیاسەتی کورتی مەودای ئۆباما چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزییە، سیاسەتی دوورمەوداشی بەجێهێشتنی عێراقە بۆ عێراقییەکان



**پرۆفیسۆر سام پارکەر بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراقە لە سەنتەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی USIP و یەکێکە لەو دوو کەسەی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق لەسەر ئاستی ناوەندەکانی ئەمەریکا دیمانەیان لەگەڵ دەکرێت و بۆچوونەکانیان حسابی لەسەر دەکرێت ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەشێکی بۆچوونەکانیشی لەگەڵ تێڕوانینی ئێمە وەك کورد بۆ باروودۆخەکە یەکناگرێتەوە، ئێمە بۆ هاوسەنگی ئەم بۆچوونە زۆر هەوڵماندا لەگەڵ پرۆفیسۆر مایکل نایت یش دیمانە بکەین بەڵام پێیان ڕاگەیاندین هەتا ڕۆژی سێ شەمەی دادێ بواری نابێت هیچ دیمانەیەك بکات، بەڵام لە ڕاپۆرتی پێش ئەم دیمانەیە ئاماژەمان بە دیدوبۆچوونی مایکل نایت کردووە، کە ئەو جیاواز لە سام پارکەر پێی وایە جارێ زووە جارێ سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق بدرێت، ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی سام پارکەرە بۆ گوڵان.**

**• لە هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەگەرچی هەندێ لە لایەنەکان دەنگێکی زیاتریان لەلایەنەکانی دیکە کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لایەنێك نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت بە چەشنێك ڕێژەکە لە سەدا ٢٠ تێپەڕبکات، واتە دەنگ بۆ دابەشبوون دراوە نەك یەکبوون، لەم ڕوانگەیەوە ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنانە هیچ جیاوازییەك لە عێراقدا دروست دەکەن؟**

- من لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەی ئێوەدا هاوڕانیم، ئەوە ڕاستە کە لێکترازان و دابەشبوونێکی گەورە هەبوو لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی هیچ پارتێك بە تەنیا نەتوانێت ڕێژەیەکی گەورەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لایەنانەی زۆرترین دەنگیان بەدەستهێنا، بە تایبەتی مالیکی، بەرنامەیەکیان خستەڕوو کە دژی تائیفەگەری بوون و پەرەیان بە یەکێتی نەتەوەی دەدا، لە کاتێکدا ئەو پارتانەی لە ڕووی مێژووییەوە پەرەیان بە حکومەتێکی مەرکەزی لاواز و دابەشبوونی ئەمری واقیعی وڵاتەکە دەدا، (مەبەستم ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی یە) ڕووبەڕووی شکستی گەورە بوونەوە. من پێشبینی دەکەم پارتەکان هەڵبستن بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی_ لەبەر ئەوەی ئەم جارەیان زۆرێك لە پارتە بچوکەکان دووچاری دۆڕاندن هاتن_ هەروەها چڕبوونەوەییەکی زیاتری دەنگەکان لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەکەین.

**• یەکێك لە لایەنەکانی دیکەی ئەم هەڵبژاردنانە بریتی بوو لەوەی دەنگدەران لە بەرژەوەندی ئەو لایەنانە دەنگیاندا کە بانگەشەی گەڕاندنەوەی مەرکەزییەت دەکەن و دەستور پێشێل دەکەن، بەلەرچاوگرتنی ئەوەی عێراقییەکان بەمشێوەیە دەنگیاندا، ئایا تا چ ڕادەیەك مەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق لە ئارادایە؟**

- لە ڕاستیدا خودی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەڵگەیە لە دژی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی عێراق، هەمیشە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئاراستەیەکی تاکڕەوانە بگرێتەبەر. ئەوەی لەم ساتەوەختەدا لە نیگەران بوون لە ئاست دیکتاتۆرییەتدا گرنگترە، بوونی

**خودی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەڵگەیە لە دژی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی عێراق، هەمیشە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئاراستەیەکی تاکڕەوانە بگرێتەبەر**

حکومەتێکی مەرکەزی کارایە کە بتوانێت یاسا و نیزام بسەپێنێت و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دابین بکات. لەو سیاقەدا، بوونی حکومەتێکی مەرکەزی تا ڕاددەیەك بەهێز و خیتابێك کە پەرە بە یەکێتی نیشتمانی بدات شتێکی ئیجابییە.

**• هەندێ لە چاودێران پێیان وایە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا، توندوتیژی لە عێراقدا روو لە هەڵکشان دەکات، هەروەها چەند لایەنێکی دیاری کراو هەن، بە چەشنی موقتەدا سەدر کە چاوەڕێی پاشەکشەکردنی ئەم هێزانە دەکات بۆ دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ. ئەگەر یەکێك لە دەرئەنجامەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ بێت، ئایا ستراتیژییەتی بەدیلی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- لەم قۆناغەدا، من شەخسی خۆم گومانم هەیە لەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە چەشنێك بکشێتەوە کە ببێتەهۆی دووبارە بەرپابوونەوەی شەڕی ناوخۆ، من لەو باوەڕەدام، لە دەرئەنجامی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکاوە هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەسەڵاتێکی زیاتریان بەدەستهێنا و توانییان باشتر بەرهەڵستی هێرشەکانی گرووپەکانی چەشنی موقتەدا ئەل سەدر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەم دەرئەنجامە روویدات، من لەو باوەڕەدام ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەنا بۆ ستراتیژییەتی ئیحتیواکردن دەبات، هاوشان بە کۆششە دیبلۆماسییە بەهێزەکان، بە ئامانجی ڕێگرتن لە پەرینەوەی گرفتەکانی عێراق بۆ تێکرای ناوچەکە. دووبارە، بە پێی تێڕوانینی من، لەم ساتەوختەدا روودانی ئەم دەرئەنجامە ئەگەرێکی لاوازە.

**• حاڵی حازر، د.مالیکی و حزبی دەعوە هەوڵی ئەوە دەدەن عێراق لە لایەن کەمینەیەکەوە حکومڕانی بکرێت و خوازیاری گەڕاندنەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز و پێشێلکردنی دەستور دەکەن، بە پێی بیروبۆچوونی ئێوە، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك دەبێتەهۆی دووبارەکردنەوەی مێژووی خوێناوی کودەتا سەربازییەکان لە عێراقدا؟**

- من لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەی ئێوەدا هاوڕانیم، بڕوانە، دەمەوێت ئەوە بڵێم شیعەکان لە عێراقدا کەمینە نین- ئەوان زۆرینەن. لەوەش زیاتر، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی عێراق و ئەگەری کودەتای سەربازی بۆ ماوەیەکی دیکەش لە ئارادا دەبن. زۆرێك لە حکومەتەکانی ناوچەکە دیکتاتۆرین و لەلایەن سوپاوە پشتگیرییان لێدەکرێت. لە کاتێکدا بوونی دیکتاتۆرییەتی سەربازی لە ناوچەکەدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا ناگونجێت، بەڵام لە خراپترین سیناریۆدا، تەفزیل دەکرێت بەسەر پشێوی و شەڕی ناوخۆدا.

**• هەرێمی کوردستان بەشێکی سەقامگیرە لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی دیکتاتۆری ئەوا دەسەڵاتە مەحەلییەکان کە لە دەستووردا دانیان پێدانراوە دووچاری مەترسی دەبنەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، لە کاتێکدا کورد نایەوێت دەستکەوتەکانی لەدەست بدات و عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی دیکتاتۆری، ئایا چۆن دەکرێت هاوپەیمانێتییەکان لە عێراقدا پێکبهێنرێن؟**

- کوردەکان ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانییان دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێی دەستور و بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانەکەیان رێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتی نەوتی وڵاتەکەیان پێدەدرێت (لە ١٧٪ بودجەی فیدراڵی)، هەروەها رووبەڕووی هەڕەشەی جیدی نەبوونەتەوە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە. لە کاتێکدا گرژی و ئاڵۆزی لەگەڵ بەغدادا لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام ئەو سیناریۆییەی کە ئێوە باسی لێوەدەکەن و روودانی خراپترین بارودۆخی لێدەکەوێتەوە هێشتا ئەگەرێکی دوورە. بەرژەوەندی کورت مەودای ئەمەریکا بریتییە لە گەیشتن بە چارەسەرێك لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی لە رێی گفتوگۆوە، رێککەوتنێك چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە و دەرکردنی یاسای نەوت و غاز لە خۆبگرێت. لە مەودای دووردا، لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا، ئەمەریکا خۆی سەرقاڵ ناکات بەم مەسەلانەوە و چارەسەرکردنی ئەم مەسەلانە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان جێدەهێڵێت، ئەمە دوای ئەوەی ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێت (هەروەك ئەوەی چەندین جار سەرۆك ئۆباما ئەمەی دووپات کردۆتەوە).

**• لە ٥ ساڵی رابردوودا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێکرای هێز و سیاسەتی خۆی لە عێراقدا چڕکردۆتەوە، کەواتە ئایا لە حاڵەتی دۆڕاندنی شەڕەکە لە عێراقدا لە لایەن ئەمەریکاوە، یاخود لە حاڵەتی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەت و توندوتیژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، ئایا ئەمە نابێتە مایەی کارەسات لەسەر پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا، هەروەك ئەوەی لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە بەدیمان کرد؟**

- باس لەوە دەکرێت کە حاڵی حازر شەڕی عێراق کارەسات بووە بۆ پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا، ئەگەر بەراوردی بکەین بە پێگەی ئەمەریکا لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا و ئەو راستییەی کە ئەمەریکا عێراقێك جێدەهێڵێت کە لە بارودۆخێکی باشتردا دەبێت لە عێراقی ساڵی ٢٠٠٦، رەنگە تا راددەیەك ئەم وێنەیە راستبکاتەوە، ئەگەرچی رەنگە دەرئەنجامی کۆتای لە ئاست ئومێد و چاوەڕوانییەکاندا نەبن.

**بەرژەوەندی کورت مەودای ئەمەریکا بریتییە لە گەیشتن بە چارەسەرێک لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی لە رێی گفتوگۆوە، لە مەودای دووردا، چارەسەرکردنی ئەم مەسەلانە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان جێدەهێڵێت**

ریچارد بیولت بۆ گوڵان:

# دەبێت کشانەوەی هێزەکان بەرپرسیارانە بێت و، ئەگەر توندوتیژی سەریهەڵدا دەبێت کشانەوەکە رابگیرێت



**پرۆفیسۆر ریچارد بیولت ئوستادی زانستی مێژووی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر مێژووی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و ئەگەر دروستبوونی ڤێتنامیکی دیکە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ریچارد بیولت کردوو بەمجۆرە راو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

*** ئایا دەتوانین بڵێین ئەم هەڵبژاردنانە هیچ جیاوازییەك لە عێراقدا دروست دەکەن؟**

- سروشتی حکومەتە پەرلەمانییەکان بەو شێوەیەیە کە ئەو بەرژەوەندییانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەو شێوەیە دەردەکەون کە سازشهەڵنەگرتوون، لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی ئەرکی حکومڕانێتیکردندا دووچاری سازشکردن و ئاڵۆزبوون دەبنەوە. لەبەر ئەوە من دوو دڵم لە خستنەڕووی هەر پێشبینییەك کە پەیوەست بێت بەو سیاسەتانەی لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا حکومەتی عێراقی دەیانگرێتەبەر.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك مەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق لە ئارادایە؟**

- "دیکتاتۆریەت" دەستەواژەیەکی قورسە. هەندێ کەس هەر کارێکی حکومەت کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی ئەنجام بدرێت بۆ زەوتکردنی ئۆتۆنۆمی هەر بەشێکی وڵاتەکە بە رەفتارێکی دیکتاتۆری ناودەبەن، بەڵام یەکێکی دیکە لە خەسڵەتە زەقەکانی دیکتاتۆرییەت رەتکردنەوەی ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لە سیاسەتەکاندا لە ئەنجامی ئەو فشارە سیاسییانەی لە سیستەمی هەڵبژاردنەوە سەرهەڵدەدەن. من پێم وایە دەبێت دەرفەت و کات بە سیستەمی هەڵبژاردن (**النظام الانتخابی**) بدرێت پێش ئەوەی هیچ کەسێك رایبگەیەنێت کە عێراقییەکان دەنگیان بۆ دیکتاتۆرییەت داوە.

*** ئەگەر یەکێك لە دەرئەنجامەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ بێت، ئایا ستراتیژییەتی بەدیلی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- من یەکێك نیم لەو کەسانەی کە پێشبینی هەڵکشانی رەوتی توندوتیژی دەکەن لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا.

ئەگەر کشانەوەکە بە شێوەیەکی پیشەگەرانە (موحتەریفانە) ئەنجام بدرێت لە ماوەیەکدا کە زۆر کورت نەبێت، ئەوا لەو باوەڕەدام کە دەتوانرێت توندوتیژی کەم بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر توندوتیژییەکی گەورە رووبدات، ئەوا دەکرێت پاشەکشەکە رابگیرێت. ئەوەی بە دڵنیاییەوە، رۆڵێکی گرنگی هەیە لەم رووەوە، رەفتارێکی پیشەگەرانە و گونجاوە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە. ئەمەش یەکێکە لەو مەسەلانەی ئەمەریکا کاری لەسەردەکات و بەردەوام دەبێت لەسەر کارلەسەرکردنی. پێدەچێت ئەو گریمانەیە لەخۆبگرێت کە هێزگەلێکی سەرەکی لە عێراقدا بوونیان هەیە کە سوورن لەسەر رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی عێراقێکی دیموکراتی، بێ گومان گرووپ و کەسانێکی لەم چەشنە بوونیان هەیە، بەڵام من هیچ ئاماژەیەك بەدی دەکەم کە ئەم گرووپ و کەسایەتییانە لە رووی ژمارە و لە رووی سەربازییەوە یەکسانبن یان باڵادەستربن لە هێزە ئەمنییەکانی حکومەت،

لەو کاتەی کە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کۆتای پێدێت.

**• ئەگەر عێراق گەڕایەوە بۆ مەرکەزییەت ئایا بە پێی بیروبۆچوونی ئێوە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك دەبێتەهۆی دووبارەکردنەوەی مێژووی خوێناوی کودەتا سەربازییەکان لە عێراقدا؟**

- ئەوا کەمینەکان رێگایەك دەدۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، زۆرینەی هاوڵاتییان خوازیاری کۆنترۆڵکردنی هەڵگرتنی چەکن، بەڵام ئەو کەمینەیەی خاوەنی چەکن رێگە لە روودانی ئەم کۆنترۆڵکردنە دەگرن. هۆکارەکان لە سیستەمە سیاسییەکەدا ئاوێتەکراون. لە عێراقدا هێشتا سیستەمە سیاسییەکەی هەڵبژاردن کامڵنەبووە. شتێکی نامەنتیقییە گریمانەی ئەوە بکەین لە داهاتوودا کارساتەکانی رابردوودا دووبارە دەبنەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەی ئەو گریمانەیە لەخۆدەگرێت کە عێراقییەکان ناتوانن بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بیر لە مەسەلە سیاسییەکان بکەنەوە و بە شێوەیەکی بنیاتنەر پێکەوەکاربکەن. دەبێت دەرفەتێك بە سیستەمە سیاسییەکە بدرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت.

*** لە کاتێکدا کورد نایەوێت دەستکەوتەکانی لەدەست بدات و عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی دیکتاتۆری، ئایا چۆن دەکرێت هاوپەیمانێتییەکان لە عێراقدا پێکبهێنرێن؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لەبەر ئەوەی گریمانەی ئەوە دەکات کە دەکرێت ئامانجەکان لە رێی ئەو هاوپەیمانێتییانەوە بەدەست بهێنرێت کە بە وریاییەوە پێکدەهێنرێن، من لەگەڵ ئەمەدا هاوڕام. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە ئاگاداری باروودۆخی سەر ئەزری واقیع نیم بۆ ئەوەی مەزندەی ئەوە بکەم چ هاوپەیمانێتییەك باشترین هاوپەیمانێتی دەبێت.

*** لە حاڵەتی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەت و توندوتیژی لە عێراقدا وڵاتەدا، ئایا ئەمە نابێتە مایەی کارسات لەسەر پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا، هەروەك ئەوەی لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە بەدیمان کرد؟**

- عێراق بە چەشنی ڤێتنام کۆتای نایەت، کارساتی شەڕی ڤێتنام لە لەدەستدانی گیانی ئەمەریکییەکاندا ( بە هەمان شێوە گیانی ڤێتنامییەکان) بوو، هەروەها شکستهێنانی حکومەتی ئەمەریکا لە شیکردنەوە یاخود تەنانەت وەسفکردنێکی راستگۆیانەی باروودۆخەکە بوو کە رای گشتی ئەمەریکای دابەش کرد بۆ ئەو کەسانەی سەرسەختانە پشتیوانییان لە شەڕەکە دەکرد و ئەوانەی شێلگیرانە لە دژی بوون. ئەوان شەڕەکەیان لە رووی سیاسییەوە دۆڕاند کاتێك ڤێتنامی باکوور بە پێشێلکردنی ئاگربەستەکە ڤێتنامی باشوری داگیرکرد، بەڵام دۆڕاندنە راستەقینەکە بریتی بوو لە دابەشبوونی رای گشتی ئەمەریکا. لە راستیدا لە شەڕی عێراقدا، زۆرێك لە ئەمەریکییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی دەیانەوێت حکومەتی ئەمەریکا کۆتای بە شەڕی عێراق بهێنێت، هەروەها لەبەر ئەوە دەنگیان بۆ ئۆبامادا چونکە رایگەیاند کە کۆتای بەو شەڕە دەهێنێت. بەڵام رای گشتی ئەمەریکا بە چەشنی ساڵانی حەفتاکان ١٩٧٠دابەشنەبووە. ئاستی قوربانییەکانی ئەمەریکاش ٤،٣٠٠ ە بە بەراورد بە ٣٧،٠٠٠، هەروەها ناکۆکی و دابەشبوون لە نێو سوپاکەدا بە شێوەیەکی هەمیشەیی و سەرسەختانە بەردەوام لەسەر شەڕەکە لە کاتی شەڕی ڤێتنامدا. بە کورتی ئەگەر ئەمەریکا عێراق جێبهێڵێت و لە دەرئەنجامدا عێراق شکست بهێنێت لە بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی سەرکەوتوو، یاخود ببێتە قوربانی توندوتیژی نێوان پارت و لایەنەکان، رای گشتی ئەمەریکا دەڵێن: " ئەمە بەرەوپێشچوونێکی زۆر خراپە، بەڵام ئێمە ئەوەی لە توانامانداببوو کردمان." ئەوان لە دەیەکانی داهاتوودا رق و تورەیی هەڵناگرن، هەروەك ئەوەی لە دوای شەڕی ڤێتنام روویدا.




●●●
**دەبێت دەرفەت و کات بە سیستەمی هەڵبژاردن بدرێت پێش ئەوەی هیچ کەسێک رایبگەیەنێت کە عێراقییەکان دەنگیان بۆ دیکتاتۆرییەت داوە**
●●●

●●●
**ئەگەر کشانەوەکە بە شێوەیەکی پیشەگەرانە ئەنجام بدرێت لە ماوەیەکدا کە زۆر کورت نەبێت، ئەوا لەو باوەڕەدام کە دەتوانرێت توندوتیژی کەم بکرێتەوە**
●●●

تۆماس ماتئایەرز بۆ گوڵان:

# کورد گفتوگۆ و دانووستاندنی سەختی لەپێشە لەگەڵ مالکی بە تایبەتیش لەسەر مەسەلەی کەرکوک



**پرۆفیسۆر تۆماس ماتتایەرز ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق و کەنداو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئوستادی زانستی سیاسەتیش لە زانکۆی باشوری کالیفۆرنیا.لەساڵی ١٩٩٢ -١٩٩٥ بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و بارودۆخی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر ماتتایەرز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

**هێشتا بڕیاری ئەوە لە ئەمەریکا نەدراوە کە بە چ رەوتێکی خێرا پاشەکشە بە هێزەکانی ئەمەریکا بکرێت لە عێراقدا، هێشتا ئۆباما لەو بارەیەوە بڕیاری کۆتایی دەرنەکردووە و ئەگەرچی ئەو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە گەلی ئەمەریکی دا کە بە رەوتێکی خێرا ئەو هێزانە پاشەکشە پێبکات**

*** هەڵبژاردنەکانی عێراق سەلماندیان کە لەبڕی خواستی یەکبوون و خۆبەڕێوەبردن، مەیلی دابەشبوون و جیابوونەوە لە ئارادایە، ئەگەرچی هەندێ لەلایەنەکان دەنگێکی زیاتریان لە لایەنەکانی کۆکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لایەنێك نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت بە چەشنێك رێژەکە لە سەدا ٢٠ تێپەڕبکات، لەم روانگەیەوە ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنانە هیچ جیاوازییەك لە عێراقدا دروست دەکەن؟**

- ئەوەی جێی سەرنجە لەم هەڵبژاردنانەدا، ئەوەیە کە پارت و لایەنگەلێکی زۆر بەشداریان تێداکرد، بەو پێیە دەنگەکان بە چەشنێك بڵاوبوونەوە کە هیچ لایەنێکی دیاری کراو نەتوانێت زۆرترین رێژەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لیستەکەی مالیکی دەرئەنجامێکی باشی بەدەستهێنا، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی باشووردا، کە ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا کە لە هەڵبژاردنەکەدا دەنگیان بەدەستهێناوە هاوپەیمانێتی پێبکهێنن بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ئەو پارێزگایانە، کە رەنگە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو پاڵێوراوانەشدا بکات کە رەوتی سەدر پشتیوانی لێدەکردن، لەبەر ئەوەی هەردوولایان، مالیکی و سەدر هاوڕان لەسەر خستنەگەڕی هەوڵوکۆششەکان بۆ بنیاتنان و پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا. ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەرەئەنجامێکی باشی بەدەست نەهێنا کە لەگەڵ ئەوەدابوون پارێزگاکان دەسەڵاتێکی زۆریان پێبدرێت. هەروەها پارتە سوننییەکانیش لە پارێزگاکانی باشووردا دەنگێکی باشتریان بەدەستهێنا، دوای ئەوەی موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانی پێشویان کرد، بەڵام دەبێت چاوەڕێی بکەین و بزانین ئایا مالیکی هەڵدەستێت بە ئاوێتەکردنی پارتە سوننییەکان و یاسای نەوت و غاز تێدەپەڕێنێت کە بە شێوەیەکی عادیلانە داهاتی نەوت دابەش بکات. هەرچەندە هەڵبژاردن لە ناوچە و پارێزگا کوردییەکاندا ئەنجام نەدرا، بەڵام کوردەکان زۆر خۆشحاڵنین بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

*** یەکێك لە لایەنەکانی دیکەی ئەم هەڵبژاردنانە، بە تایبەتی لە هەردوو شارە گەورەکەی عێراقدا، بەغدا و بەسرە، بریتی بوو لەوەی دەنگدەران لە بەرژەوەندی ئەو لایەنانە دەنگیاندا کە بانگەشەی گەڕاندنەوەی مەرکەزییەت دەکەن و دەستور پێشێل دەکەن. بەلەیە رچاوگرتنی ئەوەی عێراقییەکان بەمشێوەیە دەنگیاندا، ئایا تا چ رادەیەك مەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق لە ئارادایە،**

**بۆ نموونە مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دوا دەخات و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە نادات کە ئەم ماددەیەی لە پێناودا دارێژراوە؟**

- لە روانگەی ئێوەوە ئەوانە بەرەوپێشچوونێکی خوازراونین، کە هەندێ کەس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەم رووەوە نیگەرانن. ئەوەی لەم هەڵبژاردنانەوە ئاشکرابوو ئەوەبوو کە زۆرینەی عێراقییەکان لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزدان، بەڵام حکومەتێکی تاکحزبی نا، واتە خوازیاری ئەوەنین کە تەنیا حزبێك زاڵ و باڵادەستبێت بەسەریدا هاوچەشنی سەردەمی سەددام حوسێن، هەر لەبەر ئەمەش دەنگێکی زۆریان بە مالیکی نەدا و مالیکی ناچارە هاوپەیمانێتی پێکبهێنێت، بە دڵنیاییەوە ئەگەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ رەوتی سەدردا بکات ئەوا هاوپەیمانێتیەکی لاوازدەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە لە دژی هەڵوێست وەربگرن، چونکە پێشتر شەڕی یەکتریان کردووە. هەروەها هێشتا دەبێت بە چەندین شێوە عەرەبە سوننەکان رازی بکات. واتە دەسەڵاتێکی سنورداری دەبێت. لەبەر ئەوە من پێم وانییە بتوانێت پشت بە سوپا ببەستێت و ئەم دامەزراوەیە ببێتە ئامرازێك بەدەستی ئەوەوە، لەوە باوەڕەدانیم تا ئەو رادەیە بەهێز و دەسەڵاتداربێت. هەروەها ئێوە گفتوگۆی سەختتان لەپێشە لەگەڵ مالیکدا لەسەر کێشەی کەرکوك و نەوتی ئەو شارە، ئەمەش گرنگییەکی لەرادەبەدەری هەیە لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق.

***هەندێ لە چاودێران پێیان وایە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا، توندوتیژی لە عێراقدا روو لە هەڵکشان دەکات، هەروەها چەند لایەنێکی دیاری کراو هەن، بە چەشنی موقتەدا سەدر کە چاوەڕێی پاشەکشەکردنی ئەم هێزانە دەکات بۆ دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ. ئەگەر یەکێك لە دەرئەنجامەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ بێت، ئایا ستراتیژییەتی بەدیلی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- بیرووبۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز هەیە لە ناو فەرماندە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەندێ لەو فەرماندە سەربازییانە لەو باوەڕەدان کە بەرەوپێشچوونی بارودۆخی ئەمنی تەنیا بەرەوپێشچوونێکی کاتییە و ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ و توندووتیژی لە ئارادایە، بۆ نموونە دوای هەڵبژاردنەکان توندوتیژی و تەقینەوە لە دژی ئەو شیعانە روویاندا کە بەشدارییان لە بۆنە ئاینییەکاندا دەکرد. لەلایەکی دیکەوە هەندێکی دیکە لەو فەرماندانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەستکەوتە بەدەستهێنراوەکان جێگیرن و دەکرێت بەرپرسیارێتییەکانی پاراستن و دابینکردنی ئاسایش بۆ عێراقییەکان بگوازرێتەوە، لە راستیدا هێشتا بڕیاری ئەوە لە ئەمەریکا نەدراوە کە بە چ رەوتێکی خێرا پاشەکشە بە هێزەکانی ئەمەریکا بکرێت لە عێراقدا، هێشتا ئۆباما لەو بارەیەوە بڕیاری کۆتای دەرنەکردووە و هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، ئەگەرچی ئەو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە گەلی ئەمەریکی دا کە بە رەوتێکی خێرا ئەو هێزانە پاشەکشەپێبکات، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەمەریکا لەدەست شەڕەکە بێزارببوون و کوژرانی کوڕ و کچە گەنجەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا کاریگەری خۆی هەبوو، بە هەمان شێوە بە دەیان هەزار عێراق لەو شەڕەدا بوونە قوربانی، راستە سەددام کەسێکی دڵڕەق و خراپ بوو، بەڵام لە ئەنجامی ئەم شەڕە و داگیرکاری و سەرهەڵدانی یاخیبوون و شەڕی ناوخۆی و کاردانەوەی سوپای ئەمەریکا ژمارەیەکی گەورەی عێراقیەکانیش بوونە قوربانی. ئێمە دەمانەوێت ئەم بارودۆخە کۆتای پێبێت، گەلی ئەمەریکا خوازیاری کۆتای پێهێنانی شەڕەکەیە، ئەمانە فشار لەسەر ئۆباما دروست دەکەن، ئەگەر لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا بەرپابێت، ئەوا فەرماندە سەربازییەکان داوای مانەوەی ئەم هێزانە لە ئۆباما دەکەن، بە تایبەتی ئەگەر ئەو شەڕی ناوخۆییە ئێران و عەرەبستانی سعودیەی تێوەبگلێت، واتە ئاکامی ئیقلیمی هەبێت. واتە ئەگەر توندوتیژییەکی گەورە لەعێراقدا سەرهەڵبدات، ئەوا مشت و مڕێکی گەورە لە ئەمەریکا دروست دەبێت لەبارەی ئەوەی ئایا دەبێت درێژە بە کشاندنەوەکە بدەین یان بمێنینەوە، کە من ناتوانم پێشبینی ئەوەبکەم چ لایەك لەم مشت و مڕەدا سەرکەوتودەبێت. لەبەر ئەوەی من پێم وایە فەرماندە سەربازییەکان نایانەوێت پاشەکشەبکەن ئەگەر تێکڕای ئەو دەستکەوتانەی بەدەستییان هێناوە لەدەست بچن.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکی سەقامگیرە لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی دیکتاتۆری ئەوا دەسەڵاتە مەحەلییەکان کە لە دەستووردا دانیان پێدانراوە دووچاری مەترسی دەبنەوە. پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کورد نایەوێت دەستکەوتەکانی لەدەست بدات و عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی دیکتاتۆری، ئایا چۆن دەکرێت هاوپەیمانێتییەکان لە عێراقدا پێکبهێنرێن؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی کوردەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان هەیە، هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق سەقامگیرترە و هەوڵدەدات لە سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی سوودمەند بێت و ناکۆکی هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەسەر چارەنووسی کەرکوك، بەڵام من پێم وایە جیابوونەوە و جاڕدانی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەکانەوە بەرەوپێشچوونێکی خراپ دەبێت، لەبەر ئەوەی کێشەگەلێکی زۆر لەگەڵ وڵاتی ئێران و تورکیادا دروست دەکات.

*** لە حاڵەتی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت و توندوتیژی لە عێراقدا، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، ئایا ئەمە نابێتە مایەی کارەسات لەسەر پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا، هەروەك ئەوەی لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە بەدیمان**

●●●
**مالیکی و سەدر هاوڕان لەسەر خستنەگەڕی هەوڵوکۆششەکان بۆ بنیاتنان و پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا**
●●●

●●●
**دەبێت چاوەڕێی بکەین و بزانین ئایا مالیکی هەڵدەستێت بە ئاوێتەکردنی پارتە سوننییەکان و یاساى نەوت و غاز تێدەپەڕێنێت کە بە شێوەیەکی عادیلانە داهاتی نەوت دابەش بکات**
●●●

**دەبێت لە عێراقدا هاوسەنگییەک لە نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزیدا دروست بکرێت، عێراقییەکان بە حکومەتێکی مەرکەزی چەشنی حکومەتە مەرکەزییەکەی سەددام رازی نابن**

بۆ تێکڕای ناوچەکە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك کــوژراون کە دەبێت کۆتای پێبهێنرێت. من پێم وایە دەبێت لە عێراقدا هاوسەنگییەك لە نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزیدا دروســـت بکرێت، عێراقییەکان بـــە حکومەتێکی مەرکەزی چەشـــنی حکومەتە مەرکەزییەکەی ســـەددام رازی نابن، هەروەهـــا من لەو باوەڕەدانیم ئەمە لە عێراقدا روودات، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەوەی خستەڕوو کەلەمەودا ئەنجومەنی پارێزگاکان دەســـەڵاتی راستەقینەیان دەبێت. کەواتە دەبێت لەپەرلەمانی عێراقدا کار بۆ گەیشـــتن بە سازش و چارەسەری مام ناوەندی بکرێت، ناکرێت هەموو لایەك تێکـــڕای داواکارییەکانیان بـــۆ جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونـــە لە کێشـــەی کەرکوکدا کـــوردەکان ناتوانن تێکڕای داواکارییەکانیان بهێننەدی، بە هەمان شـــێوە عەرەبەکانیش، دەبێت هەموو لایەك ئەو راســـتیەیان لەبەرچاو بێت کە تەنها دەتوانن بەشێك لە ئامانج و داوکاریەکانیان بهێننەدی و دەست لە بەشـــێك لە ئامانجەکانیان هەڵبگرن، ئەگەرنا بارودۆخە ئاڵۆزەکـــە بـــەردەوام دەبێت. ئەمەریکا چەندین کێشـــەی جیددی هەیە لە ئەفغانستان و پاکســـتان و بـــە دەســـت قەیرانێکی سەختی ئابووریەوە دەناڵێنێت و ناتوانێت تەرکیزی ســـەرەکی لەسەر عێراق بێت، دەبێت بایەخ بە کێشـــەکانی دیکـــە بدات، لەبـــەر ئەوەی دەبێـــت عێراقیـــەکان لە نێو خۆیانـــدا بگەنە رێککەوتن و چارەسەر.

*** مێژووی خوێناوی عێراق ئەو راستییەی سەلماندووە کە تاکڕەویی و حوکمی کەمینە هۆکاری ئێـــش و ئازارەکانی عێراقییەکانـــن، حاڵی حازر د.مالیکـــی و حزبی دەعوە هەوڵـــی ئـــەوە دەدەن عێراق لەلایـــەن کەمینەیەکـــەوە حکومڕانـــی بکرێـــت و خوازیـــاری گەڕاندنـــەوەی حکومەتێکـــی مەرکـــەزی بەهێز و پێشێلکردنی دەستور دەکەن. بە پێی بیروبۆچوونی ئێوە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك دەبێتەهۆی دووبارەکردنەوەی مێژووی خوێناوی کودەتا سەربازییەکان لە عێراقدا؟**

- ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکان کە مالیکی دەســـەڵاتێکی زۆر بەدەســـت بهێنێت، هەروەها بە پێچەوانـــەوە ئەگەری ئەوەش دەکرێت مالیکی لە لایەن ســـوپاوە بڕوخێنرێت، بەڵام هێشـــتا نازانرێت چ جۆرە هاوپەیمانێتییەك پێکدەهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگاکان، یاخود ئایا هێشتا دەستکراوە بە پرۆسەی دروستکردن و پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییانە، مالیکی ئەوەندە دەنگی بەدەســـتنەهێناوە بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە دیکتاتۆر، هەروەها هەوڵی هاوپەیمانێتی دەدات لەگەڵ هەندێ لە خێڵە ســـوننییەکاندا لەبەر ئەوە حکومەتی مەرکەزی بە تەواوەتی شیعەکان باڵادەست نابن بەسەریدا، دواتر مالیکی ناسنامەیەکی نیشـــتمانی و عەلمانی بۆ لیســـتی دانا و ئەو پارتانەی پتر پشـــتییان بە بەرنامەیەکی ئاینی دەبەســـت درەئەنجامێکی باشیان بەدەســـت نەهێنا، وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی. من پێـــم وایە دەبێت کوردەکان کار لەگەڵ شـــیعەکاندا بکەن بۆ تێپەڕاندنی یاســـایەکی عادیلانەی نەوت و غاز کە ســـوننەکان بێ بەش نەکات، کـــە ئەمـــەش دەبێتەهۆی کۆتای هێنان بە یاخیگەری سوننەکان.



**دەبێت کوردەکان کار لەگەڵ شیعەکاندا بکەن بۆ تێپەڕاندنی یاسایەکی عادیلانەی نەوت و غاز کە سوننەکان بێ بەش نەکات، کە ئەمەش دەبێتەهۆی کۆتای هێنان بە یاخیگەری سوننەکان**

***دوا وتەت چییە؟**

- هیـــچ وڵاتێـــك ناتوانێت تا ســـەر بە ئاشـــتی بژێیت ئەگـــەر لایەنەکان ســـازش لەگەڵ یەکدا نەکەن، بڕوانە ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، ســـەد ساڵی شـــەڕ لەگەڵ یـــەك دەکـــەن و یەکتـــری دەکوژن، بـــەڵام بێ ئەوەی سازش بکەن ناتوانن کۆتایی بە شـــەڕ بهێنـــن، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا رەشپێســـت و سپیپێســـت و موســـڵمان و مەســـیحی و هینـــدی و چینـــی دەژین، ئەگـــەر نەتوانین ســـازش لەگەڵ یەك بکەن ئاشتی لە کۆمەڵگەکەدا جێگیرنابێت، عێراقیـــش لـــە ئەمەریکا دێرینتـــرە و خەڵکەکەی بۆ ماوەیەکی زیاتـــر بەیەکەوە ژیاون، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم راستییەیان لەبەرچاوبێت.

جاسۆن كەمپڵ گەورە توێژەری ئامۆژگای برۆكینگز بۆ گۆڵان:

# ناكرێت كێشەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی مەركەزی چارەسەر نەكرێن و ئەمریكا هێزەكانی بكێشێتەوە



جاسۆن كامبڵ و مایكل ئۆهالۆن ئەو دوو توێژەرن كە لە باسی دۆسیێی عێراقدا لە ئامۆژگای بە ناوبانگی برۆكینگز پێكەوە ناویان دێت و پێكەوە دیراسەت لەسەر بارودۆخی عێراق دەكەن و، لەسەر ئاستی هەموو ناوەندەكانی ئەمریكاش بە تایبەتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەكانی دەرەوە، دیسان جاسۆن كامبڵ و مایكل ئۆهالۆن دەبنەوە هاوڕێ لەگەڵ كینس پۆلاك و دانیاڵ بایمەن و ستیڤن بیدل، هێڵە گشتییەكانی بارودۆخی عێراق و سیاسەتی ئەمریكا لە عێراقدا دیاری دەكەن، ئەم پۆلە تۆژەرە كە لە چەندین ئامۆژگای جیاواز كاردەكەن، زۆر جار هەموویان لەسەر یەك مەسەلە كۆدەبنەوە، یان دوو دوو سێ سێ، بۆ نموونە وەك كارە هاوبەشەكانی كینس پۆلاك و دانیال بایمەن، كارە هاوبەشەكانی ئۆهالۆن وكامبل، یان كاری سێ قۆلی وەك دواین وتاریان لە فۆرین ئەفێرز كە پۆلاك وئۆهالۆن و بیدل نووسیوویانە، ئەم پۆلە تۆژەرە لە ئەمریكاوە شرۆڤەی بارودۆخی عێراق ناكەن، بەڵكو هەزاران میل دەبڕن و دێن بە یەك دوو مانگ لە عێراق دەمێننەوە و داتا و زانیاری سەر ئەرزی واقیع دەهێننەوە و پێكەوە كاری لەسەر دەكەن، لە ناوەڕاست و كۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ گۆڵان دووجار لەگەڵ پۆلاك و ئۆهالۆن و بیدل دوای گەڕانەوەیان لە عێراقەوە بۆ ئەمریكا دیمانەی تایبەتی كردووە، ئەمجارەش بۆ خوێندنەوەی بارودۆخی عێراق و ئایندەی سیاسەتی ئۆباما لە عێراقدا جارێكی دیكە جاسۆن كامپلی هێناوەتەوە دووان و ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەكەی كامپلە بۆ گۆڵان.

**• لەم هەڵبژاردنانەدا هیچ لایەنێك نەیتوانی زۆرینەی دەنگەكان بەدەست بهێنێت، بە چەشنێك ڕێژەكە لە سەدا ٢٠ تێپەڕبكات، لەم ڕوانگەیەوە ئایا دەتوانین بڵێین كە ئەم هەڵبژاردنانە هیچ جیاوازییەك لە عێراقدا دروست دەكەن؟**

- من پێم وایە بەدەستنەهێنانی زۆرینەی دەنگەكان لەلایەن پارتێكی دیاری كراوەوە_ هەرچەندە بە شێوەیەكی گشتی لە بەرژەوەندی مالیكی بوون_ خاڵێكی ئیجابییە نەك سلبی، لەبەرئەوەی پارت و لایەنە جیاوازەكان ناچاری پێكەوەكاركردن و پێكهێنانی هاوپەیمانێتی دەكات، بە تایبەتی كە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكانمان لە پێشە، هەروەها ئەمە هەنگاوێكی گەورەبوو لە كامڵبوونی دەوڵەتی دیموكراسی لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی گەورەی كەسایەتی و لایەنە ركابەرەكان بەشدارییان تێداكرد، كە ڕەنگە پارتگەلێكی یەكگرتووتر لە ئایندەدا سەرهەڵبدەن كە تەنیا لەسەر بنەمای ئیتنێك یان ئاینێكی دیاری كراو دروست نەبوويێتن، ئەمەش كاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئیجابی لێدەكەوێتەوە.

**• ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەی زۆربەی دەنگەكانی بەدەست هێنا ئەو لایەنەیە كە بانگێشە بۆ مەركەزییەت دەكات، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە عێراقییەكان دەنگییان بۆ مەركەزییەت داوە؟**

- ئەو ڕاستییەی كە ئەنجامی ڕاپرسییەكانی چوار بۆ پێنج ساڵی پێش ئێستا ئاماژەیان بۆ ئەوەدەكرد كە زۆرینەی عێراقییەكان لەگەڵ بوونی حكومەتێكی مەركەزی و دژی دابەشبوونی ناوچەیی بوون بە تایبەتی بە پێی دابەشبوونی ئیتنی و تائیفییەكان، لە دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانەدا دەنگییان دایەوە. هەروەها ئەو دەستوورە هەمیشەییەی لە عێراقدا نووسرایەوە زۆرینەی شیعەكان، بە تایبەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و كوردەكان پشتگیرییان لێكرد، تێكڕای پێداویستییەكانی هاوڵاتییە عێراقییەكانی لەبەرچاونە گرت، لەبەر ئەوە بە ڕەچاوكردنی ئەم ڕاستییە، من پشتگیری لە ئەنجامدانی گۆڕانكاری دەكەم لە دەستووردا بۆ ئەوەی خواست و ویستی تەواوی پێكهاتەكانی وڵاتەكە لە خۆبگرێت، بەڵام هەمواركردن

**هەمواركردن و دەستكاریكردنی دەستوور بە چەشنێك نەبێت عەرەبەكان زاڵ و باڵادەست بن بەسەر دەوڵەتەكەدا و دەكرێت لەم ڕووەوە چارەسەرێكی مام ناوەندی بدۆزرێتەوە، كە ئەمەش سەختترین ئەركە ڕووبەڕووی حكومەتی عێراق دەبێتەوە**

دەستوور بە چەشنێك نەبێت عەرەبەكان زاڵ و باڵادەست بن بەسەر دەوڵەتەكــەدا و دەكرێت لەم رووەوە چارەســەرێكی مام ناوەندی بدۆزرێتەوە، كە ئەمەش سەختترین ئەركە رووبەڕووی حكومەتی عێراق دەبێتەوە.

**• ماوەی دوو مانگە كێشــەی هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمانی عێراق یەكلانەكراوەتەوە و دەنگوباسی ئەوە لە ئارادایە كە هەوڵی لێســەندنەوەی متمانە لە مالیكی دەدرێت، ئایا لەم بارودۆخەدا چۆن دەتوانرێت دووبارە هاوپەیمانییەكان رێكبخرێنەوە؟**

- رەنگــە موبالەغــە لەو مەســەلەیەدا كرابێت، بــە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامــی هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییە كە لــە بەرژەوەنــدی مالیكیدابوو و ئەوەی خســتەڕوو كە خەڵكی عێراق پشــتگیری لەو كارانە دەكەن كە مالیكی ئەنجامی داون، یاخود ســەرقاڵی ئەنجامدانییانە، نزیكەی ساڵ و نیوێك بۆ دوو ســاڵ پێش ئێســتا باس لە بەدیلی مالیكی دەكرا كە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بێت، بەڵام حاڵی حازر بە حوكمی دەرئەنجامەكانــی هەڵبژاردنەكانی ئەم داوییە رەنگە ئەمە زیاتر ببێتەهۆی ناســەقامگیركردنی حكومــەت و كەمتر ئەگەری روودانی هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە دەستنیشــانكردنی سەرۆكی پەرلەمانەوە هەیە، ئەوا ئەم مەســەلەیە ئەو راستییەی خستەڕوو كە دابەشبوونی قووڵ هەیە لە نێوان پارتە عەرەبییە سوننەكاندا.

**• بەڵام زۆر لە پسپۆڕان ئاماژە بەوەدەكەن ئاكامی هەڵبژاردنەكان ئاماژەیە بۆ دووبارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەمەریكاش خۆشحاڵە بــە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان ئایا ئەمە بەو مانایەدیت ئەمەریكا بەشەڕی ناوخۆش خۆشحاڵدەبێت ؟**

راگەیاندنێكی وورد نییە ئەگەر بڵێین ئەمەریكییەكان پیرۆزبایی سەركەوتنی شەڕی ناوخۆی عێراق دەكەن، خۆشبەختانە فەرماندە ســەربازییە مەیدانییەكان زۆر بە حــەزەر و وورياییەوە مامەڵە لەگەڵ مەســەلەی كەمكردنەوەی ژمارەی هێزەكانی ئەمەریكا دەكەن و ئەو راســتییەیان لەبەرچاوە كە هێشــتا كێشەگەلێكی چارەسەرنەكراو لە عێراقدا ماونەتەوە و دەبێت چاودێری چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەركەكان بكەین لەلایــەن عێراقییەكانەوە، لە كاتی كەمكردنــەوەی هێزەكانی ئەمەریكا. ئەوەی پەیوەســت بێت بە موقتەدا ســەدرەوە ئەوا ئەو پاڵێوراوانەی كە پشتگیری لێدەكردن دەرئەنجامێكی باشــتریان بەدەســتهێنا لەوەی پێشبینی دەكران، بــەڵام من لەوە باوەڕەدانیم كە بتوانێت لەو ناوچانەدا كە ناوچەی نفوز و باڵادەســتی خۆی بوون بتوانێت بە هەمان شێوەی رابردوو باڵادەســت بێتەوە، ئەگەرچی بۆ چەندین ساڵی دیكە موقتەدا ســەدر یەكێك دەبێت لە فاكتەرە سیاســییەكان لە عێراقدا، بەڵام دڵنیانیم ئایا هەمان ئاســتی ئەو هێز و دەسەڵاتەی دەبێت كە لە سەرەتای شەڕەكەدا هەیبوو.

**• لەم دواییە جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆكی ئەمەریكا داوای لە مالیكی كرد كێشە ناوخۆییەكانی عێراق چارەسەربكات، بەڵام مالیكی ئەم داواكارییەی بە دەستێوەردان لە كاروباری ناوخۆیی لێكدایەوە، پرســیارەكە ئەوەیە بۆچی مالیكی نایەوێت پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەركەوتوویێت؟**

- رەنگە مالیكی پتر پشــت ئەســتورتر بوویێت بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان و خۆی لە پێگەیەكی باشتردا ببینێت و زیاتر هەستیار بێت لە ئاست لێدوانەكانی بەرپرســەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەربارەی چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوە و چارەسەركردنی كێشــە ناوخۆییەكانی وڵاتەكە، رەنگە مەســەلەكە ئەوەنەبێت كە خوازیاری ئەوەنییە مەســەلە سیاسییەكان چارەسەربكات، یاخود دەسەڵات خراپ بەكاربهێنێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوەنییە كە نابێت چاودێری رەفتارەكانی بكرێت یاخود نابێت نیگەران بین لەم رووەوە، بەڵكو مەبەستی من ئەوەیە بە حەزەری بین و ووردبین لە لێكدانەوە و دەرئەنجامەكانمان لەم رووەوە.

**• بــەڵام هەڵبژاردنەكانی عێراق ئاماژەبوون بەو راســتییەی كە هەڵبژاردن دیموكراســی دروســت ناكات، لەبەر ئــەوەی بوو بە ئامرازێك بۆ شەرعییەتدان بە مەركەزییەت و دیكتاتۆرییەت؟**

- دەبێت لەم رووەوە بە حەزەر بین، عێراقییەكان رێگاچارەی زۆریان لە بەردەمدا بوو، كەسایەتی و لایەنگەلێكی زۆر لە ئارادابوون كە پتر مەیلی ناوچەگەرێتییان هەبوو، بەڵام زۆرینەی عێراقییەكان دەنگیان لە دژی ئەم لایەنانەدا، واتە ســەرەڕای پێشێلكارییەكی سنوودار، زۆرینەی عێراقییەكان دەنگییان بۆ ئەو ئاراستەیە دا كە لەگەڵ پێكهێنانی حكومەتێكی مەركەزیدا بوون، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت كە عێراقییەكان لەگەڵ گەڕاندنەوەی حكومەتێكی مەركەزین كە بە زەبری ئاگر و ئاسن حكومڕانێتی بكات. رەنگە ئەگەر لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا خزمەتگوزارییەكانی ئاو كارەبا دابین بكرێن و ئاســتی ژیــان و گوزەرانی هاوڵاتییان بە شــێوەیەكی بەرچاو بەرزببێتەوە، ئەوا پاڵێوراوی جیاواز ببینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە سەلماندنی ئەو بانگەشەیە نییە كە عێراقییەكان خوازیاری گەڕاندنەوەی حكومەت و دەســەڵاتێكی مەركەزیــن كە بــە شــێوەیەكی نادیموكراتی رەفتــار بكات. هەروەها ئەگەر لــە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان لە پارێزگاكانی باشــور بڕوانین، ئەو راســتییە بەدی دەكەین كە ئەو پارتانەی پەرەیان بە ناوچەگەرێتی دەدا و پتر هەوڵی ســەپاندنی یاســا ئیسلامیەكانیان دەدا، دەنگێكی كەمتریان بەدەستهێنا، بە هەمان شێوە لە پارێزگای ئەنباردا كە زۆرینە سوننەیە تێدایە و بە هۆی بەشــدارینەكردنییان لە هەڵبژاردنەكانی پێشودا، پەراوێز كرابوون، توانییان نوێنەرایەتییەكی زیاتر بەدەســت بهێنن لە ئەنجوومەنی



**ئەگەر لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان لە پارێزگاكانی باشور بڕوانین، ئەو راستییە بەدی دەكەین كە ئەو پارتانەی پەرەیان بە ناوچەگەرێتی دەدا و پتر هەوڵی سەپاندنی یاسا ئیسلامیەكانیان دەدا، دەنگێكی كەمتریان بەدەستهێنا**

ئەو پارێزگایەدا و تا رادەیەك هاوسەنگییەكە راست بكەنەوە.

***مێـژووی خوێناوی عێراق ئەو راستییەی سـەلماندووە كە تاكـڕەوی و حوكمـی كەمینە هـۆكاری ئێش و ئازارەكانی عێراقییەكانـن. حاڵی حازر، د.مالیكـی و حزبی دەعوە هەوڵی ئەوە دەدەن عێـراق لەلایەن كەمینەییەكـەوە حوكمڕانی بكرێت و خوازیـاری گەڕاندنەوەی حكومەتێكـی مەركەزی بەهێز و پێشێلكردنی دەستور دەكەن، بە پێی بیروبۆچوونی ئێوە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك دەبێتەهـۆی دووبارەكردنەوەی مێژووی خوێناوی كودەتا سەربازییەكان لە عێراقدا؟**

- ئەوە راستـە كە ئەگەر لە رووی ژمارەوە لە ئەندامانی پارتی دەعوە بڕوانین، ئەوا حزبی دەعوە حزبێكی كەمینەیە، ئەگەرچی شـیعەكان زۆرینەی عێراق پێكدەهێنن ئەگەر لە گۆشەنگایەكی تائیفیـەوە بڕوانین، بەڵام هەر ئەمەش لـە بنەڕەتدا بووە هۆی ئەوەی مالیكی بۆ پۆسـتی سەرۆك وەزیران دەستنیشان بكرێت، لەبەر ئەوەی لێكدانەوەكە لەو كاتەدا بەو شـێوەیەبوو كە مالیكی لە حزبێكی بچووكە و ئەگەر لە ئەدای ئەم كەسایەتییە نارازیبین دەتوانین بە ئاسانی دەسـتی پێ لە كاربكێشینەوە، نەك كەسێك لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسـلامی یان رەوتی سـەدر كە دەبوونە سەرۆك وەزیرانێكی زۆر بەهێز و دەسەڵاتدار. بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد بە پێی راپرسـییەكان و بە پێی دەرئەنجامەكانی ئەم هەڵبژاردنـەی دواییە، عێراقییەكان خوازیاری گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی مەركەزین، بەڵام نەك دەسەڵاتێك بە دەستێكی ئاسنین حكومڕانێتی بكات و كوردەكان لەم رووەوە مافی خۆیانە نیگەران بـن و چاودێری بارودۆخەكە بكەن، بەڵام من پێم وانییە ئەمە بە شێوەیەكی حەتمی سەردەكێشێت بۆ سـەرهەڵدانی دەسەڵاتێكی شمولی و تاكڕەوی بە چەشنی سەددام.

***هەرێمی كوردسـتان بەشێكی سـەقامگیرە لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوكمی دیكتاتۆری ئەوا دەسـەڵاتە مەحەلییەكان كە لە دەستووردا دانیان پێدانراوە دووچاری مەترسی دەبنەوە. پرسیارەكە ئەوەیە لە كاتێكدا كورد نایەوێت دەستكەوتەكانی لەدەسـت بدات و عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوكمی دیكتاتۆری، ئایا چۆن دەكرێت هاوپەیمانێتییەكان لە عێراقدا پێكبهێنرێن؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەكەن تەواو راسـت و دروستە، هێشتا



كێشـەگەلێكی چارەسـەرنەكراو لە عێراقدا هـەن و چاوەڕێ یەكلاكردنەوە دەكـەن، بە تایبەتی ئـەوەی پەیوەندی هەیە بەو ناوچانەی كێشـە و ناكۆكییان لە سـەرە لە نێـوان حكومەتی مەركەزی و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، كە چەند بەشێكی پارێزگای موسڵ و دیالە و خودی پارێزگای كەركوك دەگرێتەوە و دەبێت ئەم كێشـانە چارەسـەربكرێن و ناكرێـت بە بەردەوامی دوابخرێن، لەبەر ئەوەی سـەركەوتنی عێراقێكی سەرقامگیر تا رادەیەك زۆر دەوەستێتەسـەر چۆنییەتی چارەسـەركردنی ئەم كێشـانە. من پێم وایە لەم رووەوە نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان، سـتیڤن دی مسـتۆرا لەم رووەوە كارێكی باشـی ئەنجام داوە لەوەی توانیوویەتی لایەنە ناكۆكییـەكان پێكەوە كۆبكاتەوە بۆ گفتوگۆكردن لەسـەر ئەم كێشانە و كردنی نەتەوە یەكگرتووەكان بە گەمەكارێكی گرنگ لەم مەسـەلەیەدا، بەڵام ئایا تا چەند هەوڵ و كۆششەكان سەركەوتوو دەبن، ئەوا دەبێت چاوەڕێی بكەین و دەرئەنجامەكەی ببینین.

*** لە حاڵەتی سـەرهەڵدانەوەی دیكتاتۆرییـەت و توندوتیژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لەم وڵاتەدا، ئایا ئەمە نابێتە مایەی كارەسـات لەسەر پێگەی ئەمەریكا لە جیهاندا، هەروەك ئەوەی لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە بەدیمان كرد؟**

- ئەمە یەكێكە لە كێشـە گەورەكان و داڕێژەرانی سیاسـەتی ئەمەریـكای سـەرقاڵكردووە كە ئایا لە حاڵەتی كشـاندنەوەی ژمارەیەكی گەورەی هێزەكاندا چ بارودۆخێك دروسـت دەبێت لە عێراقـدا، بـۆ نموونە باس لەوە دەكرێت كـە تەنها ٣٠,٠٠٠ بۆ ٤٠,٠٠٠ سەربازی ئەمەریكی پاشەكشەیان پێبكرێت و یەكێكی وەك جەنەراڵ ئۆدیرنۆ پێی باشـترە تا ساڵی ٢٠١٤ ئەو هێزانەی ئەمەریكا لە عێراقدا بمێننەوە كە ئەركیان شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی سـەربازی نییە، بەڵكو مەشـقپێكردن و دابینكردنی پشتیوانی لۆجیستییە. من پێم وایە توانا و ئەدای هێزە ئەمنییەكانی عێراق بە شـێوەیەكی بەرچاو پەرەیان سـەندووە، بەڵام كەس دڵنیانییە رەوتی رووداوەكان بە چ ئاراسـتەیەكدا دەڕوات، ئەگەرچی من لـەو باوەڕەدانیم كە بارودۆخەكە بە چەشـنی سـاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ئاڵۆزبێت، بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بەرەو خراپبوون بچێت و ئەوە سروشـتی هەر كشانەوەیەكە كە ناتوانرێت پێشبینی بكرێت دواتر چی روودەدات، بـەڵام دەبێت كاربكرێت بۆ ئەوەی حكومەتی عێراقی بتوانێت بە شێوەیەكی یاسا و نیزام بسەپێنرێت كە نەبێتەهۆی جۆشدان و قوڵكردنەوەی توندوتیژی.

*** دوا وتەت چیە؟**

مـن پێم وایە ئەو هەڵبژاردنانەی لـە چواردە پارێزگای عێراقدا روویاندا، لە بەشـێكی زۆریـدا هەڵبژاردنێكی ئازاد و عادیلانە بوون و هەنگاوێك بوون بە ئاراسـتەی راست و دروستدا. راستە زۆر كـەس لە ئەمەریكا پتر نیگەران و سـەرقاڵن بە بارودۆخی ئەفغانسـتان و پاكسـتانەوە، بەڵام هێشـتا دەبێت پشتیوانی لە حكومەتی عێراق بكرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئەو وڵاتە و من دڵنیام كە زۆرێك لە سیاسـەتمەدارانی ئەمەریكا هۆشیاران بەم كێشانە كە تەنها كێشـەی كەركوك و ناوچە كوردییەكان لە خۆناگرێت و چەندین گیروگرفتی دیكەش لە ئارادان.

**عێراقییەكان خوازیاری گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی مەركەزین، بەڵام نەک دەسەڵاتێک بە دەستێکی ئاسنین حکومڕانێتی بکات و کوردەکان لەم رووەوە مافی خۆیانە نیگەران بن و چاودێری بارودۆخەکە بکەن**

# ئاشتەوایی لە نێوان نیشتمانی و نانیشتمانێتی دا



سامی شۆرش

ماوەیەکە، بە تایبەتی لە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری ئەلمالیکی، خۆی خستۆتە ناو پرۆسەیەکی گەرم بۆ درێژە دان و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە عێراقدا. دیارە، پێش چەند هەفتەیەك جۆ بایدن – ی جێگری سەرۆکی ئەمریکی رایگەیاند کە واشنتۆن لەمەودوا فشاری زۆر بۆ سەر بەغدا دەبات تا کۆمەڵێك چاکسازی لە بواری پرۆسەی سیاسیدا پێ جێبەجێ بکات. بێگومان یەك لە مەبەستەکانی بایدن ئەوە بوو کە ئەلمالیکی پێویستە تاوێکی تازە بخاتەوە بەر پرۆسە کۆنەکەی ئاشتەوایی نیشتمانی.

ئەوەی راستی بێت، سەرۆك وەزیرانی عێراق کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ناوچە شیعە نشینەکان بە دەستهێنابوو، وەڵامێکی توندی بایدنی دایەوەو رایگەیاند کە سەردەمی فشارهێنان بۆ سەر بەغدا بەسەر چووە بەڵام لە پراکتیکدا هەر زوو قبوڵی فشارەکەی بایدن – ی کردو کەوتە جموجوڵێکی واوە، گوایە، بە راستی دەستی داوەتەوە ئاشتەوایی نیشتمانی لەگەڵ پێکهاتەی سوننەی عەرەب. هەر پابەند بەو مەسەلەیە، وای نیشان دا، گوایە ئاشتەوایی نیشتمانی، تەنیا پێکهاتەی سوننەی عەرەب لە عێراق دەگرێتەوەو بەس بۆیە هەر زوو رووی لە چەند لایەنێکی ئەو پێکهاتەیە کردو و کەوتە هەڵهێنانی چەند هەنگاوێك تا وای نیشان بدات ئیتر بە راستی دەیەوێت لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە بگێڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی.

دیارە، بەر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەستی دابووە سیاسەتی خۆ نزیك کردنەوە لە چەند ناوەندێکی سوننەی عەرەب بە تایبەتی لە شاری موسڵ و روومادی. هۆیە سەرەکییەکەی ئەو خۆ نزیك کردنەوەیە ئەوە بوو زۆرترین خەڵك و لایەنی سیاسی لە دژی کورد لە عێراقدا کۆ بکاتەوە. یەك لەو ناوەندانە پاشماوەکانی بەعس بوو لە موسڵ. هەروەها ناوەندێکی دیکە چەند سەرۆك عەشیرەتێکی عەرەبی نەتەوەپەرست بوو لە رومادی و دەوروبەری کە پێشتر ئەنجومەنەکانی ئیسنادی لێ دروست کرد بوون. دواتر توانی جۆرە هاوپەیمانێتیەکی توند لەگەڵ ئەو ناوەندانە دروست بکات و لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان زۆر یارمەتیان بدات. ئەوە بوو دەستی دایە خۆ نزیك کردنەوە لە ئەفسەرە کۆنەکانی سوپای پێشووی عێراق. وەك مەعلوومە ئەو ئەفسەرە گەورانە زۆربەیان خەڵکی موسڵن و زۆربەشیان بەعسی کۆنن و بگرە زۆر نزیکیش بوون لە سەرۆکی پێشووی رژێم سەدام حوسێن و لە زۆربەی سیاسەتە خوێناویەکانییدا بەشداریەکی گەرمیان کردووە. لەو پاشماوانە لە موسڵ، ئوسامە ئەلنوجەیفی و براکەی ئەسیل ئەلنوجەیفی دوو کەسی دیارن و لەو ماوەیەدا یارمەتییەکی زۆری ئەلمالکیان داوە تا بتوانێت خۆی بگەیەنێتە ئەفسەرە کۆنەکان و پردی پەیوەندی و گفتوگۆیان لە نێوان دروست بکات.

ئەلمالیکی، یەك لەو سیاسەتمەدارانەی حزبی ئەلدەعوەی ئیسلامی (شیعە)یە کە هەمیشە رۆڵێکی توندی هەبووە لە دنە پێدانی گیانی مەزهەبگەرایەتی لە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقیدا بە تایبەتی لە ساڵانەی پێشوودا. بەڵام بە هۆی ئەوەی لە ناو حزبی ئەلدەعوە بووە، بێجگە لە فاکتەری مەزهەبگەرایی، خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستیش بووە. بۆیە، کاتێك گەیشتە سەر حوکم، هەر زوو دەستی بە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دوو فاقی کرد:

یەکەم، چۆن درزو کەلێن لە نێوان کوردو سوننەی عەرەب دروست بکات، یان ئەو درزو کەلێنانەی کە هەیە چۆن قووڵتریان بکاتەوەو چۆن هەر دوو پێکهاتەکە تووشی شەڕو ناکۆکی و روو بە روو بوونەوە بکات و لاوازیان بکات.

دووەم، چۆن رێگە لە کورد و تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی بگرێت و هەوڵی لاوازکردنی رۆڵی کورد لە عێراق بدات و ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان بە یەکجارەکی دابب‌ڕێت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە دوو فاقییە، دیارە سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەوەی هەڵبژارد هاوپەیمانێتیەکی ناراگەیاندراو لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس دابمەزرێنێت. ئەوە بوو هەر زوو لەگەڵ ئەو پاشماوانە، بە تایبەتی لەگەڵ ئوسامە ئەلنوجەیفی پەیوەندیەکی زۆر گەرمی دروست کرد. تەنانەت لەو سەردەمەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە پەرلەمان مشت و مڕی لە بارەوە دەکرا هاوکاریەکی بەرچاو کەوتە نێوان حزبی دەعوەو پاشماوەکانی بەعس لە نەینەواو چەند عەشیرەتێکی عەرەبی لە رومادی. لەو سەردەمەدا، نەخشەکەیان بۆ ئەوە بوو یەکە سەربازیە کوردەکان لە کەرکوك و موسڵ و خانەقین و قەرەتەپەو ناوچە داربڕاوەکان وەدەربنێن و ئیتر زەمینە خۆش بکەن بۆ کوشتنی ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق.

راستە، کورد لەو سەردەمەدا ئەم نەخشەو پیلانە رەشەی لە گۆڕ نا. بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق لە هەوڵ و تەقەللاکانی

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

نەكەوت. دواتر كێشـــەی خانەقین و قەرەتەپە و دامەزراندنی ئەنجومەنەكانی ئیســـنادی هێنایە پێشـــەوە. لێرەش هیچی ئەوتۆی پێنەكرا. ئەوە بوو لە موسڵ جۆرە هاوپەیمانێتیێكەی لەگەڵ ئەلنوجەیفی بەوە شـــكایەوە لیستی ئەلحەدبا دروست بكرێت و بە هۆی ئەو پشـــتگیریە لیستەكە دەنگێكی زۆری لە موســـڵ هێنا. لە لایەكی دیكە، بە هاوكاری ئەلنوجەیفی توانی لەگەڵ ئەفسەرانی كۆنە بەعسیش نێوانی خۆی خۆش بكات و بیانگێڕێتەوە ریزی حكومەتی عێراق. دیارە مەبەست لەو هەنگاوە ئەوەیە كە ئەم ئەفسەرانە لە ناوچەكانی موسڵ و كەركوك و قەرەتەپەو ناوچە دابڕاوەكانی دیكە بڵاو بكاتەوە تا ئیتر هەر كێشەیەك لەگەڵ كورد لەو ناوچانە هاتە پێشەوە، ئەم ئەفســـەرانە روو بە رووی ببنەوە. ئەلمالیكی پێی وایە، ئەم ئەفســـەرانە ئەوەندە رەگەزپەرســـت و دڵ پڕ لە قینن لە كورد كە بە هیچ شـــێوەیەك ناتوانن بە ئاشـــتەوایی لەگەڵ كورد بژیێن و كار بكەن و لە ئەنجامیشـــدا تووشی شەڕ دێن و لەگەڵ خۆیشیان پێكهاتەی سوننەی عەرەب تووشی شەڕ دەكەن لەگەڵ كورد.

ئـــەوەی جێگەی ســـەرنجە، ئەلمالیكـــی دەیەوێت چەند چۆلەكەیەك بە یەك بەرد بكوژێت: لە لایەك، شەڕی كورد بە سوننەی عەرەب بكات. لە لایەكی دیكە، بە هۆی پاشماوەی بەعســـەوە نفووزی حزبی ئیســـلامی عێراقی لە موســـڵ و رومادی كەم بكاتەوە، چونكە ئەم حزبە لە رووی مەزهەبییەوە لە بەرامبەر نفووزی شـــیعەی سیاســـی رادەوەستێت. دواتر، كە پاشـــماوەكانی بەعس رۆڵی خۆیان لـــە بەرامبەر كوردو ئیســـلامی ســـوننە تەواو كرد ئیتر پشـــت لەوانیش بكات و بـــێ هێزیان بكات و لە ناویان بەرێـــت. دواتریش دەوڵەتێكی شیعەگەرایی بە ویستی خۆی لە عێراق دابمەزرێنێت. ئەوەی راســـتی بێت، هەتا رادەیەكی زۆر لە هەڵبژاردنی پارێزگاكان توانی دەســـەڵاتی حزبی ئیسلامی لە رومادی و موسڵ كەم بكاتەوە.

لای سێیەمی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە كە هاوپەیمانێتیەكە دوو شتی دیكەیشی تێدایە: **یەكەم،** پێكهاتنەوەكە، تەنیا ئەفسەرو پاشماوە سیاسیەكانی بەعسی گرتۆتەوە نەك هەموو پێكهاتەی ســـوننەی عەرەب بە هەموو هێزە سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیریەكانیەوە. نموونەش لەم بوارەدا ئەوەیە كە سەرۆكی وەزیران و حزبی دەعوە دەیان گیروگرفتیان هێنایە پێشـــەوە تا رێگە لە حزبی ئیســـلامی و بەرەی تەوافوق بگرن و نەهێڵن بگەنە پۆستی سەرۆكی پەرلەمان لە دوای خانەنشین بوونی مەحموود ئەلمەشهەدانی.

**دووەم،** هاوپەیمانێتیكە تەنیا لەو شوێن و پارێزگاو ناوچانەدا بەرجەستەیە كە كوردی لێیە وەك موسڵ و خانەقین و قەرەتەپەو جەلەولا، یان حزبی ئیســـلامی و بەرەی تەوافوقی لێیە وەك رومادی و موســـڵ. لە شوێنێكی وەكو بەغدا كە ناوەندێكی كاریگەری پێكهاتەی سوننەی عەرەبە هەست بە هیچ جۆرە ئاشتەوابیەك ناكرێت، بگرە رێگەیشی لێ دەگیرێت.

**ســـێیەم،** هاوپەیمانێتیكە تا ئێســـتا خۆی تەنیا لە بواری ئەمنی و ســـەربازیدا دەنوێنێت و نەگەیشتۆتە رادوەی ئەوەی كە مانای بوژاندنەوەی ناوچەكانی سوننەی عەرەب بگرێتەوە، یان رۆڵی ئەو پێكهاتەیە لە بواری سیاسی و ئابووریدا قووڵ بكاتەوە. دیارە، ئەلمالیكی تەنیا لە بواری ئەمنی و سەربازی پێویســـتی بە پاشماوەكانی بەعس هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئـــەو لایەنانەی بە نەیـــاری خۆی لە قەڵەمیـــان دەدات بە تایبەتی كورد.

بێگومـــان، ئـــەو تێوەگلانـــەی پاشـــماوەكانی بەعس و چەند عەشـــیرەتێكی عەرەب و هەندێك ناوەندی سیاســـیی نەتەوەپەرســـتی عەرەبی عێراقی لە گەمـــە خەتەرناكەكەی ئەلمالیكی، پەشـــیمانی و دەست سووتانێكی زۆری بە دواوە دەبێت، چونكە فێڵێكی گەورەیان لێ دەكرێت لە ژێر پەردەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا.

## هۆی هەڵخەڵەتانی ئەو ناوەندانە بە پڕۆسەكەی ئەلمالیكی چەند شتێكە:

یەكەم، بیروباوەڕە رەگەزپەرستیەكەیان كە هەر لە سەردەمی پێشـــووەوە بۆیان ماوەتـــەوە. دووەم، ئەو باس و خواســـانەی ئەلمالیكی دەیـــكات لە بارەی لاواز كردنـــی هەرێمەكان و دامەزراندنی دەوڵەتێكی بەهێزی ناوەندی. سێیەم، ئەو گزیە ئاشكرایەی حزبی دەعوە لەو ناوەندانەی دەكات بە تایبەتی لە بواری ئەوەی كە لەم دوو سێ ساڵەی فەرمانڕەوایی خۆیدا، ئیتر ئەلمالیكی تا رادەیەكی زۆر گۆڕاوەو دروشـــمە ئاینی و مەزهەبیەكانی خۆی كاڵ كردۆتەوەو ئیشـــارەتی ئەوە دەدات گوایـــە ئیتر بایەخ بە گیانی نیشـــتمانی و نەتەوەیی عێراق دەدات.

هەر چییەك بێت هۆی هەڵخەڵەتانیان ئەم ناوەندانە كارێكی خراپ دەكەن. بێگومان باشە سوننەو شیعەی عێراق تەبا بن و هاوكار بن و لە چوارچێوەی ئاشتەواییەكی راستەقینەدا یەك خواســـت و یەك پێناسە بن. بەڵام، ئەوەی ئەلمالیكی دەیكات نە خزمەتی سوننەیەو نە خزمەتی شیعە. ئەو نەخشەیەی لە لایەن ئەلمالكیەوە بە پڕۆســـەی ئاشتەوایی لە قەڵەم دەدرێت، لە راستی دا مەبەستە ســـەرەكییەكەی لێك ترازاندن و لەبار یەك بردنی ئاشتەواییەو وردوخاشكردنی پێناسەی نیشتمانییە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمریكییەكان باوەڕ بەم گەمەیەی ئەلمالیكی دەكەن و پێیان وا دەبێت كە ئەم گەمەیە بە راستی ئاشتەوایی نیشـــتمانییە؟ ئایا ئەم گەمەیە، عێراقێكی هێمن و سەقامگیرو دیموكراسی پێ دادەمەزرێت؟ یان عێراق بەرەو دوارۆژێكی ئاڵۆز و ناكۆك و ناخۆش دەبات؟

ئەمریكا دەڵێت: فشـــار بۆ بەغدا دەبەین بۆ چاكســـازی سیاسی. باشە ئێســـتا كاتی ئەو چاكسازیەیە بە تایبەتی لە بواری ئاشتەوایی نیشتمانیدا. ئێستا لە هەموو كاتێكی دیكە زۆرتر پێویســـتە لە بواری هاوكاری كردنی سیاســـی عێراق بێنە پێشەوەو نەهێڵن ئەلمالیكی لەسەر ئەو گەمە ترسناكەی بەردەوام بێت.

●●●

**ئەلمالیكی، یەك لەو سیاسەتمەدارانەی حزبی ئەلدەعوەی ئیسلامی (شیعە)یە كە بێجگە لە فاكتەری مەزهەبگەرایی، خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستیش بووە**

●●●

●●●

**هاوكاریەكی بەرچاو كەوتە نێوان حزبی دەعوەو پاشماوەكانی بەعس لە نەینەواو چەند عەشیرەتێكی عەرەبی لە رومادی. لەو سەردەمەدا، نەخشەكەیان بۆ ئەوە بوو یەكە سەربازیە كوردەكان لە كەركوك و موسڵ و خانەقین و قەرەتەپەو ناوچە دابڕاوەكان وەدەربنێن و ئیتر زەمینە خۆش بكەن بۆ كوشتنی ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق**

●●●